# تۆ دەریامی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

عەزیز شاڕوخ

# تۆ دەریامی

## بەسەرهات و گۆرانی



کتێب: تۆ دەریامی – بەسەرهات و گۆرانی
نووسینی: عەزیز شاڕوخ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٣١
دەرهێنانی هونەری ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٥١٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## پێشەکی

یوسف ئەحمەد

شاعیر، نووسەر، هونەرمەند... مرۆڤێکە لەناو کۆمەڵ، کۆمەڵێکە بۆ مرۆڤ و نوێنەرێکە بۆ کۆمەڵ.

خوێنەری بەرێز

بەرلەوەی، دەست بەخوێندنەوەی ئەم نووسراوەیە بکەی زەبتەکەت بێنە گۆڕێ و شریتی شارۆخی باوێ سەرێ و، بەئاهەنگی «تۆ دەریامی»، «هەی مانگ»، «ڕازی تەنیایی» و «دارێک» ئەسپی خەیاڵت بەئاژوێ و هێدی، هێدی بخوێنەوە کە:

ناساندنی هونەرمەندێک، بە گەلێک کە لەمێژساڵە نێوچاوانی بۆتە ڕێگا و، شەبکە و قوببەی تێکشکاوی زاڵمەکانی لەسەر دیارە گەلێک سەختە و زۆر دژوارە.

***

مۆسیقا لەمێژساڵە وەک گەلانی تر لەناو کوردانیش باوە و هەستیان دەجووڵێنێ، بەبیستنی مێشک زاخاو و دەم خونچە دەپشکوێنێ.

لە کۆنەوە، ئەو سەردەمەی ئاهەنگ و مۆسیقا بەتەواوی نەناسرابوو و هەوایێک لە کۆنسێرت و سەمفۆنی و ئۆپێرا نەبوو، شوانەوێڵەکەی کوردی دوێ، لەبەندەنان، لەزار گەلێ ئەشکەوتان، لەسەر دوندی چیاکان بەشمشاڵە بەسۆزەکەی گیانی وەبەر بێ گیان دێنا و سروە دەهات ئامێزی پێ دادەگرت و بەرەو ئاوایی دەهێنا.

دەمەو ئێوارە کە کاکی شوان، مێگەلەکەی بەرەو ئاوایی دادەگەڕاند بەنارە نار، بەدڵێکی لێوڕێژ لە پاکی و سۆز و هەست، لە شمشاڵەکەی دەتووڕاند. پۆلی بێری ملوانکەشین، کوڕی لاوی دڵ پڕ ئەوین، بەتکا و ڕجا داوایان لە شوانە دەکرد هەتا بلوێریان بۆ بژەنی. بەئاهەنگی سیحراوی شمشاڵەکەی ماڵ لەبەندەن، لەسەر لێوان خۆی دەنواند ئەوەی شیرینە خەندەن. کوڕی ڕەشبەڵەکیان دەبەست هەتا ئاخ و ئۆفیان لێ دەبڕا. جا ئەمجارە، سەرخۆش و دڵپاک، لە مەرگ بێ باک بەرەو گوندیان دەگەڕانەوە، وەک شۆڕەبی و داری کاژبوون، بەدەم باوە دەشنانەوە. گۆرانیش لەمێژ ساڵە، لەناوماندا باوە و وێردی زاری کوڕ و کاڵە، لە مێژ ساڵە لە وڵاتەکەی چوار کەرتمانا زوڵاڵ دەنگی ....... لەدڵ، بەبەژن و باڵای پەیکەری داپڵۆخاوی وڵاتەکەیان هەڵدەڵێن.



بەیت بێژە دەنگ خۆشەکان کارەساتە مێژووییەکانی وڵاتە خۆشەویست و زۆر لێکراوەکەیان زار بەزار و، بەرە بەرە هەتاکو ئەورۆ هێناوە و زۆر کوڕ و مەجلیسی پێ خۆش کراون.

ئەو سەردەمەی خوێندن و نووسین نەبوو، لە کەرەسەی تۆمارکردن خەبەرێک نەبوو. دەنگ خۆشە بێ هاوتاکانی کوردی وەک:

١- عەلی بەردەشانی

٢- خرنال

٣- هەلکەتی

٤- ڕەحمان بەکر

٥- کاوێس ئاغا

٦- حەمەدی بەیتان

٧- حوسێن شەشە

٨- حەمەد ئاغای و...

کارەساتە مێژووییەکانی کوردیان لە لەبیرچوونەوە ڕزگارکرد و هەتا ئەورۆیان هێنا و، بەباڵای فەرهەنگ و ئەدەبمان بڕا.

***

### شارۆخ کێیە؟

کوردستان ئەو زێدە خۆشەویست و........، مەڵبەندی لاوانی شۆڕەسوار و کیژۆڵانی بەلەنجەولار، باوەشی گەرمی لە کۆرپەلەیەک وەرێنا، چاوی گەشانەوە و بەشادی ئەم کۆرپەلە ساوایە بە شنەی نەسیمەوە گوڵەکانی لەرانەوە.

کۆرپەلەکە لە کونجی ماڵ، مەلۆتکە کرا و سەر و سەکوتی بەکۆچکە داپێچرا. کەوتە دارە، پێی هەڵگرت و زمانی پشکوت. حەوت ساڵان بوو ناردرایە پۆلی ساوایان بۆ خوێندن و نووسین بەکوردی، ئاخر ترسێک نەبوو، سەردەمی کۆمارە جوانەمەرگەکەی مەهاباد بوو.

قوتابی ساوا و کۆماری ساوا، بەیەکەوە دەرکران. مناڵەکە بەهۆی ئازاری «ئاورە» و کۆمارەکەش بەدەس ئەو زاڵمەی کە سەر تا بەخواری ئاورە.

دیسانەوە گەڕایەوە قوتابخانە، ئەمجارەیان بەفارسی دەنووسی. وشەی «هەست» کە بەکوردی لەناو دڵیا نەخشی دەبەست، ترس و خۆف بە«احساس»ی دێنایە سەر قاقەز و دەنووسرا.

ئازاری چێشت، قۆڵ بەست کرا، لەزێد و خاکی دەرکرا. نەداری و برسێتی و دەستەوستانی دیاری هونەر و هەستە خاوێنەکەی بوون و تەئسیریان کردە سەر دڵ و دەروونی و تێکەڵاوی مێشک و خوێنی بوون. ئەم ئازار و دەرد و ژانە بوون بەئاگردانێک و پۆڵایەکی تێدا سوور بۆوە کە بەغەیری خزمەت بەگەل بەهیچ شتێکی سارد نەدەبۆوە.

لە منالییەوە، دەنگێکی بەسۆز و ئاسمانی، تەئسیری دەکردە سەر و بەبیستنی کوڵ و کۆی دادەمرکا. ئەم دەنگە بەسۆزە کە گشت هەست و بیری بەتاڵان دەبرد، دەنگی ئەو برا جوانەمەرگەی بوو کە ئەجەل مەودای پێ نەدا و کۆچی دوایی کرد.

هەر ئەو برا تاقانەی بوو کە بۆ هەوەڵ جار لەگەڵ دەنگی نەمری سەیید عەلی ئەسغەر کوردستانی ئاشناکرد و لە مێشک و دڵ و گیانیدا جێگیری کرد. گەورەبوو، جار ناجارێ تێی دەچریکاند و هەتوانی دڵە زامدارەکانی دەکرد، تێی دەچریکاند و غەم و پەژارەی لەدڵان لادەبرد.

دەهات کە پەرەوازە بێ و بەرەو سنووری نادیاری هونەر هەڵفڕێ، تەوژمی بایەکی سارد و دڕ ڕەپی چەکی دا و پەرپوە و دوورە وڵاتی کرد و لەگێژاوی خەمدا ونی کرد. بێ خەبەر لەوەی کە خۆی پێ ناساند کە چەند وشک و سارد و سڕە و، بۆ دڕینی دڵی بەهەست وێنەی گورگی دڕە! بەڵێ: ڕژێمی شا ماوەی سێ ساڵان خستیە بەندەوە. کاتێ گەڕاوە، بەسەر ماڵێکی تێکڕماوی بێ باوک و برادا کەوت، دێوەزمەی خەمی لەناو دڵا خەوت.

لە ماڵێکی ئاوها تێکڕماو و لەتەک پیرە دایکێکی دڵ سووتاودا، دەبی چ بکا و چۆن ڕای بوێرێ و پشت بە چ کەسێ بسپێرێ؟

ڕوو لە زۆر کەس دەکا و لە فریای نایەن، جوامێرانە قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و لە ئیشکردن ناپرینگێتەوە و، سەربەرزانە گۆرانی ژیان ئەڵێتەوە.

***



## گۆرانییەکانی شاڕوخ

گۆرانییەکانی شاڕوخ هەڵبژاردەیەکن لە جوانترین گۆرانییەکانی کوردی و شیعرە بەسۆزەکانی شاعیرانی ئەم زێدە خۆشەویستە. شاڕوخ بۆیە لەبەر دڵانە، چونکە:

بۆ نەیار گڕە، بۆ هەتیو سوکناییییە، بۆ وەتەن باوەڕە، بۆ ئەوین شەمە، بۆ شنە گوڵە و بۆ ڕاز دڵە. هونەرمەند لەسەرانسەری گۆرانییەکانیدا یەک پارچە هاوارە، هاواری گەلێکی زامدار. پاش ئازادبوونی لە بەندیخانەی سەربڕەکانی حەمە ڕەزا شادا، تووشی دەستەوستانی دەبێ و داوای یارمەتی لەزۆر کەس دەکا بەڵام لە فریای نایەن، شیعری پیرە هەڵۆتی مامۆستا هەژاری بەمێشک دادێ، کە دەڵێ:

مەرد ئەگەر کاری بەنامەردانە
دەردی سەرباری هەموو دەردانە

ساڵی ئاوارەبوونی بنەماڵەی نەمر بارزانی، سەفەرێک بۆ مەراغە دەکا و لە ئێزگەی قەتاری ئەو شارەدا تووشی ئافرەتێکی لێقەوماوی کوردی ئەو دەبێ کە منالە بچکۆلانە قژ زەردەکەی لەباوەش گرتووە و دەیلاوێنێتەوە و جار ناجارێ ناوچەوانی ڕادەمووسێ و بەچاوانی پڕ ئەشکەوە بەکۆرپەلە ساواکەی هەڵدەڵێ.

ئەم ڕووداوە شوێن دەخاتە سەر بیر و هەستی هونەرمەند و هەستە ناسکەکەی بەشیعری «شەوەزەنگ» دەردەبڕێ و بەجوانترین ئاهەنگ تۆماری دەکا.

شەوە زەنگە، دونیا تاریک و خامۆشە
بەکوڵ دەگریم دڵ دەناڵێ پڕ لە جۆشە
گوێیەک بگرە لە ناڵەی
لە ئاهی سارد و سکاڵای
ئافرەتێکی جوانکیلە
ورد و جوان و نەشمیلە
دەیگوت ئەی بەرخۆڵەی جوانم
هەموو ئاواتی دوارۆژی گشت ژیانم
ئەوا شەو تێدەپەڕێ
تیشکی ڕۆژ دێتە سەرێ
شەو بەیانی بەردەدا
شەونم گوڵان ئاودەدا

پاش گەڕانەوەی لە بەندیخانە و ئاگاداربوون لە مەرگی باوک و براکەی، سەر تا بەپای دەبێتە گڕ و هەست و سۆز. بۆ دەربڕینی سکالای دڵی شکاوی هانا دێنێتە بەر شیعرە بەرزەکەی «ڕازی تەنیایی» مامۆستا ئەحمەد هەردی و، دەنگە زولاڵەکەی تێکەڵاوی مۆسیقا دەکا و کوڵوکۆی پێ دادەمرکێنێ کە دەڵێ:

لە تەنیایی شەوی ژینا دەنێم هەنگاوی کوێرانە
نییە دەستێ دەرم بێنێ لەناو ئەو گۆڕە وێرانە
نییە جوانێ سەری کاسم بنێتە سەر دڵی نەرمی
کە هیلاکی لەشم دەرکا خەوی سەر باوەشی گەرمی
دەگێڕم چاوی بێ تینم بەتاریکی شەوا سەرسام
نییە پرشنگی دووچاوێ کە ڕووناکی بکا ڕێگام

هونەرمەند شاڕوخ، زۆر جاران باس دەکا و دەڵێ: نەمر سوارە، زۆر بەتاسەوە بوو کە ئاهەنگ بۆ یەک لە شیعرەکانی دابنێم و بیبیسێ. تەنانەت زۆرجاران دەیگوت: پێم خۆشە یەکێک لە شیعرەکانم بکەی بەگۆرانی منیش شیعری «تۆ دەریامی» ئەوم کرد بەگۆرانی بەڵام بەداخەوە ئەجەل مۆڵەتی پێ نەدا و هەر ئەو ڕۆژەی کە تۆمارم دەکرد فەوتی کرد. هەر بۆ شادی ڕوحی شاعیری پایە بەرز و نەمری کورد، کاک سوارە، ناوی کتێبەکەشمان ناوە «تۆ دەریامی». تۆ دەریامی هەم شیعرێکی شاکارە و هەم ئاهەنگێکی شاکار.

تۆ دەریامی

تۆ دەریامی
بەڕوانینی دووچاوی شینی بێ بنت
بەخاوێنیت ......... بەئارامیت
تۆ دەریامی،
بەشەپۆلی لەنجە و لارت
بەتووڕەیی جار بەجارت
بەشەنگەژینت ........ بەبەسامیت
تۆ دەشتی ئەوپەڕ نادیاری
بۆ چۆڵ بڕی لەپێ کەوتوو
تاپۆی شاری



تۆ ڕوح سووکی وەک خەونی خۆش ...... وەک هەناسە
جێ ناگری لە توێی شیعرا ....... چەشنی تاسە
تۆ تراوکەی جارێ دیاری ..... گاهێ نادیاری
هیوای بەتینی ڕێبواری
تۆ شۆڕەبی ناو شۆرەکاتێکی گەرمی
لەبەر نیگای تاسەباری ئەویندارە، خۆداپۆشی و
بەلک و پۆی کەزەیی نەرمی

***

هەستکردن بەزوڵم و زۆری بنەماڵەی پەهلەوی دەرحەق بەنەتەوەکەی دەیکا بەگڕ و زیاتر بەرەو هونەری ڕەسەن جۆشی دەدا.

سوبح پێ ناکەنێ تا بێ نەوایێ شەو بەدڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ تا بولبولی سوبحێ بەکوڵ نەگری
بەری نابێ درەختی باغی عالەم، تا هەموو وەک یەک
بەیەک سۆز و بەیەک شۆر و بەیەک دەم چڵ بەچڵ نەگری

***

«تەرمی کۆرپەگیان» ئەو شیعرە بەرز و پاراوەیە کە هەست و مێشکی دەهاژێنی و پڕ بەگەرووی تێی دەچریکێنێ و دەڵێ:

ئەوا تەرمی کۆرپەی گیانم دەڵێی تاڵی زەردەپەڕە
وردە وردە ئەتوێتەوە، وەک ڕێبواری دەربەدەرە
وا دەکێشێ بەسەر خۆیا باری غەم و بەسەرهاتی
بەئەندێشەی تەڕی ئەشکی دەپێوێ کاتی نەهاتی
بۆچ هەڵنەگرێ سەری کاسی کە بۆ ئەو سەرا بەئاوات
گوڵی خونچەی نەپشکووتووی بەگەردەلوولی... هەڵات
ڕێبازی ئەو بەرز و نزمی زۆر زەحمەتکێش و بەندەنە
کۆششی تەمەنی دووری وەک خەرمانی بەدەم شەنە

دەگاتە سەردەمی پیری و بەشیعری «زەمانە پیری کردم» سکالای دەروونی لەگەردوونی بێ وەفا دەردەبڕێ و دەڵێ:

زەمانە، زەمانە، پیری کردم
ئاوارەی کەژ و کۆساری کردم
کاروانی خەم لە دڵم بارگەی لێ خست
پەیمانی دڵداری لەگەڵ دڵ بەست
بێ پەسیو و بێ قەرار، دڵ بەژانم
ڕەنج خەسار و پەسار لێو بەبارم
وەکو شوانی هەژار حەق نادیارم
وەک ڕێبواری غەریب دوور لە دیارم

منداڵ بووم، سەرەدەرم لە ئاهەنگ و مۆسیقا دەرنەدەکرد جار نەجارێ دەنگی ئەم هونەرمەندە بەڕێزە لەسەر ڕادیۆ مەهاباد و تەنانەت ڕادیۆ بەغداش بڵاودەبۆوە. هەرچەند ئاشنای مۆسیقا و ئاواز نەبووم بەڵام بەدەنگی شاڕوخی هونەرمەند کوڵ و کۆی دەروونم ڕۆ دەمرکا و قالبم سووک دەبوو بەئاواتەوە بووم ڕۆژێ بیبینم و لە نزیکەوە گوێ ڕاگرم بۆ دەنگە زوڵاڵەکەی. واهات گەورەبووم و ڕووم کردە ئەدەبیات و خەریکی شیعر وتن و نووسین بووم، ئەمجارەیان گۆرانییەکانی زۆرتر کاریان دەکردە سەر هەست و مێشکم و بەبیستنی ئاهەنگە شاکارەکانی، کڕنۆشم دەبرد بۆ ئەو هونەرمەندە و، تیژبینی و لێزانی سەبارەت بەهەڵبژاردنی ئەم شیعرە پڕ مانایانەی کە بۆ گۆرانییەکانی هەڵی بژاردوون.

قەتم نەدیبوو، لە مێشکمدا پەیکەرێکم بەبارتەقای دەنگە زوڵاڵەکەی بۆ داتاشیبوو هەتا ئەوەی کە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لەلایەن ئەنجومەنی ئەدەبی مەهابادەوە بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن شەوەشیعرێک بەرپا کرا و لە چەند هونەرمەندیان گێڕابۆوە. بۆ بەشداریکردن لەو کۆڕەدا هونەرمەند شاڕوخیش نێوی لە نێو نێواندابوو.

شەوە شیعرەکە لە سینەما تەربیەتی مەهاباددا بەڕێوەچوو لەبەر زۆری حەشیمەتەکە، دەرزیت هەڵاویشتبا وە هەردی نەدەکەوت. بەڕێوەبەری بەرنامە داوای لە هونەرمەند شاڕوخ کرد کە بێتە پشت میکرۆفۆن و بەرهەمەکەی پێشکەش بکا. چەپڵە گوێی کەڕ دەکرد. لەناو جەماوەری دانیشتوو پیاوێکی چاویلکە لە چاوی کورتە باڵای چوار شانە بەرەو میکرۆفۆن هات و دوای ڕێز و سڵاو بۆ خەڵکەکە، دەنگە زوڵاڵەکەی خەڵکی کپ و بێ دەنگ کرد کە تێی چریکاند و گوتی.



ساقیا وا بادەوە وا بادەوە
ڕوو لە لای من کە بەجامی بادەوە
موشتەری وەک من لەمەیخانەی کەمن
زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن
مەی حەرامە بۆ سەهەند و بێ خەمان
مەستی بێ خەم بۆچی بگرن یەخەمان

کە تەواو بوو، هات و هاوار و چەپڵە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و هونەرمەند بەوپەڕی لەسەرەخۆیی و بێ ئیفادەیییەوە گەڕاوە نێو ئۆگرانی هونەر.

ماوەیەک بەسەرچوو بیر و خەیاڵ مێشکی هەژاندبووم و بیرم لەوە دەکردەوە کە بڵێی بتوانم ڕۆژێک بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە کۆکەمەوە و پێشکەش بەگەلەکەمی بکەم. وا هات... خوارد و بەقەڵەمە کولەکەمەوە هاتمە مەیدانێ و سووربووم لەسەر ئەوەی کە ئەو کارە جێبەجێ بکەم. بەڵام کۆسپی هەرە گەورەم ئەوەبوو کە ئەگەر ئەو مەبەستە بۆ شاڕوخی هونەرمەند باس بکەم بڵێی هاوکاریم بکا؟ بڵێی بەلەخۆباییەوە لە خۆیم دوور نەخاتەوە.

زەمان هات و زەمان ڕابرد، ڕۆژێکی لە نێوان چوار ڕێی ئازادی و سێ ڕێیانی وەفایی تووشی بووم. بەدڵە خورپەوە لێی چوومە پێش و مەبەستەکەم پێ ڕاگەیاند و ئەویش زۆر بەگەرمی لەگەڵم دوا.

دڵم خۆش بوو، شاییم لە دڵیدا دەگەڕا و بیرم لەوە دەکردەوە کە: ئەم مرۆڤە بەبارتەقای هونەرەکەیەوە لە بابەت ئەخلاقیشەوە دەوڵەمەندە هاوکاری کردم و ئاکامی هاوکارییەکەی ئەم کتێبەیە کە لەبەر دەستییان دایە. شاڕوخ بێجگە لە گۆرانی، دەشنووسێ و چەند بەرهەمی لەژێر دەستدان کە لە داهاتوودا ئەگەر تەمەن نەبڕێتەوە و ئەجەل مەودا بدا دەیانبینین.

هەتا بنووسم قەڵەم هاوکاری دەکا، واباشە ئیتر نەنووسم و بخوێنینەوە ژیان و بەسەرهاتی هونەرمەندی خۆشەویست عەزیزی شاڕوخ بەپێنووسی خۆی.

## سەرقەڵەمێک لەمەڕ یادەوەرییەکانم

عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی

ئاشنایەتی ئەگەر لە وشەی نێو فەرهەنگی دوورتر بۆی بڕۆیین، بێگومان گرنگە بزانین لە کوێدا سەرچاوەی گرتووە!! بۆ ئێمە یاخود دیارە بۆ هەموو مرۆڤێ یەکەم ئاشنابوون جێگەی تایبەتی هەیە؟! دەکرێ بڵێین بەرۆژگار و بیرەوەری و ژینگەوەش پابەند دەبێ!! بەو پێیەی ئێمە هەین، ئەوانەش لەنێو ئەو دەفتەرە بچکۆڵەیەی هەین دێتە ئاراوە، سەرەتا لە دوورەوە بەهونەرمەندی دەنگخۆش و ماندوونەناس کاک عەزیز شاروخ ئاشنابووم، هەر لە سەردەمی منداڵیم لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی ناسیم، لە ڕێگای ڕادیۆی کوردی ئێستگەی بەغدا.
هەروەها لە سەردەمی منداڵیم گوێبیستی گۆرانییەکی خۆش بووم، کە (جەلیل ئەمین زێدبەگی) دەیگوت، گۆرانییەکەش (کیژۆڵەی بەناز) بوو، لە ئێزگەی بەغدا، بەرنامەیەک هەبوو بەناوی -ئارەزوومەندان- ئەو بەرنامەیە هەر جارەی لەگەڵ دەنگ خۆشێک، دیداریان ساز دەکرد، بۆ ئەوەی گرنگی بەدەنگ خۆش و بەهرەمەندان بدەن تاکو بچنە گۆڕەپانی هونەر و مۆسیقای کوردی هەروەها بەخەڵکیان بناسێنن، ئیدی یەکێ لەو دەنگ خۆشانە بەر (جەلیل ئەمین) کەوت، منیش تەواو گوێبیستی بەرامەکە بووم کە تیایدا هەندێ گۆرانی گوت، هەرچەندە لەوێدا گۆرانییەکان دەگوترانەوە، بەڵام لەو سەکۆیەدا گوێت لە هونەرمەند و دەنگی تازە دەبوو، کە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و بووە مایەی تێبینی دان گۆرانی (کیژۆڵەی بەناز) بوو، ئەوە لام مایەوە منیش لەو کاتەدا منداڵ بووم، جەلیل زۆر برادەری عەبدولغەفووری برام بوو، ئیدی ڕۆژێک جەلیل هاتە ماڵی ئێمە، منیش پرسیاری ئەو گۆرانییەم لێ کرد، هی کێیە؟!! ئەویش گوتی: ئەو گۆرانییە لە بنەڕەتدا هی مامۆستا حەسەن جەزراوییە، بەڵام عەزیز شاروخ شیعرەکەی گۆڕیوە و زۆر لە مامۆستا حەسەن جەزراوی خۆشتر گوتۆتەوە و زۆر کاریگەری کردۆتە سەر هەستی من و منیش دەستکاری شیعرەکەم کردووە و بەشێوەی عەزیز شاروخم گوتۆتەوە، گوتی دیارە حەزت لەو گۆرانییەیە، هەر بەو بۆنەیەوە کاسێتێکی عەزیز شاروخی پێشکەش کردم کە ئەو گۆرانییەی تێدابوو. منیش زۆر دڵخۆش بووم، لەوێوە ئارەزووی دەنگی شاروخم کرد.
بەو جۆرە دەنگیم ناسی بەڵکو لەوەش ناسیم. مەبەست لەو ئاشنابوونەیە لە جوغزی فەرهەنگی خۆی زیاتر دەکشێ، چونکە گۆرانی بێ هیچ سانسۆر و سنوورێک بەنێو ناخی



مرۆڤ دەکشێ و دەچێتە قووڵاییترین دەریا و تیایدا نرخدار و بەهادارەکان دەدۆزێتەوە کە تا مرۆڤایەتی ماوە لە ڕەنگ و بۆ و سیما و ناواخنی خۆیان ناکەون و ناسڕێنەوە.

بوونی کەڵە هونەرمەندان و پیاوە مەزنەکان بەبەهرە و دۆخیانەوە بەستراوەتەوە، ڕەنگە نەتوانین بچینە زۆر وردەکارییەوە، بەڵام ناتوانین لەوانە بترازێین، هەرچۆنێک بێت ئێمە لەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا کەم جار هەڵکەوتووە، هونەرمەندێ یا گۆرانیبێژێ لە خۆی دوابێت و لەپاڵ بەرهەمەکانی باسی ژیانی خۆی کردبێت، ڕەنگە ئەوە ڕوویدابێت بەهۆی ئەو کەسانەی لە هونەرمەند خۆیەوە نزیکن، بەڵام مەخابن هەموویان ئەوانە قەڵەمی جودا دەینووسنەوە دەکرێ بڵێین کە هەردووکیان واتە هەم بەقەڵەمی هونەرمەند و هەم نزیکانی یاداشت یا بیرەوەری یا سەرگوزشتەیێ هەبێت، ئەوەش مەزنیەتی قەڵەم، مەزنیەتی هونەر دەدوینێ، لەوەشە لە بابەت نووسینەوەی ئەو دێرانەی ژیانی هونەرمەند کاک عەزیز شاروخ ئەوە هەڵدێنجێنین کە ناکرێ بڵێین خەمەکان یەکن؟!! یا ئەوەتا ئێمە دەنگێ بەقەد باڵای ئێوارە، دەنگێ هێندەی هەناسەی بەیانیان، دەنگێ لە خۆرنشین ڕۆح سوکتر دەبیستین، بەڵام لەم دیوە لە پشت پەردەوە دەبێ چ پاڵنەرێک هەبێت، ئەوەش پرسیارێکی هێندە ئاسان نییە؟! بەڵکو لەوەوە گەلێ بیر و وردەکاری چەکەرەی کردووە، خۆ ئەگەر هەر لە خودی هونەرمەندەوە هەندێ دانپیانان بەو جیهانەمان بناسێنن، دەکرێ بڵێین دەتوانین زیاتر لە نهێنییەکان ڕامێنین، زیاتر لێیان بڕوانین، زیاتر لێیان وردبینەوە هتد... لە کوێدا سەرچاوەی گرتووە، ئەو هونەرە بەرزەفڕە!! بێگومان ئەو کەسەی بۆیەکەمجار دەریا دەبینێ، زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی سەدان جار دیویەتی، چونکە خەیاڵی مرۆڤ هێند مەزنە ئەو بەهایەی لا دێڵێتەوە کە بۆیەکەمجار دیویەتی، لێرەوە یەکەمجار وەک لای گەورەبنووسان باسی لێوە کراوە لە خەیاڵی منداڵەوە دەست پێ دەکات، چونکە لە منداڵیدا هەموو دونیا دەناسرێتەوە و بۆیەکەمجار شتەکان دەبینین، ئەوەتا لە بابەت خەیاڵەوە گوتراوە، کە منداڵێ لە پەلکە پرتەقاڵێ ڕامابوو، بەسەریەوە خەیاڵی بۆ دوور دوور بردبیەوە، پەلکە پرتەقاڵی لێ ببووە کەشتی، لە بارەی خەیاڵی ئەوەڵینەوە سەدان و هەزاران نموونەمان هەن، بۆیە لێرەدا جێگای ئاماژە پێ کردنە کە لە دونیای کوردی ئێمەدا دیارە کە گۆرانی و مۆسیقا لە کۆنەوە هەبووە و لەپێناو مەبەستێکی خزمەتکردن بەکارهاتووە، جا سەیر نییە سەرەتا ئاشنابوون بەدەریای گۆرانی هونەرمەندی پایە بەرز کاک عەزیز شاروخ گرامەفۆنەوە لێبێتە ژوورەوە، کە بمانەوێ یا نەمانەوێ لە خەیاڵی مرۆڤی کورددا پرسیاری هێناوەتە ئاراوە، چونکە تا ئەو ساتەی گۆرانی و مەقام و

ئاوازەکان لە کۆڕ و دانیشتنەکان دەگوتران، ئیدی شێوەی دیکەی بەخۆوە گرت و ئامێر هاتە شوینی ئەو شوێنە سروشتیانە، کە تیایدا هەر لە سەرەتا مێشکی کاک عەزیز (شاروخی)ی پێ ئاشنابووە، لەو حاڵەتەدا بوونی ئامێرەکە لە خزمەت سروشتدا بووە، بەواتا سەرکەوتنی خەسڵەتە سروشتییەکان لە نێو ڕۆحدا بەسەر خاسڵەتەکانی ئامێر.

وەک گوتمان ئایا ناکرێ بڵێین خەمەکان یەکن؟!! ئەوەش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە خەمەکان لای (شاروخ)ی هونەرمەند کە بۆ گۆرانی گواستراونەتەوە، هێندە قووڵبوونەتەوە کە وەک یەک نین، بەڵام لەیەکەوە نزیکن، ئەگەر لە ساتێکا دڵی (شاروخ)ی ئاوی خواردبێتەوە، ئەوا خەمەکان مادام لە پشت گۆرانی و ئاهەنگەکانەوە بن، دەبێت شێوەیان لە گۆرانییەکان و ئاهەنگەکان بکەن. لە لاپەڕەی ئەو چەند دێرەی (عەزیز شاروخ)ی هونەرمەند و ئاوازدانەر و دەنگ پڕ لە سۆز و چریکە نووسیویە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و لەگەڵ هونەرمەندە ڕەسەنەکان، بەواتا بەڕێنمایی ئەوان وەک مامۆستایەکی ئامادە نەبوو بەجەستە، بەڵام ئامادەبوو بەرۆح هەنگاوی هەڵێناوە. (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و کاوێس ئاغا و حەسەن جەزراوی و ڕەسول گەردی و تایەر تۆفیق و عوسمان حەیران و ماملێ و دیلان و...) نموونەی ئەو ڕێچکەیەن کە کاک (عەزیزی شاروخ)ی بەتەواوی سوودی لێ وەرگرتوون، لە هەموو ڕوویەکەوە توانیویەتی پەرە بەخۆی بدات. لەمەوە خەمەکان بەئاوی ئەم هونەرمەندە ڕەسەنانە ئەو بەرهەمانەی لێ کەوتۆتەوە کە بەدەنگە زوڵاڵەکەی شاروخی گوتراونەتەوە.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەم، بەو پێیەی زۆر لە نزیکەوە نێوانم خۆش بوو لەگەڵ مامۆستا شەماڵ سائیب، زۆر جار لە خۆیم (شەماڵ سائیب) گوێ لێبووە دەیگوت: «عەزیز شاروخ سەید عەلی ئەسغەری زەمانەیە). بەڕاستی ئەم لێدوانە لە بابەت شاروخی جێگەی ئەوەیە گەلی گرنگی پێ بدرێ. چونکە بۆ خۆی بەوردی پێناسەی کردووە، کە هەردوو لایەن دەگرێتەوە، بەواتا لەلایەن ئەوەی کە شاروخی بەسەرکەوتوویی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی گوتۆتەو، نەک هەر ئەوە بەڵکو زۆر لە گۆرانییەکانی حەسەن جەزراوی و محەمەد ساڵح دیلان و کاوێس ئاغا و تایەر تۆفیق و ڕەسوڵ گەردی و فوئاد ئەحمەد و باکووری گوتۆتەوە. هەروەها ئەمەش دەسەلمێنێ کە ئەو بەرهەمە تازانەی هەیەتی لەلایەکی ترەوە لە دەنگی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی نزیکن، کە بەهەوا و نەفەس و بگرە ڕۆحی ئەو دەیلێتەوە، ئەوەش لەنێو کوردان دەگمەنە، کە لە خەمەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.



لێرەشدا گرنگە ئاماژە بەکۆمارە ساواکەی مەهاباد بکەین کە هەرگیز لە یادەوەری هەتا منداڵێکی وەک شاروخ ئەو کاتە دەرناچێ، چونکە لە هەموو سووچێکدا خۆی خستۆتە ژیان و بیرەوەری تاکەکانی بەکوژانەوەی مۆمی تەمەنی کۆمار، بەشنە و نەسیمی بوژانەوەی بیری نەتەوەیی ڕووی لە گۆڕەپانێکی تر کرد. کە ئەوەش لەنیو تاکەکانی کورد مەبەست لە بزاڤی کوردایەتی کاریگەری خۆی هەیە، ناکری ئەوەش لەبیر بکرێ. نموونەشمان هەن کە لەو سەردەمەوە چەندان کەڵە بەهرەمەند و شاعیر و هونەرمەند و کەسایەتی مەزن هەڵکەوتوون، ئەوەش لە زۆربەی بارودۆخە پەرەسەندووەکانی کوردستان بەهەر شێوەیەکی سیاسی بێ ڕوویداوە، جا بمانەوێ یا نەمانەوێ لە دڵ و دەروونی شاروخ ڕەنگرێژ بووە، کە ئەوەش ڕۆڵی بەسەر کەسایەتی هەموو کوردێکەوە هەیە. کە شاروخ یەکێکە لەو هونەرمەندانەی پێیانەوە کاریگەر بووە، کاروانی ئەوانی تەواو کردووە.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم کە لەم هونەرمەند و دەنگخۆشانەی ناومان هێنان کەمتر نیە و لە ئاست ئەوان دایە بەوپەڕی سەرکەوتنەوە.

## (شاروخ)ی هونەرمەند و چەند پەیڤێک بۆ مێژوو، زمان، ستران، ئاواز و دەنگ

نایف شیخانی

هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەدا
بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشی و خانە خەرابی با
لە کوێ ماڵی من و تۆ وا دەبوو ئەی خۆ پەرست
ئەگەر دنیا ئوسوول و قاعیدە و نەزم و حسابی با

(هێمن)

ئاشکرایە کەوا ڕۆچوون و گەڕانەوە بۆ قووڵایی مێژووی ئەو سەرچاوانەی کە کەرەستە و ئامرازی سەرەکین لە پێکهاتە و ناسنامەی هەر بوارێکی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتیدا، مەرجی لەپێشینە و سەرەکین بۆ سەرکەوتنی هەر نووسین و لێکۆڵینەوەیەک کە لە بنچینەدا خوازیاری هەڵگری گوتارێک بێت بڕوا و متمانەی خواستە زانستی و مەعریفییەکان لە چوارچێوە و قالبێکی ئەکادیمیانەوە بەخوێنەر بگەیەنێت.

هەر لەو پێودانگەشدا پێمان وایە ئێمەی کورد لە زۆر بواری ڕۆشنبیری و هونەریدا پێویستمان بە بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوەی هەمەجۆر و تازە هەیە، کە لەبەر هۆکارێکی جۆراوجۆر تاکو ئێستا نەتوانراوە لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدیکی زانستیدا بەعەقڵییەتێکی سەردەمانە وەکو پێویست لەو بوارانە بدوێین و، بەوردی لەسەر هەموو لایەنەکانیان بوەستین.

یەکێک لەو بوارە هونەرییانەش هونەری سترانبێژی و، دەنگخۆشی و، پەیڤینی شیعرە... کە بەداخەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ نەک تەنیا لەلای جەماوەرە سادە و ساکارە بەرفراوانەکەی ئەو بوارەدا، بگرە لەلای خودی زۆربەی ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەی کە لەو بوارەدا خزمەت دەکەن لە هەمبەر ئەو هونەرە و تێڕوانینی ورد لە وەزیفە و کار و کاردانەوەی کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی تێکەڵ و پێکەڵ و نادروست بەکار دەهێنرێت. جگە لەوەش لە دەستنیشان کردنی شێوازەکانی ئاراستەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا زۆر بابەتی گرنگ و پەیوەست بەئایندەی چێژ و بیرکردنەوە و زمان و... هتد لە نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەسەڵات و هونەرمەندان و کۆمەڵگادا، بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و، هەتا دێت دەرکردن و هەزم کردن بەو حاڵەتە ڕوو لە کزی دەکات و باری ئایندەشمان قورستر دەکات.



مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوەکان دەمێکە ئەو ڕاستییەیان بۆ ساغ بۆتەوە کە هونەری گۆرانی وتن و دەنگبێژی ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە بەدەستپێک و سەرەتای سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی هونەری مۆسیقا دەژمێردرێت، بەڵام ساڵانێکە لەلای زۆربەی میللەتە خوداپێداوەکانی جیهاندا ئەو هونەرە لەبەر پێشکەوتن و بەرفراوانبوونی قالب و شێوازەکانی بووە بەشێک و لایەنێکی سەربەخۆ لە جیهانی هونەری مۆسیقادا.

ئێمەی کوردیش لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و دیاریکراومان نییە تاکو دروست سەرەتا و دەستپێکی مێژووی ئەو بوارە هونەرییەمان بۆ دەستنیشان بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سادە و ساکاری خودی ئاوازە فۆلکلۆرییەکان و سیما تایبەتییەکان کێشی شیعری و ڕیتمی ئاهەنگ و ئاوازە کوردییەکان لە تەواوی شێواز و دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و، گەواهێکی تری ئەو ڕاستیانەن کە سەردەمانێکی دوور و درێژە مرۆڤی کوردیش بەزمانی دایکزای خۆی دەنگی ناخی هەڵبڕیوە و گۆرانی دەچڕێت.

دیارە دوای ساڵانێکی دوور و درێژی کۆڕی تەکیە و خانەقا و بەزمی دیوەخانان و، ئاهەنگ و زەماوەندی سەیرانگاکان و، گەڕەلاوژەی ئێواران و، گۆرانی وتن لەگەڵ پیشەی ڕۆژانەدا، ئەم کاروانە درێژەی کێشاوە... تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی بڵاوبوونەوەی دەزگا و ئامێرەکانی تۆمارکردن دەرفەت لەبەردەم گۆرانیبێژانی کوردیش ڕەخسا ئاواز و ئاهەنگەکانیان بۆ نەوەی دوای خۆیان تۆمار بکەن.

هەر لێرەوەش دەتوانین لەپێناو پێناسەکردن و بەزانستی ناساندنی ئەو هونەرەی گەلەکەمان ئەو بەرهەم و گۆرانییە تۆمارکراوانەی هونەرمەندانی وەک مامۆستا عەزیز شاروخ و، بەر لە بەڕێزییان بەسامان و گەوهەری درەوشاوەی حازر بەدەست ناوزەد بکەین، بۆ هەر بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەک کە دەزگا و ناوەندی تایبەتمەند لە چوارچێوەی زانستی ئەتنۆمۆسیقالۆجیدا پێی هەڵبستێت.

کەوابێ نەوەی یەکەمی بەر لە مامۆستا (شاروخ)ی وەک هونەرمەندانی: سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و، حەمدیە فەندی و مەلا کەریم و، حەسەن جەزراوی و مریەم خان و، حەسەن زیرەک و ڕەسوڵ گەردی و محەمەد شێخۆ و، ئەوانی تر کە گۆرانی و بەرهەمە تۆمارکراوەکانیان تاکو ئێستا لە ئەرشیفی هونەرمەندان و هونەردۆستان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و دەرەوە هەڵگیراون بەشێکی گەورەی ئەو سامانە نیشتمانی و نەتەوەییەی گەلەکەمانن و گرنگی پێدانیان ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەورەن بۆ ئایندەی میللەتەکەمان.

ئەمە جگە لەوەی ئەم گۆرانی و بەرهەمە بەپێزانە نموونەیەکی بەرزی کەرەستە و پێداویستییەکانی ئەو تاقیگە دەنگیانەن کە دەمێکە میللەتانی پێشکەوتوو لەپێناو دەستنیشان کردنی تایبەتمەندییەکانی یەکە بچووکەکانی پێکهاتەی زمان لەکای گۆکردن و بەئاواز گوتندا یەکلاکردنەوەی گەلێک بابەتی تری پەیوەست بەزمان وەک دیاردەیەکی زیندوو لە ژیانی رۆژانەی میللەتاندا ئەنجامیان داوە.

ئەو تێکهەڵکێش بوونەی نێوان زمان و هونەری سترانیش لەوەوە دێت کە لە زۆر ڕووەوە چوونیەک و تەبان، لە سەرچاوەکانی خولقاندن و دەربڕین وەرگرتن و بەخشینەوەی ئەو ئامراز و ئەندامانەی فەسلەجەی لەشی مرۆڤەوە.

ئەو حاڵەتەی چوون ناویەک و تێهەڵکێش بوونەش وەک شارەزایان ئیشارەتی پێ دەکەن بەرۆژانی یەکەمی ژیانی مرۆڤەوە بەندە تا دواچرکەکانی ژیانیش لەگەڵی بەردەوام دەبێت.

هەڵبەتە کە باس لە هونەر دەکرێ وەک سەلیقە و توانا لای مرۆڤی بەهرەمەند، دەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە باس لە چێژ و ستاتیکای جوانناسیدا دەکەین و ناکرێ بەدوور لەو کۆمەڵە هەستەوەرانە لەو بابەتانە بدوێین کە بەرپرسی ڕاستەوخۆ و سەرەکین لە وەرگرتن و نەشونماکردنی ئەو کار و چالاکیانەی کە جۆرێک لە چێژ لەلای مرۆڤ دەخولقێنن. ئەمانیش لەلای خۆیانەوە دەیبەخشنەوە بۆ هەمان ئەو سەرچاوانەی کە پاڵنەری سەرەکین بۆ تەقاندنەوە و ئەفراندن و سوود وەرگرتن لێیان.

کەوابێ هیچ گومان لەوەدا نامێنی کە هونەرمەندان و دەنگخۆشانی خۆمان قۆناغ بەقۆناغ لە ئاستی جیاجیادا لەڕووی سایکۆلۆژیەوە ڕۆڵێکی مەزن و کەم وێنەیان هەبووە و دەبێ لە بەرجەستەکردن و بونیاتنانی مەودای یەکپارچەیی خۆشەویستی و نزیکبوونەوە لە ناخی یەکتر، وەک یەک نەتەوە و هاونیشتمانی یەک وڵات...

بۆیە ئەو هونەرمەندە خاوەن ئەزموونانەی وەک مامۆستا شاروخی کە لە پانتایی مێژووی چێژ و گۆشکردنی زمانی کوردیدا جەماوەرێکی پان و بەرینیان لە دەوری ستران و ئاوازی کوردیدا کۆ کردۆتەوە... وەک ئەو پۆلە مەلانەن کە لە ئاسمانی ڕەها و بێ سنووری خۆشەویستیدا لە کەیف و سەفای پێشوازی کردنی وەرزی نوێ و تازەدا کە ڤاڵی هەمەڕەنگ و ئاڵ و واڵامان بۆ دروست دەکەن.

بەڵێ بەرلەوەی لەم دەڤەرە ئازادەی ئێمەدا تەوقی ژێردەستی بشکیت – لە زۆر شوێنی وڵاتەکەماندا دەیان دەنگی ڕەسەن و پڕ سۆزی وەک شارۆخی پەیڤ و دەقە شیعرییەکانی



شاعیرە بوێر و زمان پاراوەکانی میللەتەکەمانیان ئاوێزانی میلۆدی و ڕیتمە سەرکێشەکان دەکرد و ئەو ساتانەی ک هێشتا دوژمنان و داگیرکەرانی وڵات لە حەوت باری خەواندا بوون ئەوان پەیامی چوارچرا و ئاگری داغ و دەرسیم و دەربەندی بازیان و مەکۆی بەردەوامی نەمرانیان شەپۆل ئاسا وەک شنەبا لە ڕێگەی سردوو و ئاوازەکاندا لە ئاسمانی نیشتمان و دەروونی هاووڵاتیانی یەک نەتەوەدا بۆ هەتوانی برین و زامەکان و شیرینی پەیامی سەرکەوتن دەگێڕایەوە.

هونەرمەند عەزیزی شاروخیش یەکێکە لەو دەنگانەی کە ساڵانێکە لە ڕێگەی دەنگە ناسک و پڕ لە جووڵەکەی بۆتە خێوەت و هێمایەکی دیار و بەرچاو بۆ بەستنەوەی حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤی کورد و، بەلەرەی شەپۆلە دەنگییەکانی پڕ لە پەیام و وشەی جوان، پێکەنینی گاڵتەئامێز و تۆقێنەری بەگوێچکەی خاوەن مەرزە سەپێندراوەکاندا چرپاندووە.

هونەرمەند شارۆخی لە ڕووی زانستی مۆسیقا و دەنگەوە – خودان دەنگێکی پیاوانەی دەگمەنە کە لەنێو چین و کۆمەڵە دەنگیەکاندا بە(تینۆری یەکەم) ناو دەبرێ واتە دەنگی باریک و تیژی پیاوان.

بۆیەش گەر سەرنج بدەینە زۆربەی ئەو گۆرانی و میلۆدیانەی شاروخی وتویەتی و تۆماری کردووە زۆربەیان تۆنی بنچینە و بنیانراویان بریتییە لە (سی، دۆ، ڕێ) لەسەر کلیلی سۆل).

هونەرمەند شاروخی هەمیشە وەک ئەو توانا دەنگییە سەرکەوتووانە دێتە بیستن لەبەرئەوەی لەسەر چوون و دابەزینی میانە دەنگیەکاندا خاوەن توانا و جیهانێکی بەرفراوان و سەربەخۆیە و، وەک شارەزایەکی ڕاهاتوو لە نێوان تۆنەگر و تیژەکانی پلیکانەی مۆسیقادا یاری و گەمەی جوانکاری و بزوێن بە پەیامی وشە و دێڕە شیعرییەکان دەدات.

ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە شاروخی هەم لە پێکهاتەی پلە بەرزیەکەی دەنگ و هەمیشە لە شوێن پێ هەڵگرتنی شێوازی گۆ کردن. لە گوشین و دەربڕینی فۆنەتیکی فۆنیمەکانی وشەدا تا ئاستێکی زۆر بەهونەرمەندان سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و ڕەشۆل عەبدوڵڵاوە نزیکە.

جگە لەمانە وەک لە بەرهەمە تۆمارکراوەکانی هونەرمەند دیارە. شاروخی هەوڵی داوە سوود لە میلۆدی زۆربەی شێوەزارەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان وەربگرێ و

بەشێوازی خۆی بیانلێتەوە... ئەو حاڵەتەش زیاتر دەروازەی بەرفراوانی لەبەردەم مامۆستا شاروخی والآ کردووە... هەموو خەڵکی کوردستان بەهونەرەکەی خۆی ئاشنا کرد. لە کۆتاییدا دەڵێین خۆزگە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی تایبەت بەکورتەیەک لە ژیان و میلۆدییەکانی هەریەک لەو هونەرمەندانەی خۆمان کە خزمەتی بەرچاویان لەو بوارەدا کردووە. دەبوو بەپرۆژەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ئایندەی ئەو بوارە هونەرییە و تاکو لە سەرجەم مەڵبەندە رۆشنبیری و هونەریەکاندا وەک سەرچاوەیەکی یەککگرتوو هەموو نەوەکانی میللەتەکەمان سوودیان لێ وەردەگرت.



## چەند وشەیێک بۆ هونەری عەزیز شاروخ

سەید ئەحمەد ڕەواندزی

مەرجە هونەری گۆرانی وتن لەپێناو خزمەتی کەلتوور و ڕەسەنایەتی بێت. بەعیشقێکی کوردانەوە هەستێکی نەتەوایەتی و لێهاتوویی لە هونەرەکەیدا بەدی بکرێت مەرجە هونەر بۆ جەماوەر بێت و هەستی جەماوەر و گوێگر بورووژێنێ ئەگەرنا ئەمەیان نە هونەرە و نە خزمەتە. ئەوەی مەبەستیشمانە باسی لێوە بکەین ژیانی هونەرمەندی دەنگخۆشی کورد پەروەر و مامۆستای مقاماتی کوردی (عەزیز شاروخ)ە کە لە میانەی درێژەخایەنی ژیانی هونەریدا خزمەتێکی گەورە و بەرچاوی هەیە و هەرگیز قۆرگە زێرینەکەی نەحەساوەتەوە و لە گۆرانیەکانیدا بەردوام لە هاواری خەڵکی هەژار و عاشقانی کوڕ و کچانی کورد بووە بەڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە زەنگی گۆرانییەکانی لێداوە و هەڵچنیەوە. لە ڕووی مقاماتیشەوە شان بەشانی مامۆستایانی مقامبێژ تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و حوسێن عەلی و سەید عەلی ئەسغەری و حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ و چەندانی تر وەستاوە بێ سڵەمینەوە پەرەی بە بەهرە جوانەکەی داوە شارەزاییەکی ڕادەبەدەری هەیە لە مقاماتی کوردیدا. وە لاوک بێژەکی سەرکەوتووە ئەوەی من بزانم لە نزیکەوە قسەم لەگەڵدا کردبێت زیاتر هۆگری دەنگی لاوک بێژانی خوالێخۆشبوو (حەسەن جەزیری) و (محەمەد عارف جەزیری) و کاوێس ئاغا بووە. بۆیە زۆر بەسەرکەوتووانە لاوکەکانی ئەم کەڵە هونەرمەندانە دەڵێتەوە. ئەگەر لە ڕووی زانستی مۆسیقاوە چینە دەنگی هونەرمەند (عەزیز شاروخ) دیاری بکەین، بەتایبەتی گۆرانیەکانی پێشووی کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان تۆماری کردوون زۆر بەرزن لە چینە دەنگی سەید عەلی ئەسغەری نزیکن، وا پێ دەچێ زۆر حەز و ئارەزووی دەنگی هونرمەندی ناوبراو بێت. بەگشتی چینە دەنگی هونەرمەند لە (باص)ەوە دەکرێ گۆرانییەکان بچڕێت وە لە چینە دەنگی بارینون و تینوری یەکەم و تینوری دووەم زۆر بەسەرکەوتووانە گۆرانییەکانی ئەدا دەکات، زۆری گۆرانییەکانی کە تۆماری کردوون لەسەر تۆنی (می، ڕێ، دۆ، سی و لا) بووینە. سەیر لەوەدایە تەمەنێکی درێژ لە خزمەتکردنی هونەری گۆرانی گوتندا. ئەم هونەرمەندە قورگە زێرینەکەی هەروەک جاران ماوەتەوە و دەتوانێت باشترین ئادای گۆرانییەکانی بکات بێ ئەوەی لە چینە دەنگی خۆی لابدات. ئەمەشیان لە کەم کەس ئەم جۆرە بلیمەتی و لێهاتووییە بەدی دەکرێت. یاخوا تەمەنی درێژ بێت بۆ خزمەتکردنی هونەری ڕەسەنی کوردی.

# سەربوردەم

عەزیز شارۆخ

لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی لە شاری سابڵاغ کوچەی گەڕەکی قەبران کە ئێستا بۆتە خەیابانی وەفایی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لەدایک بووم کە چاوم کردەوە و فامیم، خاوەنی ٣ خوشک و برایەک بووم لە پاشان دایکم کوڕێک و کچێکی دیکەی بوو کە کوڕەکە نەژیا بەڵام کچەکە ژیا و ئێستاش هەرماوە.

باوکم ناوی عەبدوڵڵا بووە و باپیرم خەڵکی پشدەری کوردستانی ئێراقێ بووە کە بەگەنجی هەڵوەدای ئێران بووە و لەناو مەنگوڕایەتی گیرساوەتەوە و هەر لەوێ لەگەڵ نەنکم کە ئەویش مەنگوڕ بووە زەماوەندی کردووە. دایکم ناوی ئامینە و، خەڵکی شاری نەهری کوردستانی تورکیا بووە کە لە شەڕی عروسی قەدیم لەگەڵ برایەکی هەڵوەدای ئێران بوونە و باوک و کەسوکاریشیان بەدەستی عروسان کوژراون.

بەداخەوە لە شاری ورمێ، براکەشی لە تاریکە بازاڕێ بەدەستی...... دەکوژرێ، ئەڵبەتە ئەوکاتەی کە سمایل ئاغای سمکۆ مەرشیمونی گەورەی ئەرمەنییان دەکوژێ ئەوانیش بەتۆڵەی ڕابەری خۆیان دەست بەکوشتاری خەڵکی بێ تاوان دەکەن.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لەشاری سابڵاغ تەواوکردووە و بۆ دەورەی تەربیەت و موعەللیم چوومە ورمێ و، لە ساڵی ١٣٤٠هـ. بووم بەمامۆستای قوتابخانە.

لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لەلایەن ساواکەوە قۆڵبەست کرام و بۆ ماوەی سێ ساڵ واتە هەتا ساڵی ١٣٤٥هـ لە بەندیخانە مامەوە. دوای ئازادبوونم لە بەندیخانە لە مانگی...... هەمان ساڵدا لەگەڵ کیژێکی کورد بەناوی کوبرا... کە لە بنەماڵەیەکی زۆر شەریف بوو زەماوەندم کرد کە بەرهەمی ئەو زەماوەندەش بریتییە لە پێنج کچ.

***

جا ئەوجار بێینە سەر باسی بیرەوەرییەکانم:

تا ئەو جێیەی وەبیرم دێ، گەڵای دارەکان تازە و شین بوون، کەژ و کێو لە دوورەوە سەوز و شین دەنواند، هەروەک مانگی گوڵان دەچوو. دەماودەمی چێشتانان بوو، لە حاڵێکا سۆرانییەکانم شۆڕببوونەوە و هاوکات لەگەڵ ڕاوەشاندنی باسکەکانم ڕادەشەکان.



بەرەو قۆناغی سەوزیخانەکەمان وەڕێ کەوتم، ڕێگەیەکی باریک و پڕ لە خۆڵەپۆت کە وەک مار قەفی دەخوارد و لەبەر دەرگای ماڵەکەمانا دەستی پێ دەکرد هەتا دەگەیشتە ئەو چوار داخەی کە کەوتبووە ناوەڕاستی سەوزیخانە گەورەکە و، لەوێشەوە کەوتبووە مابەینی دوو حەوزی پڕ لە ئاو و قۆخەکە، لەوێشەوە چەند قەفی تری دەخوارد تا لە دەرگای گەورەی سەوزیخانەکە دەردەچوو و تێکەڵ بەکۆڵانێکی پان و پۆڕتر دەبوو کە ڕێگەی هاتوچۆی خەڵک و عارەبانە و...... بوو.

وێنە و بیچمی کۆڵانەکە زۆر سەیر هەڵکەوتبوو، بەجۆرێک دەورەی سەوزیخانەکەی دابوو، دەتگوت ملوانکەیەکی سپی و گەورەیە و بەگەردنی هەڵواسراوە.

ئەو ڕیزە ماڵانەی لە دەورەی سەوزیخانەکە هەڵکەوتبوون بەهۆی ئەم کۆڵانەوە لە سەوزەیخانەکە جیادەبوونەوە. جگە لەوەش دەوران دەوری سەوزیخانەکە وارشەی بۆ کێشرابوو و بەچەپەر و پەرژینی دڕکاوی هەم لە کۆڵانەکە جیادەکراوە و هەم لە دەستدرێژی ڕێبوار و منداڵە سەربزێوەکانی کۆڵان دەپارێزرا. هەروەکو لە پێشدا باسم کرد قۆناخێکی خشپیلانەی گڵی لە ناوەڕاستی سەوزیخانەکەوە لەسەر دوو حەوزی پڕ لە ئاو دروست کرابوو، لەسەر ئەو دوو حەوزانە دوو دارەبی گەورە و بەژن شۆڕ ڕوابوون کە بەسەربانی قۆناخەکەدا شۆڕببوونەوە و دەتگوت ئەوا بۆ کێوە بڵیندە دوورە ئاسۆیەکان کڕنۆش دەبەن، لە ڕاستیا ئەگەر لەسەربانی قۆناخەکەوە تەماشای دەوروبەری خۆت کردبایە دیمەنێکی گەلێ جوان و ڕازاوەی تێکەڵاو بەسروشت و شارستانییەتت دەهاتە بەرچاو، بەتایبەت لە کاتی بەیانیان و خۆر ئاوابوونا. ئەوکاتەی کە سوورایی خۆرەتاوی دەمەو بەیان ترۆپکی چیا بەرزەکانی دەوروبەری شاری زێڕوەشان دەکرد و ئەو دەمانەی تاڵی زەردەپەڕی خۆر دەکەوتە سەربانە بڵیندەکانی شاری سابڵاغ و لەوێوە دەمەو ئێوارە هەڵدەفڕی و دەگەیشتە سەر لوتکەی شاخەکان و ئاوا دەبوو.

پەنجەرەی باڵەخانەکانی بەرامبەر سەوزیخانەکە دەکرانەوە و ژن و منداڵ و پیر و جحێڵ لەوێوە سەیری دیمەنی ڕازاوە و پڕ لە شینکایی سەوزیخانەکەیان دەکرد.

هەر کە بانگی شێوانی دەدا و پەردەی ڕەشی شەو دادەدرایە و ئەستێرە بەرزەکان وەدەرەوشە و زریوە دەکەوتن لە ژووری ماڵەکەمانەوە دەنگێکی زۆر خۆش و بەسۆز و ئاشنا دەهاتە گوێم. ڕایدەچڵەکاندم و ناچاری دەکردم لە ژوورێ بێمە دەر و لە حەوشەکەمانەوە پڕ بەدڵ گوێی بۆ ڕادێرم. ئەو دەنگە بەسۆزە، دەنگی برا خۆشەویستەکەم (محەمەد)ی بوو. بەتەمەن دە ساڵ لە من گەورەتر، هەتا بڵێی لاوچاک، شۆخ و شەنگ، ڕەزاسوک و دەنگ

خۆش بوو. خاوەنی بالآیەکی پڕ و باریک و ڕێک بوو. هەرکەسێ بۆ جارێ چاوی پێ کەوتبایە بۆ هەتاهەتایە لە دڵی دەرنەدەچوو. زۆر شەوگاران ئەو دەمانەی شەو دەزرینگایەوە، چ شەوانی شەوە زەنگ و چ شەوانی مانگەشەو، لەسەربانی قۆناخەکەوە تێی دەچریکاند و من بەدەنگی ئەو خۆشەویستەم لە کاسی خەوا ڕادەسام و بەچاوی وەنەوزەوە گوێم بۆ شل دەکرد، هەتا دیسان سەرلەنوێ خەو بەسەرمدا زاڵ دەبۆوە. سەیرە، زۆر سەیرە! ئێستاش کە تەمەنم گەیوەتە ٥٠ ساڵ ئاهەنگی ڕەسەن و فۆلکلۆری «بارانە و بارانە»کەیم لە دڵ ناچێتەدەر و لەناو مێشکمدا هەر خولان دەخوا و دەزرینگێتەوە.

دەنگی خۆش و زولاڵی کاکم وەک کانیاوێک هەستی هونەرپەروەری هەڵقووڵاندم و وام لێ هاتبوو کە لەبەرامبەر دەنگی خۆشدا هەستم بەبێ دەسەڵاتی دەکرد.

وەکو بیرەوەرییەک دەبێ بڵێم: کاتێ ژنیان بۆ کاکم دەگوازتەوە لەشەوی خەنەبەنداندا حەشیمەتێکی زۆر بانگ کرابوون، پیاوەکان لە حەوشێکی گەورەدا، بەجیا و، گەڕان گەڕ لەسەر کورسی دانیشتبوون.

من لە منداڵییەوە حەزم لە جێگای قەرەباڵغ نەدەکرد و گەرەکم بوو بەرەو سەوزیخانەکە وەڕێ کەوم، هەر بۆیەش پشتم لە جەماعەت کرد و بەرەو چۆڵی هەنگاوم نا. لەناکاو چریکەی دەنگێکی ئێجگار خۆش و شەق بڕستی لێ بڕیم و هەنگاوی بەستمەوە و لە جێگەی خۆم ڕەق ڕاوەستام. ساڵانی ساڵ تێپەڕبوون هەتاکو زانیم کە ئەو دەنگە هی کاک (حوسێن ماملێ)ی براگەورەی هونەرمەندی بەڕێز کاک محەمەدی مامڵێ بوو.

دیسان وەک بیرەوەرییەک کە پەیوەندی بەژیانی هونەری منەوەیە پێویستە بڵێم، ڕۆژێک کاکم بەپەلە هاتەوە ماڵێ و لەکاتێکدا شەیپوورێکی گەورە و، شتێکی وەک مجری بەدەستەوەبوو، بەهەناسەبڕکێ لە ناوەڕاستی ژووریی دانان و مجریکەی کردەوە و شەیپوورەکەی وەسەرخست، دەورییەکی ڕەشی قیلاوی هاویشتە سەری و ئەوجار هەندیلێکی وێ خست و هەڵی سووڕاند. دەورییەکە کەوتە گەڕ و ئەوجار تۆپێکی خڕ، کە بەهۆی دەستەیەکی گەڕۆڵ بەمجریکەوە پەیوەست کرابوو و، بەدەوری خۆیدا هەڵدەسووڕا هاوێشتێ سەر دەورییەکە، هەر ئەوەندەم زانی کە دەنگی گۆرانی لە شەیپوورەکە هاتە دەرێ، پێم وابوو ئەوا کەسێک لەناو مجریکەدایە و گۆرانی دەبێژی، هەربۆیەش سەرسامی سڵی کردم. لەوکاتەدا بوو کاکم سەری هەڵێنا، چاوی لەمن کرد و فەرمووی: عەزیز گیان، زۆرت پێ سەیرە؟ من هیچ وڵامم بۆ نەدرایەوە، بەڵام نەیهێشت لەوە زیاتر ڕامێنم و گوتی:



ئەوە (گرامافۆن)ی پێ دەڵێن، جا ڕاوەستە هەتا دەنگێکی سەیر و خۆشت بۆ باوێمە سەرێ.

من هەر وا کاس و کڕ مابووم، مات و بێ دەنگ چاوم لەدەستی کاکم بڕیبوو. چاوەڕوانی دەنگە خۆشەکە بووم تا لە ناکاو دەنگێکی لەڕادەبەدەر ئاسمانی، وەک شەپۆلی دەریای بێ سنوور هەوای ژوورەکەی لەرزاند و لە دەرگا و پەنجەرەکانەوە بەرەودەر، بەرەو ئاسمانی شین لوزەی بەست و ڕۆیی. ئەو دەنگە ئەوەندە خۆش و زولاڵ بوو کە سنووری چوارچێوەی دڵمی لەرزاند و، تەکانێکی ئەوتۆی لە ڕۆح و مێشکم دا کە ئێستاش لە پاش تێپەڕبوونی چل و سێ ساڵ، وشەکانی گۆرانییەکە هەروا لەناو مێشکمدا گەڕان دەدەن و لە تەختی سینگمدا مەنگ ڕاوەستون.

بەڵێ، ئەو دەنگە خۆشە، دەنگی یەکەمین مامۆستای من و گەورەترین مامۆستای مەقام بێژی کورد و کوردستان «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی» بوو.

سۆزی بلاوێنی، سەدای زیروبەمی، لەگەڵ شێوەی هەستانی دەنگی پڕ لە هان و خرۆشی تێکەڵ بەحوزن و ماتەمێکی دڵنەواز و تەزووهێنەر، منی وەها ئۆگر و شەیدای خۆی کرد کە هەتا دەمی مردنم هەر دەبێ تەعزیم و کڕنۆشی بۆ بەرم.

دیارە گومانیشم لەوەدا نییە کە بۆ دەیان سەدەی دیکەش ناوی هەمیشەیی و هەتاهەتایی دەمێنێتەوە، چونکە ئەو دەنگە ئیتر تێکەڵاوی مێژووی مۆسیقای نەتەوەکەمان بووە. دڵنیاشم کە تازە، هەرگیزاو هەرگیز دەنگی وا خۆش و ئاسمانی نایەتەوە سەر زەوی.

ئەڵبەت ئەوەش بیروباوەڕی پتەوی خۆمە لە عاستی ئەو مامۆستا مەزنەی کورد.

ئا بەم جۆرە، هەروەک چلۆن ئاوی ڕوونی کانیاوێک بەهۆی تێکەوتنی بەردێکی بچکۆلە لە تەختی بنیڕا دەلەرزێتەوە، دەنگی بەرزی ئەو هونەرمەندەش ئاوا بەتەواوی هەست و نەستی هەراوی دڵمی لەرزاند و هۆش و ئەندێشەی تێک هەڵشێلام و، هەوێنێکی خەست و خۆڵی بۆ هەتاهەتایە لە ناخ و دەروونما گرتەوە. هەروەک بنچینەیەکی پتەو چوارچێوەی بەرزی تەلاری هونەری لە دڵمدا دارشت و بەیەکجاری دەنگەکەی تێکەڵاوی بیر و هەست و خوێنم کرا. هەر بۆیەش زۆری پێ نەچوو، هەموو بەستە و مەقامەکانی فێربووم و بێ ئەوەی خۆم پێ بزانم، دەزگا ئەسڵی و بنەڕەتییەکانی مۆسیقا لە مامۆستای نادیار و نەدیتووی خۆم فێرببووم. کەچی هەر ئەو دەمی ساڵانی ساڵ بوو کە کۆچی دوایی کردبوو و

ڕوحی بەرزەفڕی، زۆر لە مێژ بوو بۆ بارەگای خودای مەزن هەڵفڕیبوو. جا مەبەستم لە پێداهاتنەوەی بیری ورد و تیژی منداڵیم ئەوەیە کە بڵێم: دارشتنی هەست و هەوێنی هونەرپەروەری لەکاتی منداڵی ڕا شوێن داوێتە سەر مێشکی مرۆڤ و لەهەرەتی گەنجی و لاوەتیدا شکڵ و بیچم بەخۆیەوە دەگرێ و ئادەمیزاد بۆ لای هونەرە جۆر بەجۆرەکان هان ئەدات، وەک وێنەگری، شانۆگەری، خۆشنووسی، ژەنینی مۆسیقا و بەستە و مەقام بێژی....

بابگەڕێمەوە سەر باسی ئەسڵی، هەروەکو لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەو وتارەدا وتم: کە لە دەرگای ماڵەوە هاتمە دەرێ و هەنگاوم نایەسەر ڕێگە خۆڵە پۆتینەکە، بەرەو قۆناخی سەوزیخانەکە، وەڕێ کەوتم لە کاتێکدا هێدی و هێمن دەڕۆیشتم لەبەرخۆمەوە دەمناراند و لەدەریایی بێ بنی ئەندێشەی هونەریدا نوقم ببووم. هیچ ئاگام لە دەوروبەری خۆم نەبوو. لەپڕ کەسێک بانگی کردم و گوتی: هۆی عەزیز گیان، ئەوە بۆ کوێ دەچی؟ ئافەریم، ئافەریم، لە گێژاوی مەنگی ئاهەنگەکان هاتمەدەرێ، کە سەرم هەڵێنا، دیتم باوکمە دەمدوێنێ. لە حاڵێکدا بەزەردەخەنەوە چاوی تێ بڕیبووم، ڕووی لە کاکم کرد و گوتی: محەمەد هەر ئێستا برۆ عەزیزی لەبەر خوێندن بنێ، ئەودەم تەمەنم حەوت ساڵ بوو، گەرچی پێم خۆش بوو فێری خوێندن بم بەڵام لەلایەکی دیکەوە پێم خۆش نەبوو لە چوارچێوەی دونیای تەنیایی و بێ دەنگی خۆم بچمە دەرێ، چونکە بەهەرحاڵ دەمزانی کە مەدرەسە جێگایەکی پڕ لە جۆش و خرۆشە. هەڵبەت ئێستاش هەر جێگای چۆڵ و بێ دەنگم پێ خۆشترە لە جێگای قەرەباڵغ.

بەم جۆرە، هەر ئەو ڕۆژەی کاکم دەستی گرتم بردمیە مەدرەسەی گەلاوێژ، ناونووسیان کردم و بردیانمە پۆلی ساوایان.

یەکەم مامۆستای من کە بەزمانی کوردی دەرسی پێ گوتم، مامۆستا عوبێدوڵلای ئەیوبیان بوو. ئەوێ ڕۆژێ دەرسی سروودی پێ گوتین و لەبەرئەوەی ئاواڵی کاکم بوو، دەیزانی دەنگم خۆشە هەر ئەوێ ڕۆژێ بانگی کردم و سروودی پێ خوێندمەوە. هەرچەند تا ئەوێ ڕۆژێ پێم وەمەدرەسەی نەکەوتبوو بەڵام هەموو سروودەکانی ئەو سەردەمیم دەزانین. هێندەی پێ نەچوو، هەر ئەوێ ساڵی دووسێ جار لەگەڵ چەند هاوپۆلێکی تر بۆ سروود خوێندنەوە منیان بردە سەر ئێزگەی کۆماری مەهاباد کە لە جێگەی شارەداری ئێستابوو.

بەڵام ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی دەهات تەواوبێ کە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بەسەر کوردستاندا هات، کۆماری مەهاباد تێک چوو، پۆلی ساوایانیان لابرد و هەموومانیان



بردە کلاسی تەهییە (ئەو سەردەمی بەرلەوەی قوتابی بڕواتە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، دەبوو کلاسی تەهییە ببینێ) بەڵام ئەوجار دەبوو بەزمانی فارسی بخوێنین. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەی بکەم کە ئەو ئاڵوگۆڕە بووە هۆی ئەوەی کە دوو ساڵان لە خوێندن وە پاش کەوم چونکە ئەوێ ساڵێ هەر نەچوومەوە و ساڵی دواتریش لەبەرئەوەی کە دەموچاوم بڕینی دەرکردبوو واتە ئاورەی لێ هاتبوو، لەمەدرەسەی ڕایان نەگرتم بەڵام لە ساڵی سێهەم لە تەهییە دەرچووم و چوومە پۆلی یەکەمی سەرەتایی. هەتا گەیشتمە پۆلی سێ، چەند ڕووداوێکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن لە بنەماڵەکەماندا ڕوویان دا. یەکەم ئەوەبوو کە باوکم بەشی زۆری سەروەت و سامانەکەی لەدەست دا، دووهەم ئەوەبوو کە کاکی ڕەحمەتیم پاش تەواوکردنی خزمەتی سەربازی لە پڕ تووشی نەخۆشی فەلەج بوون هات و، بۆ ماوەی حەڤدە ساڵان لەسەرجێی مایەوە کە شوێنێکی زۆر قورس و گرانی خستە سەر دڵی من.

بەم چەشنە بەڕوح و گیانێکی زۆر پەژموردەوە شەشی سەرەتاییم لە مەدرەسەی خەیام واتە گەلاوێژی پێشوو تەواو کرد و چوومە دەورەی ناوەندی. لە ساڵی چوارەمی سەرەتاییدا بووم کە لەگەڵ دەنگی غەریب و گەرمی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست، نەمر کاک تایەر تۆفیق و پاشان لەگەڵ دەنگی بەسۆزی هونەرمەندی بادینی کاک حەسەن جەزراوی ئاشنا بووم.

کاکی ڕەحمەتیم دەنگی ئەو دوو هونەرمەندەی زۆر پێ خۆش بوو، چونکە ئاهەنگەکانیان زۆر بەسۆز و غەریب بوون. هەردەبوو واش بێ، ئاخر ئەولاوە جوانە کەوا تووشی فەلەج ببوو تەنیا بەبیستنی ئاهەنگی غەریب و پڕ سۆز کولۆکۆی دڵی دادەمرکا و دڵی سارێژدەکرا. دیارە منیش لەو هەستە ناسکە بێبەش نەبووم و لەناخ و دەروونمەوە ئاهەنگی غەریب و بەسۆزم پێ خۆش بوو.

شوێن و هەسونێک کە نەخۆشی کاکم هاوێشتبوویە سەر ڕوح و گیانم ئەوەندە قورس و گران بوو، ئەوەندە خۆم بەتەنیا دەزانی کە دایم لە غەرقاوی غەم و ماتەمدا نوقم دەبووم. هەربۆیەش گۆڕانێکی سەیری هونەری لەباری شێوەی گۆرانی گوتندا کەوتە سەرزار و زمانی من، دۆستان و هاواڵان و زۆر کەسی دیکە لەناو کۆڕ و کۆمەڵاندا بەدایم ڕەخنەیان لێ دەگرتم، کە بۆچی هەر ئاهەنگی غەریب دەڵێم؟ بۆ ئاهەنگی شادی و هەڵپەڕکێ ناڵێم؟ منیش وام وڵام دەدانەوە: هەموو کەس ناتوانێ بەردی قورس هەڵێنێ، بەڵام منداڵیش دەتوانێ وردە بەردان هەڵبگرێ. مەبەستم ئەوەبوو کە مەقام وتن کاری هەموو کەس نییە، بەڵام وردە گۆرانی بەهەموو کەسێ دەگوترێ. بەهەرحاڵ، با لەمەبەست دوورنەکەوینەوە.

ساڵی **١٣٦٦**هـ ئیزگەیەکی بچووک وەکو بێ تەل کە لە مەهاباد لە ستادی ئەرتەش دامەزرابوو. هونەرمەند کاک محەمەدی مامڵێ و چەند دەنگ خۆشی دیکەی وەکو خودالێخۆشبوو کاک خەلیلی سەدیقی زۆرجار ئێواران یان شەوانە دەچوونە سەر ئەو ئێزگەیە و گۆرانیان دەگوت و دەنگیان بەشێوەی زیندوو بڵاودەبۆوە و بەهۆی ڕادیۆ و بڵیندگۆیەکی سەرشەقام بەتایبەتی ئەو بڵیندگۆیەی کە لە چوارچرا هەڵاوەسرابوو دەنگیان بەگوێی خەڵک دەگەیشت. منیش ئەودەم کە تەمەنم گەیشتبووە نۆزدە ساڵ، گۆرانییەکانی مامۆستای نەمر (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) و مامۆستا تایەر تۆفیق، مامۆستا حەسەن جەزراوی و کاوێس ئاغام زۆرباش دەزانین و هەروەها شارەزاییم بەسەر ئاهەنگە فۆلکلۆرییەکاندا هەبوو، گەلێ جاران کە لەگەڵ هاوڕێکانم دەچوومە شاخ و کەژ و کێو، ناچاریان دەکردم گۆرانیان بۆ بڵێم. منیش لە گۆرانییەکانی حەسەن جەزراوی و تایەر تۆفیقم بۆ دەگوتن. ڕۆژێک چەند کەسێک هاتنەلام و وتیان پێمان خۆشە لەسەر ئێزگە گۆرانی بڵێی، تاکو بڵاوبێتەوە و هەمووکەس گوێی لێ بێ. بەقسەم نەکردن، بەڵام دەستیان لێ هەڵنەگرتم و چوونە لای کاکم. کاکیشم پێی خۆش بوو بچم، هەربۆیەش فەرمووی: بەخاتری من دەبێ بچی. لێرەدا ناچاربووم بەقسەی کاکم بکەم و لەسەر ئێزگە گۆرانی بڵێم. هەرچەندە زۆرم شەرم دەکرد بەڵام ڕۆژی ئەوەڵ کە چوومە سەر ئێزگە، بۆ یەکەم جار چەند ئاهەنگێکی تایەر تۆفیقم گوت کە هەتا ئەو دەمی کەم کەس ئەو شێوە گۆرانییانەیان بیستبوو، وەک مەقامەکانی: (هەی لەزاڵم، من بریندارم و مەقامی...) هەربۆیەش ئەوێ ڕۆژێ حەشامەتێکی زۆر لە شەقامەکان ڕاوەستابوون و گوێیان لەدەنگی من ڕاگرتبوو کە بەهۆی بڵیندگۆی چوارچرا بڵاودەبۆوە و هێندێکی زۆریش هاتنە ئێزگە و پاش تەواوبوونی بەرنامەکە، کە نیو سەعاتی خایاند منیان لەباوەش گرت و ماچیان کردم. وەک هاندەرێک هانیان دام هەتا درێژە بەو جۆرە بەرنامانە بدەم.

بۆ ماوەی یەک دوو حەوتوان هاتوچۆی ئەو ئێزگەیەم دەکرد بەڵام لە پاشان تەمام گرت کە ئیتر نەچم. هەرچەندە بەشوێنیاندا ناردم وڵامم نەدانەوە.

ساڵی دووهەم یا سێهەمی ناوەندی بووم کە بەدەنگی مامۆستای خۆشەویست و دەنگ خۆش و شاعیری بەناوبانگ مامۆستا (کاک محەمەد ساڵح دیلان) ئاشنابووم، ئاهەنگی نەورۆزە و ئەڵڵاوەیسی و ئەژدهاکی لێ فێربووم کە شوێنەوارێکی زۆریان لەسەر من دانا.

بەگشتی دەتوانم بڵێم، ئاهەنگەکانی ئەو خۆشەویستانەی کەوا تائێستا ناوم بردوون،



وەکو مامۆستایان. سەید عەلی ئەسغەر، کاکم، تایەر تۆفیق، حەسەن جەزراوی، کاوێس ئاغا، کاک محەمەدی ساڵح دیلان و تەنانەت تاڕادەیەک کاک فوئاد ئەحمەدیش ڕوانگەیەکی نوێی هونەریان بۆ دیاری کردم کە لە پاشان شێوەیەکی تایبەتیان دا بەئاهەنگەکانی من، بەواتایەکی تر، شێوەیەکی نوێیان بۆ من پێک هێنا کە توانیم ئاهەنگەکانی وەکو (ڕازی تەنیایی، ئەی مانگ، تکا، تۆ و دڵیان تەرمی کۆرپەی گیان، ناهومێدی، خاسە کەو، لەگەڵ تۆدا، دەتپەرستم، ئاسمانی شین، بەرەو ئاسۆ، دارینە، تۆ دەریامی) و ئەوا دیسان پاییز هات کە شیعرەکانی هی مامۆستا ساڵح دیلانە و خۆشی بەئاهەنگ تۆماری کردووە و هەر هاوباقی ئاهەنگەکانی تر خۆم دایبرێژم.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە بڵێم: هەندێک لە ئاهەنگەکانم وەکو سڵاو، کۆمەڵە شاخ، چەندم تەمەنناکرد، هەتا مەیلت بمێنێ و چەند ئاهەنگێکی تر هی کاک قادر خەلیلییە کە مامۆستای قوتابخانەیە.

بەکورتی خوێندنی ناوەندیم تەواوکرد، دیپلۆمی تەبیعیم وەرگرت و چوومە ورمێ، لەوێ دەورەی ڕاهێنانی مامۆستایەتیم دیت. پاش تەواوبوونی ئەو دەورەیە بووم بەمامۆستای قوتابخانە. ساڵێک لە دێهات دەرسم گوتەوە و پاشان بەخاتری کاکم کە فەلەج بوو منیان هێناوە شاری مەهاباد. دوو ساڵان لە قوتابخانەی وەرهەرام زۆر بەدڵسۆزی دەرسم بەقوتابیان دەگوت. کە بەداخەوە زۆری پێ نەچوو لە ساڵی **١٣٤٢**ی هـ لەلایەن ساواکەوە قۆڵ بەست کرام و ماوەی سێ ساڵان لەبەندیخانەی شادا مامەوە.

لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا باوکم و کاکم بەمەودای ساڵێک، یەک لە دوای یەک کۆچی دواییان کرد و لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنج و مەینەتییەی ئەم دونیایە ماڵ ئاواییان کرد. لە پاش ساڵێک بەمەرگی باوکمم زانی و پاشان بەمەرگی کاکم.

بەبیستنی هەواڵی مەرگی ئەو دوو خۆشەویستە، خەم و خەفەت بەبارتەقای قورسایی کێوە بەرزەکان خۆی هاوێشتە سەر دڵم. زۆر شەو و ڕۆژان بێ ئەوەی کە بهێڵم کەس پێ زانێ، لە قوژبنێک یان لە سووچێکی بەندیخانەدا فرمێسکم بۆ هەڵدەوەراندن و لە عاستی ئەواندا خۆم بەتاوانبارێکی گەورە دەزانی، چونکە ئەو دوو خۆشەویستە زۆر بەئاواتەوە بوون ڕۆژێک ببم بەشتێک و لە ڕاستکردنەوەی باری چەوت و نالەباری ژیانیاندا دەورێکم هەبێ، کەچی بەداخەوە چارەنووس منی بۆ لایەکی دیکە ڕاکێشا.

بەکۆچی دوایی ئەوان بەتەواوی هەستم بەبێ کەسی و تەنیایی دەکرد، جگە لە دایکم

کەسم نەبوو پووڵم بۆ بنێرێ کەچی دایکیشم هەر بێکەس بوو و هیچ داهاتێکی نەبوو، خوشکەکانیشم شوویان کردبوو هیچیان لە دەست نەدەهات ئەڵبەتە هیچ چاوەڕوانیشم لەوان نەبوو.

قەت لەبیرم ناچێ خوشکە زایەکم جارێکی کراس و گۆرەوی و ئارەق گیرێکی بۆ ناردبووم، ئەوەندەی پێ خۆشحاڵ بووم کە هەرگیز و هەرگیز موحیببەتی ئەو خوشکەزا خۆشەویستەم لە دڵ ناچێتە دەر.

کە دیتم هیچ کەس نییە لە فریام بێ و پووڵم بۆ بنێرێ، قۆڵم لێ هەڵماڵی و دەستم بەکاسپی کرد، لەگەڵ هاواڵێکم دووکانێکی بچکۆڵەم لە بەندیخانەدا دانا کە تاڕادەیەک باری گوزەرانی ئێمەی ڕاست دەکردەوە.

کاتێ لە زیندان هاتمەدەرێ باری ژیانی بنەماڵەکەم زۆر شڵەژاو و نالەباربوو، چونکە باوکم هەست و نیستی لەدەست دابوو هیچ سەرمایەکم نەبوو، کارێک یان کاسپێکی پێوە بکەم. تەنیا خانوویەکی کۆن و فەرشێک بەجێ مابوو و ئەویش بەشی دایکم و خوشکەکانمی پێوەبوو نەمدەتوانی بیفرۆشم. بەناچار بەیارمەتی چەند کەسێک، لەگەڵ یەک دوو موهەندیسی نەخشە بەردارکەوتم، یەک دوو مانگان لەگەڵیان بووم کە زۆر سەخت و دژوارم بۆ دەگوزەرا چونکە بیروباوەڕم لەگەڵ ئەوان زۆر جیاواز بوو، فەرمان پێدان و ڕەفتاریان بۆ من زۆر قورس و گران بوو، کەوتبوومە دەریایەکی پڕ لە خەم و پەژارە و بەتەواوی بیرومێشکی ئاڵۆز کردبووم. زۆرجاران مەلی بەرزە فڕی، لەسەر لوتکەی ئەندێشە و خەیاڵم هەڵدەنیشت تاکو لەو شێوە ژینە ماڵئاوایی بکەم و لە تاوی دەرد و ژانی بێ سنووری دڵم بەرەو شوێنێکی نادیار وەڕێ کەوم و چارەنووسی داهاتووم بدەمە دەستی گێژەڵووکەی زەمانەوە.

بەڵام هەتا وەبیرم دەهاتەوە کە دایکم جەرگی سووتاوە، چاوپۆشیم لەتەماکەم دەکرد و سەرم بۆ ئەو ژینە تاڵ و سوێرە دادەنواند. دایکم و خوشکەکانم هەستیان بەوە کردبوو کە من ڕەنگە سەری خۆم هەڵگرم و بەرەو شوێنێکی نادیار بڕۆم، هەربۆیەش مەبەستی ژن هێنانیان هێنایە گۆڕێ.

هەموو ڕۆژێ بەگوێیاندا دەچرپاندم، هەرچەند دەمگوت من هیچم نییە، بەڵام ئەوان نەیان دەسەلماند و دەیانگوت: خودا گەورەیە، هەموو شتێ جێبەجێ دەبێ. ئەگەرچی هیچم نەبوو بەڵام نازانم بۆچی تەسلیمیان بووم.



هەر لەسەر ویستی ئەوان تەمام گرت ژن بهێنم. بەڵام لەگەڵ کێ و لە چ بنەماڵەیەک؟ دەبوو کەسێک بێ کە بەدەردی من بزانێ، لەبنەماڵەیەک بێ کە پەلپ و بیانووم پێ نەگرن. ئەوە زۆر گرینگ بوو، دەبوو لە بنەماڵەیەک بێ کە گەورەی ئەو بنەماڵە واتە باوکی کچەی، ئەمن دەرک بکا.

قەزا و قەدەر وا هات، کە یەکێک لە کوڕە پوورەکانم دۆستێکی خۆشەویستی هەبوو و زۆری تاریفی پیاوەتی ئەو دۆستەی دەکرد و هەروەها تاریفی چاکی و بەئەدەبی کچەکەی دەکرد، منیش زۆرم پێ خۆش بوو لەگەڵ ئەو ماڵە تێکەڵاوی و خزمایەتی بکەم بەتایبەت ئەوکاتەی چاوم بەکچەکە کەوت، لەسەر تەمای خۆم سوور بووم بنێرمە سەری، بەڵام پێم وانەبوو کە ئەو کارە سەربگرێ پێم وابوو لەبەرئەوەی کە تاقە کچەی ماڵێیە بێگومان دایک و باوکی بیانووی مارەیی و زێڕ و جلکی زۆرم لێ دەگرن کەچی بەختەوەرانە کاتێ ناردمە سەری باوکی زانیبووی کە تازە لە زیندان هاتوومە دەرێ و لەبەر ئەوەی کە بنەماڵەکەمی دەناسی، وتی: نابێ ئەو کوڕە هیچی بچێ، من هەر وا کچەکەمی پێشکەش دەکەم.

پیاوەتی ئەو مرۆڤە بۆ هۆی ئەوەی کە بۆ گوازتنەوەی خێزانم پووڵێکی ئەوتۆم نەچێ و زۆر بەساکاری گوازتمەوە.

پێویستە ئەوەش بێژم کە: بەرلەوەی ژن بهێنم پەنام بۆ زۆر دۆست و هاواڵانی پێش سەردەمی دیلیم برد و، دەستی یارمەتیم بۆ زۆر کەسی دیکەش کە تاڕادەیەک لەگەڵم خزم بوون درێژ کرد بەڵام پیاوەتی و یارمەتیم لێ نەدین. جا لێرەدا، شیعرەکەی پیرە هەڵۆی مامۆستا «هەژار»م دەهاتەوە بیر کە دەڵێ:

مەرد ئەگەر کاری بەنامەردانە
دەردی سەرباری هەموو دەردانە

ئەو شیعرە لە مێشکمدا نەخشی گرت کە پاشان بەشێوەی ئاهەنگی «پیرەهەڵۆ» ناوبانگی دەرکرد، دیارە زۆر کەس پێی وابوو کە ئاهەنگێکی سیاسییە، بەڵام من مەبەستم لە گوتنی ئەو گۆرانییە، ئەوەبوو کە یارەبی کەس موحتاجی نامەرد نەبێ و لە ژیانیدا لێی نەقەومێ.

بەهەرحاڵ کاتێ ژنم گوازتەوە، ئاڵوگۆڕێکی سەیر کەوتە ناو هەست و مێشکی من و لە دونیای خەیاڵاوی هاتمە دەرێ. دیتم لەو دنیا ڕاستەقینەیە مرۆڤ بۆ ئەوەی کە بتوانێ ماڵ

و منداڵی بەخێو بکات، نابێ لە کار و کاسپی بوەستێ، جگە لە کاری ناڵەبار هەر کارێکی بۆی هاتەپێش دەبێ باسکی لێ هەڵماڵێ. هەر بۆیەش بۆ دابینکردنی باری ژیانی بنەماڵەکەم، هاتمە گۆڕەپانی خەبات و بەربەرەکانی و، لەگەڵ تەواوی دژوارییەکاندا بەربەرەکانم دەکرد. ئەگەرچی لە پێشدا مامۆستا بووم و لەمەودای تەمەنمدا کرێکاریم نەکردبوو، بۆ وەی کە بێکار نەبم قۆڵم هەڵماڵی و خەریکی کرێکاری بووم و بۆ ئەوەی نەکەومە ژێر فەرمانی موهەندیس و ئەرباب و ئەو جۆرە کەسانە، پارچە زەوییێکم بەئیجارە گرت و کارم لەسەر کرد سێ ساڵان کشتوکاڵیم کرد و ژینی بنەماڵەکەم بەزەحمەت بۆ دابین دەکرا، بەهاری وابوو تۆوم دەچاند و سێلاو دەهات هەمووی ڕادەماڵی و زەحمەت بەخەساری دەکردم، بەڵام چارەم نەبوو، ئەو کارە لە زۆر کاری دیکە باشتر بوو چونکە ئاغا و کوێخای خۆم بووم.

لێرەدا بەئەرکی سەر شانمی دەزانم نەختێ لەمەڕ خێزانمەوە بدوێم. ئەگەرچی بەتەمەن زۆر لەمن کەم تەمەنتر بوو، بەڵام لەمەودای ئەو سێ ساڵەی کە پێی لە ماڵە من نابوو و ژیانی هاوبەشیمان بەیەکەوە گرێ دابوو زۆر ژیرانە پێی لەگەڵ من ڕاکێشا و تەواوی گیروگرفت و ئاڵۆزییەکانی ژیانی قەبووڵ دەکرد و وەک هاوبەشێکی پاک و ڕەوشت جوان، دڵسۆز و تێگەیشتوو کەموکوڕییەکانی باروگوزەرانی بەسەبر و لەخۆبردوویی دەسەلماند. دەتگوت ساڵانی ساڵە لەگەڵم ژیاوە و ناخ و دەروونمی لێکداوەتەوە. گەلێک جار کە لە عاستی کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان دەوێستام و شەکەت دەبووم و ناهومێدی وەکو شەوی تار بەسەر دڵما دەکشا، بەزەردەخەنەی پڕ لە هیوا و ئاواتەوە دڵخۆشی دەدامەوە و تیشکی ڕووناکی و هومێدی داوێشتە ژووری تاریک و تنووکی دڵم. ئەوە بوو کە ساڵێک لە دوای زەماوەندمان کچێکمان بوو ناوم نا گوڵاڵە.

لام وابوو گوڵاڵە دەبێتە هۆی گەشانەوەی ژیانی پڕ لە کوێرەوەریم. کەچی بەداخەوە لە پاش چوار مانگان لێی تێگەیشتین کە زگماک و نوقستانە (فەلەجە) زۆرم دکتۆر پێ کرد، بێ کەڵک بوو، هەرکاتێ کە چاوم پێی دەکەوت وەکو مۆم دەتوامەوە. تەمەنی گەیشتبووە دوو ساڵ و نیو، هێشتا نەیدەزانی هیچ بخوات و شیرمان بەزارێوە دەکرد. کاتێ شەکەت و ماندوو دەگەڕامەوە دڵم بۆی دەسووتا و لەسەر کۆشم دادەنا و لەتاو نارەحەتی خۆم و پەژارەی دڵم، دەستم دەکرد بەگۆرانی گوتن و فرمێسک وەراندن، جاروبار چەند دڵۆپێک دەکەوتە سەر گۆنا جوانەکەی گوڵاڵە و چاوی هەڵدێنا. بەسەرگەردانییەوە چاوی دەگێڕا و، وەگاڵ و گوغ دەکەوت.



سەیر ئەوەبوو، تەنیا و تەنیا دەنگی منی دەناسی و بەدەنگی من چاوی هەڵدێنا و بەس. کاتێ مناڵی دووهەممان بوو کە ناوی «هەڵاڵە»م لێنا، گوڵاڵە هەر سێ مانگی تر ژیا و خودای میری مەزن بەڕەحمەت و کەرەم بردێوە لای بارەگای خۆی. ئەگەرچی زۆری بۆ گریام بەڵام هەرچی بوو، ڕوحمێک بوو کە خوداوەند هەم دەرحەق بەمن کردی و، هەم دەرحەق بەئەو کردی بەکورتی ئەو سێ ساڵە بەکوێرەوەری و نارەحەتییەکی زۆر تێپەڕبوو. تا ئەوەی کە پیاوچاکێک لە چاکەی خۆیەوە دەستی منی گرت و لەنارەحەتی ڕزگارکردم و منی کردە حیسابداری کانوونی کار ئامووزی و، هەتا دەمی مردنم چاکەی ئەو مرۆڤە لەبیر ناکەم.

ماوەی هەشت ساڵان حیسابداربووم، زۆر بەپاکی و سەداقەتەوە کارم دەکرد. لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا چەند بەرنامەیەکی هونەریم بۆ هاتە پێش و تاڕادەیەک باری ژیان و گوزەرانی گۆڕیم. بۆ وێنە بەهۆی چەند کەسێکەوە بەمەبەستی بەڕێوەبردنی یەک دوو بەرنامەی هونەری لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ورمێ ڕێ خۆشکەریم بۆ کرا، هەر ئەو یەک دوو بەرنامەیە سەرنجی بەڕێوەبەرانی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شیرازی بۆ لای من ڕاکێشا و من لە فیستیڤاڵەکەدا بەشداریم کرد.

کاتێ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەمەهاباد دامەزرا (وابزانم ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی بوو) بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکان پێویستیان بەوەرگێڕ و نووسەر هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە خاوەن قەڵەم بوون لە ئەزموونێکدا کە بۆ ئەو مەبەستە پێکهات بەشدارییان کرد منیش یەکێک لەوان بووم کە بۆ وەرگێڕیی بەشداریم کرد. ئەگەرچی باشترین نمرەم وەرگرتبوو بەداخەوە ساواک نەیهێشت لەوێ دامەزرێم بەڵام توانیم هەتا دوو ساڵان بەلاوە، بۆ بەرنامەی خاو و خێران شت بنووسم و لەو ماوەیەدا هەلومەرجێک پێک هات کە بەرنامەی هونەری و تۆمارکردنی گۆرانی لە ئێزگەی مەهاباددا بەڕێوەبەرم کە لە ئێزگەکانی کرماشان، تاران، سنە و تەنانەت لە بەشی کوردی عێراقیش بڵاودەبوونەوە.

ساڵی ١٣٥٤ لە پێشبڕکێی ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کە لە کرماشان بەڕێوەچوو بەشداریم کرد و لەوێش سەرنجی بەرپرسانی وەزارەتی فەرهەنگ و هونەر بۆ لای من ڕاکێش بوو، پاش ئەوەی کە لە ئەزموونی سەرانسەری بەشداریم کرد، دەرچووم و بەناوی بەرپرسی هونەری و ئەدەبی دامەزرام هەربۆیەش لە کانوونی کار ئامووزی دەستم هەڵگرت و هەتا ساڵی ١٣٥٩ھ بەرپرسی بەشی ئەدەبی و هونەری فەرهەنگ و هونەری شاری

مەهابادبووم. بەداخەوە لە ساڵی ١٣٥٩ دیسان بێکار کرام و هەرچی هەم بوو لە ماوەی ساڵێکدا فرۆشتم و بۆ منداڵەکانم خەرج کرد. دەستمایەشم نەبوو کار و کاسپی پێوە بکەم و هێز و گوڕی جارانیشم نەمابوو هەتا پارچە زەوییەکی بەئیجار بگرم و کاری لەسەر بکەم. هەر کە چاوم بەمنداڵەکان دەکەوت وەک بەفری مانگی ئادارێ دەتوامەوە. بێکارکردنی ئەو جارەم زۆر لە ئی کەڕەتی پێشوو گورچووبڕتر بوو. ڕۆژێک چوومە لای دۆستێکی باوکم، کە باوکم زۆری چاکە دەرحەق کردبوو، گوتم: هەروەک بۆ خۆت دەزانی من زۆر شارەزای کشتوکاڵی سەوزیخانەم، ئیزن بدەن وەک کرێکارێک لە سەوزیخانەکەتدا خەریکی کارێ بم. وەڵامێکی ناحەزی دامەوە و گوتی: کرێکارم زۆرە و پێویستم نییە. بەناهومێدی گەڕامەوە و، ئەوێ شەوێ هەتا بەیانی نەسرەوتم. هەر بیرم لێ دەکردەوە، خودایە چ بکەم؟ ئەو منداڵانە چۆن بەخێو بکەم و منەتی نامەردان نەکێشم؟

ئەگەرچی قەت کاسپی ناو بازاڕم نەکردبوو بەڵام بڕیارم دا، دەست فرۆشی بکەم. بەیانی زوو چوومە لای ئاشنایەک و گوتم: یەک دوو ڕادیۆم بدەیە هەتا بیانفرۆشم. ڕادیۆکانی دامێ و گوتی: ئەو ڕادیۆیانە بفرۆشە، قازانجەکەی بۆ خۆت و مایەکەشم بۆ بێنەوە.

رادیۆکانم هەڵگرت و بەنێو مەیدانی مەنگوڕاندا هاتمە خوارێ، دیتم هەر خەڵکە و، بەسەرسوڕماوی دەڕواننە من. بەڵام من بڕیاری خۆم دابوو کە گوێ نەدەمە کەس. حەوتوویەک ئەو کارەم کرد و بەتەواوی ترسم شکا.

ڕۆژێک چوومە لای خزمێکم و گوتم: ئیزنم بدە کە لە پێش دووکانەکەت سەوزی و میوە بفرۆشم. ئەو خزمەم کە هەتا ئەو دەمی زۆر چاکەی دیکەشی دەرحەق کردبووم، گوتی: ئەگەر لە ڕووت هەڵدێ و ئەو کارەت پێ دەکرێ، ئەمن قسەیەکم نییە. ئەمنیش هەر ئەوێ ڕۆژێ سەوزیم هێنا و دامنا. هەتا ئێوارێ هەموویم فرۆشت و بەسەربڵیندی گەڕامەوە ماڵێ.

دووکاندارەکانی مەیدانی مەنگوڕان و هەموو ئەو کەسانەی منیان دەناسی، بەسەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردم و بەڵکو لە دڵدا هەزاران پرسیاری جۆر بەجۆریان لەخۆیان دەکرد. بەڵام ئەمن لە هەموو ژیانمدا جگە لە تۆوی سەداقەت و فیداکاری و سەرشۆڕنەکردنەوە چیترم نەچاندبوو هەر بۆیەش پشتم بەخۆم قایم بوو و باکی ئەو جۆرە شتانەشم نەبوو. بەدڵێکی قایم و پتەو لێ بڕام کە درێژە بەو کارەی بدەم، هەتا خوداوەندی مەزن دەرگایەکم لێ دەکاتەوە.



من دڵنیابووم کە خودا ئاگای لێمە و هەمیشە چاکەم وەڕێ دێنێ، چونکە هیچ کاتێ نییەتی خەراپ لە دڵم نەگەڕاوە و جگە لە نییەت پاکی سەبارەت بەخەڵک هیچی ترم لە خۆمدا شک نەدەبرد. هەمیشە حازر بەهەموو ناڕەحەتییەک بووم بەو مەرجەی لەناو گەلەکەمدا بژیم. بەوجۆرە ماوەی سێ ساڵان لەبەر دووکانی ئەو خزمەمدا سەبزی و میوە فرۆشیم کرد و ژیانی بنەماڵەکەشم زۆر بەرەو باشی دەچوو. ئالێرەدا پێویستە پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو کوڕە پوورەم بکەم کە ناوی فەتاحە. هەروەک عەرزم کردن، ماوەی سێ ساڵان سەوزی و میوەم فرۆشت. زستانانیش یان سەفەرم دەکرد، یان شتم دەکڕی و دەمفرۆشتەوە، هەتاکو لەگەڵ خزمێکم شانس بەرەو پیرمەوە هات و سێ دانگی تاکسێکم بۆ وەدەرکەوت. پاش ماوەیەکی زۆر کەم سێ دانگی تاکسێکم فرۆشتەوە و بەیارمەتی چەند هاواڵێکم کە پوولیان بەقەرز دامێ، شەش دانگی تاکسێکی کۆنم کڕییەوە و کارم لەسەر کرد.

ئێستاش کە ئەو ژیاننامەی دەنووسمەوە، تاکسیەکەم هەرماوە و کاری لەسەر دەکەم و بەهەر جۆرێک بێ ژیانی خاو و خێزانەکەمی کە هەشت کەسین پێ دابین دەکەم.

ئەگەرچی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا گەلێک سەختی و دژواریم دیتن و زۆر جاران لەناو تەپومژی خەفەتباریدا نوقم بووم، بەڵام دیسان نەوێستام و هونەرم لەبیر نەچۆتەوە، بەردەوامیش تێدەکۆشم بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی هونەریم هەر هەبێ، بەو ئاواتەی کە پاش مردنم، شوێن و ئاسارێکی باش وەک یادگارێکی بەنرخ بۆ گەلەکەم بەجێ بێڵم.

لەکۆتاییدا پێویستە بڵێم کە لە حاڵی ئێستادا پێنج کچم هەیە بەو ناوانە: هەڵاڵە، کەژاڵ، پاوان، خەرمان و هەرە بچکۆلەکەشیان ساوان کە سێیان گەورەن و زۆر هۆگری هونەرن، بەڵام بارودۆخی زەمان و هەروەها شێوەی ژیانی بنەماڵەییم ناچاری کردم دەرحەق بەڕاهێنانی هونەری ئەوان کەمتەرخەمی بکەم. دیارە ئەوانیش هەروەکو خۆم، لایەنگری ئاهەنگ و گۆرانی قورسن. هەربۆیەش وەکو خۆم گۆرانییەکانی مامۆستایان سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی، تایەر تۆفیق، محەمەدی ماملێ، ساڵح دیلان و حەسەن جەزراوییان پێ خۆشە و زۆر سەرنج و بایەخ دەدەنە سەر گۆرانییەکانی خۆشم. داوای بەختەوەرییان بۆ دەکەم.

«هەربژین بەشادی»

شەوەزەنگە، وڵات تاریک و خامۆشە
بەکوڵ دەگریم، دڵ دەناڵێ پڕ لە جۆشە
«شاڕوخ»

## وەسیەت

وەسیەتم بێ،
ئەگەر مردم
تەرخان مەکەن بۆم هیچ شوێنێ
جەنازەکەم بسووتێنن،
خۆڵەپۆتی
لەژێر شتلێکی ساواکەن
کاتێ کە ڕوا
لەبەر نیسێی لق و پۆپی
نازەنینێک وەحەسێنی

یوسف ئەحمەد



## سوبح پێ ناکەنێ

ئاهەنگ: ساڵح دیلان
شیعر: حەمدی
وتنی: شاڕوخ

سوبح پێ ناکەنێ تا بێ نەوایە شەو، بەدڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ، تا بولبولی سوبحێ بەکوڵ نەگری
بەری نابێ درەختی باغی عالەم تا هەموو وەک یەک
بەیەک سۆز و بەیەک شۆر و بەیەک دەم چڵ بەچڵ نەگری

## چارۆکێ

ئاهەنگ: فۆلکلۆر
شیعر: مەدحەت بێ خەو
وتنی: شارۆخ

نامەی شادی نامەی یار نامەی دڵداری بۆندار
نووسراوە بەئاوی گوڵ بەفرمێسکی چاوی یار
شەماڵ نامە بفڕێنە لە دەشت و کێو و لەشار
مژدەی شادیم بۆ بێنە نامەی ئاڵی نەوبەهار
دەنووسم بەئاوی گوڵ، خۆشەویستی و دڵداری
بۆ نەمامی نەرم و شل بۆ سەیر و یادگاری
جوانی بەژنی گوڵزار بەهەشتی سەر زەمینە
یەک دانە سلاوی یار چاری زام و برینە
پەیمانم وەک پۆلایە لەگەڵ یارە جوانەکەم
دڵ لەیەکتر ئاگا بە هەر ئەوە تاقانەکەم



## سەوزە هەی لیمۆ

ئاهەنگ: فۆلکلۆر
شیعر: کەریم شارەزا

سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ
من کەم شەرتم یانە تۆ
بەم بەقوربانی بالای تۆ

***

ئەی چرای گەشی چیمەن
فریشتەی سووری گوڵشەن
ڕەونەقی ژینی ڕەوشەن
تۆ نۆبەرەی بەهاری
تۆ شاگوڵی گوڵزاری

***

جوان و شۆخ و شەنگی
چەن نازدار و خۆش ڕەنگی
تۆ نیشانەی سەربەستی
بزوێنی بیر و هەستی

***

چەن نەشئەدار و گەشی
هەردەم بێ دەرد و خەوشی
ناز و عیشوە دەبەخشی
وەک نەخشی ناونیگاری
دەست چینی دەستی یاری

***

بولبولی مەست و مەدهۆش
بەرامبەر خونچەی خامۆش

دەخوێنی بەسۆز و جۆش
ئاوی شەونم دەنۆشی
گەڵای سەوزت دەپۆشی

***

لەناو چیمەن سەربەستی
ناسک و شلک و تەرزی
جوانترین گوڵی عەرزی
عینوانی کامەرانی
تۆ ڕەمزی شادومانی

***



## ئاگر بارانە

ئاهەنگ: فۆلکلۆر
شیعر: پیرەمێرد

کەوتە کلیشەم، کەوتە کلیشەم
شەوێک سەودای لەیل کەوتە کلیشەم
پەروانە ئاسا تەوافی ڕووی شەم
تێکی هەڵشێلا هۆش و ئەندێشەم
ئەی خودا لەو ئاگربارانە
هەی بەبێ تۆماڵم وێرانە
بەزۆری شۆری سەودای پڕ سەودا
هاتوومە کڕیاری لەنیوە شەودا
سەرگۆنای ماچ کەم لە شیرین خەودا
سەری هەڵبڕی چاوی پێم کەوت
یەخەی دادڕی بەیان دەرکەوت
ئەی خودا لەو ئاگر بارانە
هەی بەبێ تۆ ماڵم وێرانە
سپیدەی بەیان سەر ڕەشی شەو کەوت
هیندەی جوێن دا توورەیی و سرەوت
جوێنی بۆمن بوو بەبەهانە
ئەی خودا لەو ئاگربارانە
هەی بەبێ تۆ ماڵم وێرانە

## مەقام

شیعر: ئیبراهیم ئەحمەد

بابێ بۆت بڵێم باسی جوانیم
ڕۆژانی بەرخی و شەوانی شوانیم
کۆرپەی ئازیز بووم شوانکارەی شادی
ژیان بەخۆشی هەتا توانی
قەسەم بەو خاڵەی لە ڕووتە
فینجانەی مەمکت یاقووتە
سەرهەڵێنە جەرگم سووتا
ئەی خودا لەو ئاگربارانە
هەی بەبێ تۆ ماڵم وێرانە
وتم جوێنت بۆ من خەڵاتە
کەمەندی سەودای تۆم کەوتە گەردن
وام ڕادەکێشێ بێ باک لە مردن
ئەی خودا لەو ئاگربارانە
هەی بەبێ تۆ ماڵم وێرانە



## کەویار

ئاهەنگ: فۆلکلۆر

کەویار کەویار خۆش کەویارێکی
وەرە سەر قەبرم ساڵێ جارێکی
نەخۆش و مەستی دووچاوی کاڵم
حەقم بەدەستە ئەگەر بناڵم
بەغەمزەی چاوت بەخەندەی زارت
بردیان بەغارەت خەو و خەیاڵم
کەویار کەویار کەوێک دەخوێنێ
شێوەردێ دەبرم کێ دایە چێنێ

# مەقامی ئەڵڵاوەیسی

شیعر: کاک هاوار

ئەی جوانە کچی چەشنی گوڵی سووری موکریان
لەو ڕۆژەوە تۆم دیتووە شێواوە ژیانم
ڕۆیشتی لەگەڵ بۆنی بەیانانی هەڵاڵان
من ماوم و تەنیایی و فرمێسکی شەوانم
ئەی هاوبەشی ڕۆژانی پڕ ئاواتی لەدەست چووم
سەد خۆزگە بەئەو ساڵە کە دڵ گەرمی ئەوین بوو
ئەو ڕۆژە ئەگەر چەشنی خەزەڵ زەردم و کەوتووم
ئەو دەم خەمێکی نەمبوو، بەوەڵڵا خەمی ژین بوو



# گوڵ نیشان

ئاهەنگ: فۆلکلۆر – بادینانی

شیعر: پیرەمێرد

گوڵ نیشان گوڵ نیشان، ئەسمەر حاڵم پەرێشان
ئەز دەچم بۆ غوربەتێ، دەسماڵت بۆ من نیشان
تینی دڵی پڕ جۆشم
بزوێنی بیر و هۆشم
هاوڕێی هەمیشەی عومرم
لەو ساوە من بۆت دەمرم
نازانم و حەیرانم
ئەی تەلەسمی ژیانم
هەر ئەوەندەم لێ ڕوونە
ئەنجام لەیەک جوێبوونە
گوڵ نیشان گوڵ نیشان، ئەسمەر حاڵم پەرێشان
ئەز دەچم بۆ غوربەتێ، دەسماڵت بۆ من نیشان
زۆری لێ پاڕامەوە
ئاوڕی لێ نەدامەوە
کەوتم، هەڵنەستامەوە
تێکی وەپێچامەوە
گوڵ نیشان گوڵ نیشان، ئەسمەر حاڵم پەرێشان
ئەز دەچم بۆ غوربەتێ، دەسماڵت بۆ من نیشان
«هەی لاڵ بم نابیسم لە چیا و لە ڕەزان
سیڕەی هەڵۆیان، چریکەی بازان» مەقام
گوڵ نیشان گوڵ نیشان، ئەسمەر حاڵم پەرێشان
ئەز دەچم بۆ غوربەتێ دەسماڵت بۆ من نیشان
ئەنجا هاتە سەرینم
چاوی کەوت بەبرینم

گیان گەیی بۆ برینم
یەخەی لادا بیبینم
گوڵ نیشان گوڵ نیشان ئەسمەر حاڵم پەرێشان
ئەز دەچم بۆ غوربەتێ، دەسماڵت بۆ من نیشان
مانگ بەکەتان ڕازابوو
دوو دوگمەی ترازابوو
دوو نار لەنوور ڕوابوو
لەسەر سینەی دانابوو
گوڵ نیشان گوڵ نیشان ئەسمەر حاڵم پەرێشان
ئەز دەچم بۆ غوربەتێ، دەسماڵت بۆ من نیشان



## وەنەوشە

ئاهەنگ: شاڕوخ
شیعر: هێمن

ئەی وەنەوشە ئەی گوڵی من
ئەی خەم ڕەوێنی دڵی من
لەشادی تۆ فەسڵی بەهار
سەر جۆگەیە مەنزڵی من
بۆنی خۆشت مەستی کردم
ڕەنگی جوانت دڵی بردم
ئێجگار بەئاواتەوە بووم
بەهارهات دیمی نەمردم
گوڵێکی چەن شەرمێونی
لەنێو گژوگیادا ونی
ئەوەی من دەمەوێ ئەوی
جێت بڵیندە سەرت نەوی
بەڵام نەوبووکی بەهەشتی
بۆمن هاتوویە سەر زەوی
ئەی وەنەوشە گوڵی بۆن خۆش
زەمانە ناهێڵێ ئەتۆش
بەڵام عەترت لێ دەگیرێ
بۆیە کە ناکرێی فەرامۆش

## ساقی دەروێشان

ئاهەنگ: تۆمارکراوە
شیعر: فۆلکلۆر

ساقی دەروێشان جامی شەڕاب بابێ
پڕکە پیاڵە مانگ لە گۆشە ڕابێ
ئەو کچە میوانە بۆ چ لێم تۆرابێ
ئەمان لە بەندی چارۆکێ
یەکا و یەکە وای یەکە
چاو ڕەشە تەماشای کە
پرچت لوول مەکە حاڵم پەشێوە
کێ ناشێوێنی ئەو جۆرە شێوە
ڕەشی بەختی من کلی چاوتە
ڕشتەی حەیاتم زولفی خاوتە
کوشتەی نازی خۆت زۆر مەدە ئازار
زولفت نەبێتە پەرژینی روخسار
پرچت لوول مەکە حاڵم مەلوولە
شێوەی مەلوولیم وەک پرچی لوولە



## ڕازی تەنیایی

ئاهەنگ: شاڕوخ
شیعر: هەردی

ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزووی کوشتم
شەرابی جامی دڵداری لە تافی لاویا ڕشتم
تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت وەها تاریک و چڵکن بوو
نیگاری خۆشەویستی دڵ پەری ئاسا تیا ون بوو
شەوی تەنیایی ڕووناکی چرای ئاواتی خنکانم
دەستی ناکامی ئاوازی دەروونی لەیلی تاسانم
ئەوا ئێستا، لەگەڵ زامی
دەروونی پڕ لە ناکامی
دەپێوم چۆلی سەرسامی
لە تەنیایی شەوی ژینا، دەنێم هەنگاوی کوێرانە
نییە دەستێ دەرم بێنێ لەنێو ئەو گۆڕە وێرانە
نییە جوانێ سەری کاسم بنێتە سەر دڵی نەرمی
کە هیلاکی لەشم دەرکا خەوی سەر باوەشی گەرمی
دەگێڕم چاوی بێ تینم بەتاریکی شەوا سەرسام
نییە پرشنگی دوو چاوی کە ڕووناکی بکا ڕێگام
بەغیرەی باڵی غەمناکی
شەوی پڕ ترس و سامناکی
نییە یەک تۆزە ڕووناکی

# من برۆی پەیوەستی

شیعر: ساڵح دیلان
ئاهەنگ: ساڵح دیلان

من برۆی پەیوەستی ئەو نازدارە شیر و تیرمە
پرچی لوول و زولفی ئاڵۆز کۆتە و زنجیرمە
قوژبنی مەیخانە دایم گۆشەیی تەگبیرمە
شێخی ئەو پیر و موسینەم من جوانی پیرمە

***

نەکەی هەرگیز نەمامی گوڵ ببێتە سێبەر و سایەت
بەنینۆک گەر بژاری کەی بەپوولێ بەرهەم و مایەت
ئەوی بۆنی وەفا و عەهدە بەهیچ جۆرێ لە گوڵ نایەت
هەتا ماوم ئەچێنم تۆوی هەر خارێ لە دڵ شایەت
کە بێی بۆ سەر مەزارم دامەنت بگرن ئەگەر مردم



# هەی ناهومێدی

شیعر: پیرەمێرد
ئاهەنگ: پیرەمێرد
تەنزیم: فەیزی نەژاد

هەی ناهومێدی، هەی ناهومێدی
هەی ڕەنجەڕۆیی و دڵ ناهومێدی
بەدبەختی وەک من سا تۆخوا کێ دی
هەر لە نەجدەوە هەتا هەردەی دوجەیل
بۆ لەیلا گەڕام دەروون پڕ لە کەیل
هاتمە بێستوون لای قەسری شیرین
بۆ فەرهاد گریام بەدڵەی خەمین
چوومە زمناکۆ ڕای گوزەگای لەیل
هیچ کەسم نەدی نەشیرین نەلەیل
لە دەربەندی خان هەتا کەلی خان
ئەو ناوە یەکسەر شێواوە وێران
نەکەرۆز گەڕام وادی بەوادی
شوێنی هەوارگەی ئێلی مرادی
بەجەوری فەلەک یەکسەر وێرانە
بایەقۆش تیا کردوویە لانە
پرسیم بایەقۆش دۆستی هاودەردم
لە جیهان بێزار یاری چۆل گەردم
بۆچی وێرانە ئەو مەرز و بوومە
لە کوێ پەیدابوو وەیشوومەی شوومە
وڵامی داوە بەقوڵپی گریان
منیش وا جەرگم بووە بەبریان
ئەو ساڵ بەهارمان کە بێ بارانە
گوڵاڵە سوورمان جەرگی یارانە

## هەتا مەیلت بمێنێ

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: قادر خەلیلی
تەنزیم: فەیزی نەژاد

هەتا مەیلت بمێنێ
دڵت دڵم نەشکێنێ
عیشقی مە جاویدانە
تێک چوون یانی نەمانە
چاو جوان وەرە بتبینم
دوایی زەمانە

***

هەتا دونیا بمێنێ
خودا تۆم لێ نەستێنێ
هەر بەختیارم دەمێنم
سەر بۆ کەس دانانوێنم
چاو جوان وەرە بتبینم
دوایی زەمانە

***

هێ خوداوەندی جوانی
ئەی گۆنا ئەرخەوانی
ئەی دەم بچووک ئەی نازدار
گیانە قەت مەمدە ئازار
تۆخوا دڵم مەشکێنە
دوایی زەمانە

***

جوانی تۆ لە هەر شوێنێ
کە بێت و خۆی بنوێنێ



هەست و هۆش دەرفێنێ
وەک ڕۆژ پرشنگ دەڕژێنێ
تۆ خوا وەرە بتبینم
دوایی زەمانە

***

بەجوانی تۆ تاساوم
لە تۆ تێر نابێ چاوم
ئەمن بەتۆوە ماوم
ئاواتی نەژاکاوم
وەرە جوانێ بتبینم
دوایی زەمانە

***

## کۆمەڵە شاخ

شیعر: گۆران
ئاهەنگ: قادر خەلیلی
تەنزیم: قادر سیاحی

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش
سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی
بەدارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی
جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو
هەر ئەڕۆن ناکەن پێتی شاخ تەواو
هاوار و هاژەی کەف چڕێنی چەم
بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم
توولە ڕێی باریک توناو توون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن
ناو ڕێگا تەق تەق لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل



## دەمەکەت بێنە

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: فۆلکلۆر
تەنزیم: فەیزی نەژاد

عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا
چ قەوماوە دڵی تۆ بۆچی گۆڕا
دەمەکەت بێنە بینێ ناو دەمم
دەبا ساکین بێ دڵەکەی پڕ خەمم
ئەتۆ وا زوو لە بیرت کردم ئەمما
فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە گۆڕا
دەمەکەت بێنە بینێ ناودەمم
دەبا ساکین بێ دڵەی پڕ خەمم
لە من ڕا خۆ خەتایەک ڕووی نەداوە
ئەدی بێ مەیلی بۆ چ ڕووی دا لە تۆڕا
دەمەکەت بێنە بینێ ناودەمم
دەبا ساکین بێ دڵەکەی پڕ خەمم
ئەسیری بسکتە کۆتری دڵی من
دەبێ حاڵی چ بێ کۆتر لە تۆڕا
دەمەکەت بێنە بینێ ناو دەمم
دەبا ساکین بێ دڵەکەی پڕ خەمم

## سروەی بەیانی گوڵزار

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: فۆلکلۆر

سروەی بەیانی گوڵزار
چەندەم پێ وتی بەزار
دانیشتبووین لەناو گوڵزار
دوو بەدوو لەگەڵ دڵدار
مانگی گوڵان ڕازابوو
تاقە گوڵمی تیابوو
شایی وا تێ گەڕابوو
بەژنی جوان و لێوی ئاڵ
چاو ڕەش و قژی کاڵ
خونچیلانە و شل و مل
کوڵمی ئاڵ و خاڵ لەمل
سێو پێ گەیی نەهاتی
گەر لیمۆ زەرد بوو وەرە
نەخۆش کەوتم نەهاتی
وەعدەی گیان کێشان وەرە



## ئازیز دڵەکەم

شیعر: پیرەمێرد
ئاهەنگ: تایەر تۆفیق

ئازیز دڵەکەم کوڵ و کۆیەتی
ئارەزووی تیری پەنجەی تۆیەتی
دەمێکە تیری تۆی لێ بڕاوە
برینی کۆن بووە ئێشی نەماوە

***

ئەوە هەناسەم کەوتە ژمارە
هێندەم نەماوە وا دەمرم دیارە
تۆخوا وەسیەتم ئەوە بێ لەلات
بەیادی عیشقی بەندەی گیان فیدات

***

کاتێ کۆچم کرد بۆ هەوارگەی نوێ
ئاوام کردەوە مەنزڵگای گڵکۆ
ئەوسا دیار نابم لەبەر دەرگاکەت
کۆچ دەبێ لەمن سایە پەناکەت

***

بزانە های لەیل قەیست مردووە
حەسرەتی ڕووی تۆی بۆ خاک بردووە
من لەوێ تەنیا پەژارەی تۆمە
چ باک لە چۆلی و ساردی گڵکۆمە

بەستە

## وەرە قوربان

شیعر: دڵزار

ئاهەنگ: تایەر تۆفیق

وەرە قوربان، ئارامی دڵان
هەی وەرە نازدار وەرە قوربان
عەقڵت بردم شێتت کردم
سوتام، سووتام وەرە قوربان

***

بەڵێ دەزانم جوانی
وەک گوڵی بەربەیانی
پەری جوانی کوردانی
وەک حۆری ئاسمانی

***

وەرە قوربان، ئارامی دڵان
هەی وەرە نازدار وەرە قوربان
عەقڵت بردم شێتت کردم
سووتام سووتام وەرە قوربان

***

ئەنجا گیانی شیرینم
هەموو ئاواتی ژینم
غونچەی باغی ڕەنگینم
مەرهەمی گشت برینم

***

وەرە قوربان، ئارامی دڵان
هەی وەرە نازدار وەرە قوربان



عەقڵت بردم شێتت کردم
سووتام سووتام وەرە قوربان

***

شەو و ڕۆژ دەردەدارم
گیرۆدەی دەستی یارم
مەکە مەنعی ئازارم
بەدڵ بۆت بریندارم

## ئەی مانگ

شیعر: فایق بێکەس
ئاهەنگ: شاڕوخ

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گیرۆدەی یەک ئاهی سەردین
تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بەئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بەشارانەوە
دەخیلتم ئەی مانگ قیبلەی دڵداران
دەرمانی دەردی دڵەی زامداران
شەوێکە و ئەمشەو بگەرە فریام
بێ یار و هاودەم عاجز و تەنیام
دڵزار و بێزار، پەست و غەمگینم
گیرۆدەی داوی یاری شیرینم
دڵ بەندی عیشقی ئەو بەڵەک چاوەم
شێت و شەیدای ئەو ئەگریجە خاوەم
لەوساوە ئەوم کەوتۆتە خەیاڵ
گریان پیشەمە بوومە کۆی زووخاڵ
ئەی مانگ تۆ شوعلەی عیشقی پیرۆزی
تۆ نەشئە بەخشی دڵی بەسۆزی
قەسەمت دەدەم بەعیشق و جوانی
بەنەسیمەکەی بەری بەیانی
بەسەرهاتی خۆت بۆ من بەیان کە
دەردی گرانم نەختێ ئاسان کە
دووچاری چ بووی وا پەشۆکاوی
لەبەرچی پەست و مات و داماوی
پێم بڵێ تۆخوا چەند جووانت دی؟



چەند جووتە یاری دەست لەملانت دی؟
چەند کۆڕی بەزمی عاشقانت دی؟
چەند تەخت و بەخت و خانومانت دی؟
چەند قەوم و میللەت چەن شارانت دی؟
چەند دەربەدەر و ماڵ وێرانت دی؟
چەند چاوی سووری پڕ گریانت دی؟
ئەی مانگ ئەوەندە سەیری دونیات کرد
سەیری نیفاق و زوڵم و ڕیات کرد
بۆیە بەم ڕەنگە کاری لێ کردی
ڕەنگ و شعوری بەجارێ بردی

## شەوەزەنگ

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: گوڵبەهار
تەنزیم: فەیزی نەژاد

شەوەزەنگە، دونیا تاریک و خامۆشە
بەکوڵ دەگریم دڵ دەناڵێ پڕ لە جۆشە
گۆییەک بگرە لە ناڵەی
لە ئاهی سارد و سکاڵای
ئافرەتێکی جوانکیلە
ورد و جوان و وردیلە
بەدیمەن جوان بەژن و باڵای وا چەمابوو
تەمی مەینەت لەسەر کوڵمیدا سەپابوو
کۆرپەی شیرین و ساوا
وا لە ئامێزی ناوا
بەدڵ گرتبوویە باوەشی
جارجار بەخۆیەوە دەکوشی
دەیگوت: ئەی بەرخۆڵەی جوانم
هەموو ئاواتی دوارۆژی گشت ژیانم
ئەوا شەو تێدەپەڕێ
تیشکی ڕۆژ دێتە سەرێ
شەو بەیانی بەردەدا
شەونم گوڵان ئاودەدا
شا ئەستێرەی گەش و ڕوونی ئاسمانم
ڕۆڵەی دوارۆژی هیوامی تا نەمانم
بنوو ڕۆڵەی شیرینم
ڕوحم، ئاواتی ژینم



دەتپێچم بەجلی دڕاو
بەپێ خواسی و بێ پێڵاو
گەرچی وەک غونچەی گوڵی سووری بەهاری
بەڵام چێشتت هەموو دەردی لێو بەباری
بەڵام ئاسۆت ڕووناکە
وەک ڕۆژی تابناکە
بنوو تاکوو سبەینێ
موژدەی ئاواتت دێنێ.

# پاییزی جاران

شیعر: ساڵح دیلان
ئاهەنگ: شاڕوخ

ئەوا دیسان پاییز هات گەڵاڕێزانە
هەوری پەڵە ڕووە و شاخ بەرەو کوێستانە
بەڵام ئێستا و شەوی ئێستا چۆن بەجۆش کەم
گڕی کۆڕی ساردەوەبوو بەچی خۆش کەم
شەوگاری تاریک و نووتەک چۆن ڕۆشن کەم
ئەو سەرە گێژ و شێواوە چۆن هۆشن کەم
ئەی هەورەکە دایڕێژە سەری تەشرینە
وادەی پەڵە و ناژتنی تەرمی هاوینە
نۆرەی تۆیە بگری بەسەر هەمووومانا
بەسەر ئێسک و پرووسکی ڕابردوومانا
بیشۆرەوە باسەر لەدەست دیاری بێ
باقوڕ خەست بێ و بۆ سەری شەرمەزاری بێ



# سڵاو

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: قادر خەلیلی
تەنزیم: فەیزی نەژاد

لە قووڵایی و هەست و گیانم
سڵاو بۆ تۆ یاری جوانم
بەعیشقی تۆیە من ماوم
نامەکەت هاتە سەرچاوم
بێ تۆ بەهارم ناوێ
بێ تۆ ژیانم ناوێ
بێ تۆ من شادیم ناوێ
بێ تۆ من ناژیم تاوێ
نامەکەم کردێوە بەشادی
بەسەربەستی و ئازادی
چاوی تۆم کەوتەوە یادی
ڕۆیی ڕۆژی نامورادی
بێ تۆ بەهارم بۆ چییە
بێ تۆ سەیرانم بۆ چییە
بێ تۆ من شادیم ناوێ
بێ تۆ من خۆشیم ناوێ
گەلێ سپاس بۆ ئەوینت
بۆ عەشقی پاک و شیرینت
بەچاوی بێ بن و شینت
بەئەگریجەی پڕ لە چینت
بێ تۆ وەفادار نابم
بێ تۆ کامەران نابم

شەرتە لێت غافڵ نەبم
شەرتە قەت لێت دوور نەبم
ئەو ڕۆژەی دڵم بۆت لەرزا
ئەوینی تۆی لێ داڕێژرا
نامەم بۆ نووسیوە بەتاو
ڕازاندوومە بەگوڵ و سڵاو
بێ تۆ من مانم بۆ چییە
بێ تۆ جیهانم بۆ چییە
بێ تۆ من جوانیم ناوێ
جوانی بەهارم ناوێ



## بەجۆش و بەستە

شیعر: ؟
ئاهەنگ: فۆلکلۆر

بەجۆش و بەستە بەتەم خەستە دڵ
بێ سۆز و بەستە بەخەم پەستە دڵ
گوڵزاری هیوا پڕ دڕک و داڵە
ژیان لە ناوی تاریک و تاڵە
ویشکە چڵی گوڵ سیسە پەلکی چل
لەبەر دووری گوڵ کۆچ دەکا بولبول
وەنە لەم ژینە هەراسان دڵە
خەم زیخی گەرمە بیابان دڵە

«مەقام»

هەی مانگ من و تۆ هەردوو هاو دەردین
هەردوو گیرۆدەی یەک ئاهی سەردین
بەجۆش و بەستە بەتەم خەستە دڵ
بێ سۆزە بەستە بەخەم مەستە دڵ
وەنە لەم ژینە هەراسان دڵە
خەم زیخی گەرمە بیابان دڵە
ئاسمانی هەستی کپ و خامۆشە
ئەستێرەکانی پەژارە نۆشە

## دەتپەرستم

شیعر و ئاهەنگ: شاڕوخ

تەنزیم: فەیزی نەژاد

دەتپەرستم بەیەزدانم
بەروح و گیان و ئێسقانم
بەولاتم بەنەمانم
بەئامانجی بەرزی ژیانم
دەتپەرستم خۆشەویستم
بەرۆژانی ڕەشی ژیانم
بەپەیمانم بەئیمانم
وەفادارم بەدڵ و گیانم
بەهەست و بیر و دەورانم
دەتپەرستم خۆشەویستم
سوێندت بۆ بخۆم بەقژی زێڕین
ئەی حۆری جوانی سەر زەوین
بەوانەی وا ناکام ڕۆین
بەتریفەی مانگی زێڕین
دەتپەرستم خۆشەویستم
مەیلت نانێم هەتا ماوم
بەشلێرە و هەلآلانم
بەشەو و ڕۆژی کاوانم
بەمزگەوتەکەی واوانم
دەتپەرستم خۆشەویستم
دڵنیابە هەر تۆم دەوێ
قەت تۆم لەبەر چاو ناکەوێ
مەستی ئاواتی تۆم شەوێ
بەبێ تۆ دڵم ناسرەوێ
دەتپەرستم خۆشەویستم



## تکا

شیعر: مامۆستا عەتری یان
محەمەدی نووری
ئاهەنگ: شاڕوخ

مەقام

کە مردم و نەما شوێن و ئاکاری من
حەساوە زەمان گوێی لە هاواری من
لە جێی باغەڵ و باوەشی گەرمی یار
بەسارد و سڕی کەوتمە گۆشەی مەزار
بەتاسەم نەچێ دیمەنی ئاو و گوڵ
وەبەر زەینی دەی یادی من بێنیە دڵ
گەلێک لەو گوڵ و ئاوە خاوێنترم
لە سروەی بەیان پاک داوێنترم
کە دیتت هەتیوێکی ماتی هەژار
کەساس و کز و بێ نەوا و پەسار
لە هیوا و هومێد بێ بەش و بەهرەیە
لە فرمێسکی ڕوون گۆشی پڕ قەترەیە
بەیادم بڕۆ بگرە باوەش بەتاو
لە گۆنای سڕی پاک کەوە ئەشک و ئاو
من ئەو دانە ئەشکەم لەنێو چاوی ویم
گوڵی ڕوومەتی سیس و ژاکاوی ویم
هەناسەی سڕی سۆزی گیانی منە
نیشانێکی دەوری ژیانی منە

## کچۆڵەی بەناز

شیعر: پیرەمێرد – شاڕوخ
ئاهەنگ: بادینانی (فۆلکلۆر)
تەنزیم: فەیزی نەژاد

کچۆڵەی بەناز کچۆڵەی بەناز
بازی عیشوەباز دۆستی شەکەر ڕاز
جوانی بێ ناوونیشانی، تۆ گوڵی مانگی نیسانی
ئازیزم نازەنین خۆشەویستەکەی من
نازەنین چاو بەخومار، دڵدارەکەی من
پێکەنینەکەت بۆ زام و مەرهەم ساز
شاهینی شاهی سەرقوللەی پێ باز
تۆ سروەی بەری بەیانی، تۆ ئاواتی دڵ و گیانی
ئازیزم، نازەنین، نازدارەکەی من
خۆشەویست، چاو بەخومار، دڵدارەکەی من
ڕەنگی ڕوخسارت بەیانی بەهار
کەوانەی پەرگار دەستی کردگار
ماچی گۆنای نەختێ ئاڵت
پەنجە و پاوانەی جوانت
ئازیزم، نازەنین، نازدارەکەی من
خۆشەویست، چاو بەخومار، دڵدارەکەی من
گوارە کەوتۆتە ژێر ئەگریجەی خاو
هەڵاوەسراوە لە خوێن داگیرساو
بۆ خونچەی هەناری سینەی
دڵ دەناڵێنێ وەکو نەی
ئازیزم، نازەنین، نازدارەکەی من
خۆشەویست، چاو بەخومار، دڵدارەکەی من



## پەری بەهەشتی

شیعر: عەبدولڕەحمان بێلاف
ئاهەنگ: شاڕوخ
تەنزیم: فەیزی نەژاد

شەوانی ژینم ڕۆیی بەفیڕۆ چوو گشت ساتم
نەمدی غەمزەی سەرلێوان ڕوون کا ڕێگای نەجاتم
لێم پرسی کیژۆڵەی جوان ئەی پەری ئەی نەغمە خوان
تۆ پەری کام بەهەشتی وا جوان و پاک ڕەوشتی؟
ئارەقی شەرمی کوڵمت تەڕ دەکەن گۆنا و خاڵان
چاوی سیحراوی و مەستت دڵ وا دەبەن بەتاڵان
ئەی گوڵ عوزاری ژیان
دەرهێنەری هەست و گیان
تۆ پەری کام بەهەشتی؟
وا جوان و پاک ڕەوشتی
لە عاستی شۆخ و شەنگیت لە شەرم و لە بێ دەنگیت
ئەی کیژی کوردی نازدار تۆ بۆچی وا خۆش ڕەنگیت؟
سەرم سوڕماوە گیانە
لە دەور و لەو ژیانە
تۆ پەری کام بەهەشتی
وا جوان و پاک ڕەوشتی
نەمدی جارێک وە دەنگ بێی
بۆم بڵێی ڕازی نەهانی
بپشکوێ خونچەی لێوت
وەک گوڵی بەربەیانی
پێم بڵێ هەستی دەروونت
لەم بیری پاک و ڕوونت
تۆ پەری کام بەهەشتی؟
وا جوان و پاک ڕەوشتی

## مەرگ هەرگیز ڕەگی داربەڕوو ماچ ناکا

شیعر: عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی
مەقام: ئەڵڵا وەیسی
گوتنی: عەزیزی شاروخ
بۆ سەتەلایتی کورستان تۆمار کراوە

ئەی داربەڕووی تەمەن درێژ
ئەی درەختی، خۆڕاگری
ورە بەرزی، بەر ڕەشەبای
ناهەمواری هەوراز و لێژ
کامە لافاو لەم ڕۆژگارە
خوڕەم دیارە،
کام ڕەشەبا،
بەتەوژم و نالەبارە
توانیویانە
گەرای ترست تیا بڕوێنن؟
کێوی ورەت بڕوخێنن؟
وەک کوندەبووی،
سەر کەلاوەی شاروێرانێ
لەسەر قەد و
ڕەگ و ڕیشەی، سوتاوی تۆ
بەقاقای ڕەشیان بخوێنن؟
ئەی داربەڕووەکەی کۆنە ساڵ
تۆ لە خەزان بەهێزتری
زەردی هەرگیز ڕووت تێ ناکا
تۆ نامری تۆ نەمری
کەسێ دەمرێ کە بێ خاک بێ و



بێ وڵات بێ و،
هێڵێکی سوور نەیگرێتە خۆی
بەڵام کە تۆ،
خاکێ ڕەگت لەباوەش کا،
خۆری هیوات
دروێنەی تاریکیی ڕەش کا
باوەڕ بکە،
زۆر لە مەرگیش گەورەتری.

مەقام

## پیرەهەڵۆ

شیعر: هەژار
ئاهەنگ: شاڕوخ

پاییزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە
با تەزوو سەردە بەتۆز و گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەڕنی خەزەڵ هەڵدەوەرێ
هەورە ڕەش پۆشە بەگریە و ناڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگیساڵە
بەکژەی سەردی هەناسەی کەژوکۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرەهەڵۆ
داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم
ئەو دەمی چۆن و چ بووم بۆ وانیم؟
هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم
مامەوە گردەنشین بێ ڕاوم
دوورە گۆشت پۆڕ و کەوم وەردەکەوم
گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم
پیرییە پاییزی وەرزی ژیانە
وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕنانە
چم بەسەردێ کە نەمام و مردم
پەڕی بەربایەک و خۆڵی وردم
گیان بەرەو کوێ دەفڕێ روون نییە بۆم
تۆ بڵێی بچمەوە لای باوە هەڵۆم



مەقام – بەهارە

## بەهاری کوردەواری

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: شاڕوخ

شەماڵ هات بەگاڵەگاڵ
هەور بوون گەواڵ گەواڵ
پشکووت گوڵی سوور و ئاڵ
بولبول کەوتە ناڵە ناڵ
بەلەنگێزە بەباران
بەشنەی بای بەهاران
توانەوە وەکو جاران
کەوی بەفری نیساران
نەما مژ و سەرما و سۆڵ
نەما سیخوار و سەهۆڵ
تەرت و ڕژد و شێو و دۆڵ
لێی هاتە دەر گیاوگۆڵ
دەشت و چیمەن ڕازاوە
کێو و بەندەن نەخشاوە
زەنگ و چینکە ژیاوە
گیا سەری پێوەناوە
لە هەوشین و گەدەولەند
لە کوێستانی دەسامرەند
هەڵز و بیزا و گیابەند
تێک چرژا بۆتە زەمەند
وەنەوشەی جوانی خۆش بۆ
هاتەدەر لە لێوی جۆ

گرمەی هەوری بەهاران
دێ بەیانی و ئێواران
دار دەری کردووە چرۆ
کەروێشکەی کرد گەنم و جۆ
خوناوەی ورد باران
تەڕ دەکا گەڵای داران
ورتە ورتی هەوێردان
دێ لەناو شیناوەردان
وێستاوە زەنگوڵ زەنگوڵ
شەونم لەسەر پەلکی گوڵ
لەبەر دەرکی ڕەشماڵان
گاز دەکەن کوڕ و کاڵان
لێوئاڵ و دەم بچووکن
خوێن شیرین، ڕەزا سووکن
کوڵمەیان وەک گولووکن
گەورە کچن، نەو بووکن



## خۆرنشینی ئاسۆی بەهار

لە گوڵی سەربەستی مامۆستا تایەر تۆفیق وەرگیراوە

مەقام

خۆرنشینی ئاسۆی بەهار
لە خوێناوی ئاوابوونا
وردە وردە دەچێتە خوار
کڵپەی دوایی لە دەروونا
دەڵێ بوونی ئەم دنیایە
وەکو تیشکم دەتوێتەوە
کام شۆقی جوانی ڕووی تێدایە
وەک هەناسەم دەبڕێتەوە
کام بەهار زۆر شۆخ و شەنگە
کام ئاواتی دڵ قەشەنگە
کام دونیا پڕ لە خۆشییە
دوور لە ڕەنگی ڕەشپۆشییە
ئێوارەیە دونیای جوانی
وەکو ساوایەکی دڵپاک
بزەی موژدەی سەرلێوانی
ئارامە بۆ گیانی ڕووناک
منیش تەنیا لەم قەدپاڵێ
سەرنجم ونی ئاسۆیە
دڵی پڕم وەک مناڵێ
خەیاڵی وا لە شوێن تۆیە

## بەهاری ڕوو زەرد

شیعر: پیرەمێرد
ئاهەنگ: فۆلکلۆر

بەهاری ڕوو زەرد بەهاری ڕوو زەرد
منیشی خستە کەژ و کێو و هەرد
ڕەنگ زەرد و سەرشین دەروون پڕ لە دەرد
بۆ عالەم شادی، بۆ من ئاهی سەرد
جەرگم لەت لەتە وەک هێڵی ناو وەرد
ئاخ بۆ دڵسۆزێک، بۆم بێ بەهاودەرد
لە وەنەوشەشین، لە نیرگز خومار
لە گولاڵە خوێن، دیدەی شەو بێدار



بەستە

## نازدار

شیعر: پیرەمێرد
ئاهەنگ: فۆلکلۆر
تەنزیم: فەیزی نەژاد

نازدارە و نازدار، نازداری بابی
کۆترە باریکەی باڵ شورابی
ئەو ساڵیش دیسان وا گەیە بەهار
سەوزەی مێرغوزار سۆزەی مێرغوزار
بەزەردەخەنە سەر گۆنای چاڵ بێ
بەبۆی هەناسە هەڵگەڕێ و ئاڵ بێ
پاییزە ولات ڕەنگ زەردە
شنەبا هەناسە سەردە
پەلکی گوڵی ئاڵ وەریوە
لەپاش گوڵ بولبول هەتیوە
دەگری بۆ ڕۆژانی پێشووی
بۆ بەختەوەری لە دەست چووی
دڵ سەراسیمە شێوەی نازی بێ
بێ ئەڵقە لەگوێ شیرین ڕازی بێ

مامۆستا حەسەن جەزراوی

## کاڤوکێ

کاڤۆکێ لێ لێ لێ کاڤوکە شینم خودێ وای
لەبن بانە و سەربانە ڕادەبوورم خودێ وای
ئەز عاشقێ لێ لێ کچادینم وای وای
کاڤوکێ لێ لێ لێ کاڤۆکێ سوورم خودێ وای
لەبن بانە و سەربانە چاوێ یارم چەند جوانە
ئەز عاشقێ لێ لێ ژنا مەیرم وای وای
کاڤۆکێ لێ لێ لێ کاڤۆکێ شینە وای وای
لەبن بانە و سەربانە چاوی لەیلام چەند جوانە
ئەز عاشقێ لێ لێ کچا دینم وای وای
کوێستانان گەلیکا بڵیندن قەت نەوی نابی
مێرگ و مێرغوزار قەت بێ کانیاو نابی
هەرچەند دەکەم دوعایە مرادی دلی من حاسڵ نابی
بەندەوارم، بەندەوارم هەژارم لە دونیایە
کاڤۆکێ لێ لێ لێ سپیمە خودی وای
لەبن بانە و سەربانە چاوی لەیلام چەند جوانە
ئەز عاشقێ لێ لێ کچا کوردم وای وای
کاڤۆکێ لێ لێ لێ کاڤۆکە شینم وای وای
لەبن بانە و سەربانە چاوی لەیلام چەند جوانە
ئەز عاشقێ لێ لێ کچا کوردم وای وای



## زاڵم

شیعر و ئاهەنگ: فۆلکلۆر

مامۆستا تایەر تۆفیق گوتوویەتی

بەمەحبووبە گچکەلانەکەم دەڵێم
کە لە شیلانکێ باریکە
مەمکی ئەو بابان وێرانەی لە بۆ من بمێنێ
بەوێ سێوی لاسوور کە وەتانێ لە باغچەی هیران و
نازەنینی تازە فەریکە دەی زاڵم غەمێ من
کیژ دەڵێ: هەتیمە لاوە ئەگەر ڕۆژەکی ئەمن ئەتۆ
نەبینم بەنوێژی نیوەڕۆیە
لێم دەکەیە شەوی دەیجوور و تاریکە دەی زاڵم
پۆشینی ڕەش گوڵنگەی پێوە
بەسمان چاوان لێ ببزێوە
ئاورت بەرداومێ بەپێوە
ژیکەڵێ ماچت بەچەندی
دارە خڕکەڵەی بەرماڵان هەتا عەیامەکێ زۆر
لە بۆ من هەر داربێ
ئەمن دەچمەوە سەر بانێکی بڵند بەڵکو دووچاوی
مەحبووبە گچکەلانەکەی خۆم لێ دیاربێ
وەی لە زاڵم غەمێ من
کوڕ دەڵێ: یاڕەبی خودایە هەر کەسی
دەبیتە باعیسی دوو دڵان خێر لە ماڵ و مەنزڵی
خۆی نەبینی، لە ئاخر ساڵێ ڕەنج بەخەساربی
لە مابەینی هەولێر و پرد
یەکی لە ناکاو بانگی کرد
قوڕ بەسەرت لەیلایان برد
ژیکەڵێ بەخۆم عەملانی

دەی زاڵم................
پار ئەوان مەجالان غولام بووم ڕەزای لەیلای خودای ئەمساڵەکە
بمگرنەوە بەکۆیلە
دەستی من دامێنی ئەوان وەستا و وەستاکاران
لە شارەکەی کۆیە لە بۆ لەیلایەکەی من بدروونەوە جووتە سۆلە
کیژ دەڵێ: هەتیمە لاوە ئەگەر ئەمن
ڕۆژەکی ئەتۆ نەبینم بەنوێژی نیوەڕۆیە
لێم دەکەیە شەوی دەیجوور و خاپوور و چۆلە
بەر خۆڵەم چوویتە بژارێ
سۆلی لێ کەوتە ڕووبارێ
بەعام بابچینە هاوارێ
ژیکەڵێ ماچت بەچەندی
فەسڵی بەهاران کوڕ و کاڵ پێی دەچنەوە ڕووبارێ
دەستی من دامێنی ئەوان سۆسەن و بەیبوونان بمبەنە بەر لقی هەنارێ
کوڕ دەڵێ: یارەبی ماڵی چەتیمە لەیلاکەی من کوڕێکیان ببێ
بەڵکو دەچمەوە ماڵیان حەفت شەوان بەبیانووی شەوارێ
سەرسۆنەی گەردن مراوی
بیستوومە دایکت لێی داوی
بشکێ دەستی کوێر بێ چاوی
ژیکەڵێ بەخۆم عەملاندی



# یادی بەزمەکەی جاران

شیعر: حیسام الدین ئەمین
ئاهەنگ: فۆلکلۆر

بەڵێ من وا لە چاوم سەرنجی سەدەی پێشوو
لە گوڵزاری تەماکانم هەموو دەم ئاڵ و واڵابوو
گوڵی گەشی جوانی هیوام لەنێو تەمدا نەژاکابوو
مەلی خۆش خوانی ئاوازم بەدەستی خەم نەناڵابوو
لە دوورەوە کاروانی دڵ زرینگەی زەنگی دێ یاران
دەبزوێنێ لە کورەی سینە یادی بەزمەکەی جاران
دەسووتێ شەمعی هەر بەزم و چرا خامۆش دەبێ ئەمما
لە دڵدا هەر بڵێسەی دێ شەرارەی جەرگی دڵداران
شەمع سووتا، بولبول و پەروانە نوستن، ئەی عەجەب
تفلی دڵ بێدارە و من هەر لایە لایەی بۆ دەکەم
شنەی بای بەختیاری دڵ دەمێ ئەویش وا ڕابرد
لە هەنگاوی یەکەمدا بوو لە واتای گروگاڵابوو
نەبوو بڕوام بەکاتی وا، ئەزانی بۆ؟ دەڵێم چونکە
دڵم تا جێی چیایەک بوو لە دەوری کەسپ و چاڵابوو

## نا نەخێر هەرگیز

شیعر: مستەفا پەژار

ئاهەنگ: فوئاد ئەحمەد

نا نەخێر هەرگیز من تۆم خۆش ناوێ
ئیتر بەس بەچاو ئەفسوونت باوێ
ئا ئەی کیژۆڵەی نازداری هەتیو
کوڕپەی ئازاری بەختیاری نەدیو
نا نەخێر هەرگیز من تۆم خۆش ناوێ
ئیتر بەس بەچاو ئەفسوونت باوێ
ئەی کوڵمە مانگی چاردەی ورشەدار
پەپوولەی پاکی سپیدەی بەهار
نا نەخێر هەرگیز من تۆم خۆش ناوێ
ئیتر بەس بەچاو ئەفسوونت باوێ
ئەی تازە خونچەی درەختی ژیان
ئەی دەرهێنەری هەستم لە نیهان
نانەخێر هەرگیز من تۆم خۆش ناوێ
ئیتر بەس بەچاو ئەفسوونت باوێ
لەجێی زێڕ و زیو بەجلکی دڕاو
بێ ناز بێ بایەخ وەک بەرد داپۆشراو
نا نەخێر هەرگیز من تۆم خۆش ناوێ
ئیتر بەس بەچاو ئەفسوونت باوێ



## هەڵۆ هەر بەرزە

شیعر: هەژار

ئاهەنگ: گەنج خەلیل ئاغا

پاییزە دار و دەوەن ڕەنگ زەرد
با تەزوو سەردە بەتۆز و گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەڕنێ خەزەڵ هەڵدەوەرێ
هەورە ڕەشپۆشە بەگریە و ناڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە
بەگژەی سەردی هەناسەی کەژوکۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ
داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم
ئەو دەمەی چۆن و چ بووم، بۆ وا نیم؟
هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم
مامەوە گردەنشین بێ ڕاوم
دوورە گۆشت پۆڕ و کەوم، وەردەکەوم
گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم
پیریە پایزی وەرزی ژیانە
وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕنانە
وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم
ڕاو بەتاڵی منە هاکا مردم؟
مردنیش هێندە نەسووکە و سانا
سەری لێ گێژە هەزاران زانا
چم بەسەر دێ کە نەمام و مردم
پەڕی بەربایەک و خۆڵی وردم
گیان بەرەو کوێ دەفڕێ ڕوون نییە بۆم
تۆ بڵێی بچتەوە لای باوە هەڵۆم؟

تۆ بڵێی ڕاوێ هەبێ لەو بەرزە؟
پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەم عەرزە
داخم ئەو ڕازە لە بن سەرپۆشە
سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە
دڵ و دیدەم کە بەدنیا فێرە
چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە
ژین گەلێ شیرنە فیزی ناوێ
بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ
چاری ئەم دەردە لەلای قالاوە
گەرچی زۆر پیرە بەلاوی ماوە
دەچمە لای و بەوە چم لێ نایە
ڕەشیە و ئاوی ژیانی لایە
سەر نەوی دای لە شەقەی شابالان
هاتە وێرانەیەکی جێ مالان
بوو بەمیوانی قەلێکی ڕووڕەش
چەپەڵ و ڕژد و لە مەردی بێ بەش
قەل قڕی: لێم مەیە پێش زۆرداری
خوا شوکور زۆر بەکەنەفتی دیاری
زووبە چیت لێم گەرەکە پێم بێژە
دوور لە من بگرە لەشم بەنوێژە
وتی ئەی لالە قەلەی هەر لاوم
پیرم و زۆر لە مەرگ ترساوم
هەمە پرسێک و دەبێ بمبووری
هۆی چییە تۆ کە لە مردن دووری؟
وەک دەڵێن ئێوە بەچڵ ساڵ بارن
تووشی تووش نایەن و کۆسپ و بارن



ڕێیەکم پێ بڵێ بۆ هەرمانم
تۆ لەلات دەست دەکەوێ دەرمانم
سوێند ئەخۆم پاشی هەتا بشمێنم
هەر کەوێ ڕاوی بکەم بۆت دێنم
***
قەل گوتی: هۆزی هەڵۆ زۆر خاون
سەیرە لام چۆنە کە خاوەن ناون
باب و کاڵت بەنەزانی مردن
بیری سەربەرزییە وای لێ کردن
هەر کەسێ بەرزەفڕە زوو دەمرێ
بای بڵندایی سەر و دڵ دەگرێ
ماڵی ئێوە کە لە لوتکەی کێوە
لای جن و دێوە بەڵای زۆر پێوە
خوێنەپۆڕ پۆرگی دەخاتە خوێنێ
گۆشت کەوی تازە گرفتی دێنێ
جگەر و سی و دڵی مامر ژەهرە
تا وەهابی تەقەلات بێ بەهرە
دەتەوێ زۆر بژی، خۆش ڕابوێری
خۆ لە پەندم گەرەکە نەبوێری
وەرە وەک ئێمە بژی نزم و نەوی
شەو لەسەر گەندەڵە دارێک دەخەوی
خواردنی باشی کە تۆ نەتدیوە
گۆشتە بارگینی گەنی و تۆپیوە
کردنی چینە لە پەین و شیاکە
تاووتینی لەشە بۆ دڵ چاکە
پەندی باپیرە بەمیرات ماوە
خوێنی زامی کەرە سۆمای چاوە

گفتی من گەوهەرە بۆت هەڵڕێژم
تاقە دوو ڕێت لەبەرە، پێت بێژم
یان لەناو بۆگەن و نزمایی ژیان
یان بەسەربەرزیەوە بسپێرە گیان
ڕاچەنی لەم وتەیە پیرە هەڵۆ
هاتە بەرچاوی گەلێ کەند و کڵۆ
کەوتە ناو گێژی خەیاڵات و خەمان
مان ئەگەر وابێ چ شیرینە نەمان
وتی: پیرۆزبێ لە خۆت ئەم ژینە
جەژنی تۆ بۆمە شەپۆڕ و شینە
کێ بەسەربەرزی ژیابێ تاوێ
ژینی قاڵاوی بەپووشێک ناوێ
چاوەڕێی مەرگە گیان با بیبا
پەڕ و باڵم لە چیا با بیبا
بەهەڵۆیی کە لە ژین بێ بەش بم
نەک هەزار ساڵە قەلی ڕووڕەش بم
بۆ شتێک ئێستە لەخۆ بێزارم
من هەڵۆ بۆچی بەتۆ بوو کارم؟
مەرد ئەگەر کاری بەنامەردانە
دەردی سەرباری هەموو دەردانە

***

کەوتەخۆ دای لە شەقەی باڵ دیسا
ئاگرێکی لە دەروون داییسا
ڕاستەخۆ بۆ سەروو هەر بۆ سەرچوو
هەردی جێ هێشت و لەهەوران دەرچوو
قەل هەزار ساڵی ژیا بەو تەرزە
سەر نەوی هێشتە هەڵۆ هەر بەرزە



## لەسەر بستووی ژیان

شیعر: نوری
ئاهەنگ: تایەر تۆفیق

لەسەر بستووی ژیان وەک داری چاکی
بەتەنیا مامەوە بێ بەرگ و بێ بەر
گەلێ بێ تینترە تیشکی هومێدم
لە زەردەی ڕۆژ پەڕی مانگی خەزەڵوەر
شەوی تاریک وەرە بکشێ بەسەرما
کە ئامێزت پەنای ڕۆژگار ڕەشانە
وەکو ژینە چرای ئەستێرەکانت
کە ڕوو زەردیم لەبەر تالع گەشانە
لەگەڵ ڕۆژی هومێد نالێکە هیوام
وەکو سێبەر لە ڕووناکی ڕەویوم
هەناسەی لێ بڕا بای فێنکی ئاوات
بەکورەی داغی حەسرەتدا چزیوم

## مەقامی هومایون

شیعر: لە چوارینەکانی خەیام. و: هەژار

ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەر

چاومەستە دەهەستە بێرە لام خونچە گوڵم
ماچم دەیە بمدوێنە، مەشکێنە دڵم
لەو دەفری مەیەت کاسەیەکم بۆ تێکە
تا نەبووە دەفر و کاسە و گۆزە گڵم
ئەو خوایە کە گەردوون و زەوی بەرپاکرد
ئەو ڕۆژی مەکۆی خەم و دەردی پەیدا کرد
وەک ڕژد و چنوک هەرچی بەنرخ و جوانە
هێنای بەپەلە و گورجێ لە خاکی ڕاکرد



## کەتان کەتانە

ئاهەنگ: فۆلکلۆر

هەی داد هەی بێداد خۆ من نەماوم
وەک جۆگەلەی ئاو خوێن دێ لە چاوم
پرسیم لە سیروان ئەتۆ بۆ لێلی
بەهار و پاییز جێ بارگە و خێلی
وەنەوشەم دەچنی پەنجەم دا لەگوڵ
شەوگارم شەق کرد نەگەییم بەدڵ
هەی داد هەی بێداد کەس دیار نییە
کەس لە دەردی من خەبەردار نییە

## مەقامی بەیاتی تورک

شیعر: وەفایی

ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەر

لەسەر ڕووت کازییەی زولفتا وەلابە
کە سادق بێ تلووعی ئافتابە
بەلا بەوڕۆژە بانیلوفەر نەسووتێ
بەمەرگی من سەری زولفت وەلابە
ئەگەرچی نالەیە هەر شۆق و زۆقە
ئەگەرچی گریەیە عەینی سەوابە
بەنالینی دلی سووتاوی عاشق
هەموو هەر نەغمەیی چەنگ و ڕووبابە
بەچاوی گردی تۆ و ڕوخساری ساقی
هەموو هەر شاهید و شەمع و شەرابە



## تەرمی کۆرپەی گیان

شیعر: ؟

ئاهەنگ: شاڕوخ

ئەوا تەرمی کۆرپەی گیانم دەڵێی تاڵی زەردەپەڕە
وردە وردە دەتوێتەوە وەک ڕێبواری دەربەدەرە
وا دا دەکێشی بەسەرخۆیا باری غەم و بەسەرهاتی
بەئەندێشەی تەڕی ئەشکی دەپێوی کاتی نەهاتی
بۆچ هەڵنەگرێ سەری کاسی کە بۆ ئەو سەرابە ئاوات
گوڵی خونچەی نەپشکوتووی بەگەردەلوولی ڕوو هەڵات
ڕێبازی ئەو بەرز و نزمی زۆر زەحمەتکێش و بەندەنە
کۆششی تەمەنی دووری وەک خەرمانی بەردەم شەنە
لە لێواری شەوەزەنگا کوتای ئەو ڕێگەیە نوتەکە
بۆیە کەس بەدی نەکرد لە ژیانی ئەو ڕووتەکە
ڕووی گرژ و مۆنی ئاسمانیش بەڕوویا لێڵ و تاربوو
هەتا بڵێی لە نەگبەتیا بەسەر ئەودا باریبوو
دەبا دەستی بەدڵسۆزی بۆ ئەو کەساسە بکێشێ
وەکو مۆژەی پەریزادە لە گیانی نەهێڵی ئێشێ

# شەماڵ

شیعر: سەیدی هەورامی
ئاهەنگی گۆرانی: فازلی
ئاهەنگی مەقام: شاڕوخ
تەنزیم: قادر سیاحی

شەماڵ لێت دەکەم تەنیا تکایە
ئەگەر بەتکا بۆم بێتە کایە
توانام نەماوە بێ هێز و هەناو
جەرگم کزەی دێ سەردەکا خوێناو
شەوێ ئەی شەماڵ پێش دەمەو بەیان
بەگورجی بڕۆ بۆ لای یاری جوان
بەڵام ڕۆینی تۆ هێندە بەدەو بێ
بچێ لای شیرین چاوی لە خەوبێ
بەناز پەردەی ناز لادە لەسەر ڕوو
لە ڕووی وەک مانگی چواردە خۆت هەڵسوو
گیسوی لول بوو لەسەر ڕووی چین چین
بۆ گوڵی گۆنای بۆتە پەرژین
کاتێ بای شەماڵ باڵ تیژی تیژڕەو
شیرینی چاو مەست هەستا لەناو خەو
سڵاوی لێ بکە و هەم ڕێز بنوێنە
دەردی دەروونمی پێ بگەیێنە
شەماڵ خۆت بکە بەزمانی من
بڵێ بەشیرین سووی چاوانی من
ئەمن نێردراوی دەردەدارێکم
پەیامی دڵی بێ قەرارێکم



# تۆ و دڵ

شیعر: ؟
ئاهەنگ: شاڕوخ

تۆ نەبی منیش نامەوێ ژیان
دەوێستێ دڵم بێ تۆ لە لێدان
ئەو ڕۆژەی کەوا ڕووناکە و ڕۆشن
بێ تۆ تاریکە لەلای من ڕۆژیش
ئەو چەند ڕۆژەی تۆی تیا نابینم
نانووسێ هەرگیز لاپەڕەی ژینم
دڵم بەناوی تۆیە لێدەدا
دیدەم بۆ دیتنی تۆیە سەیر ئەکا
هەناسەم بۆ تۆ گیانە دێ و دەڕوا
تۆش دەپەرستم ئازیز لە دوای خوا
گەر بڕوا ناکەی سوێندت بۆ دەخۆم
بەیەزدانی بەرز لە دوایی ئی تۆم
خۆشەویستمی یاری بێ هاوتام
هەر تۆ پەرستم تاکو لە دونیام

## گۆزەی تازە

شیعر: گۆران
ئاهەنگ: شارۆخ
تەنزیم: قادر سیاحی

ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەی تازە
ڕێی کانی قویان مونتەزیری جیلوەیی نازە
بەر دەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە
ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
سەر جادە موعەتەرکە بەبۆی خونچە و مێخەک
بەو لەنجەیە وا بەستە بلێ ورشەی خامەک
هاڕەیی کەمەرە پرپرە و گوارە و مێخەک
ئێوارەیە وا هەڵگرە ساگۆزەیی تازە
چەند جوانی بەرەو مەغریب دەچێ زەردە دەدا لێت
پرشەنگی خشڵ ئەبلەق دەکا خاکی بەری پێت
ڕۆژی دەمی کەل حازرە بۆ پێشکەشی بەرپێت
ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
وەختێ کە دەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ
ئەگریجەی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵم و خەت و خاڵ
شەڕیانە شەماڵ پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەش و ئاڵ
ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە



## چەندم تەمەنناکرد

شیعر: قادر خەلیلی
ئاهەنگ: قادر خەلیلی
تەنزیم: قادر سیاحی

چەندم تەمەنناکرد لە خودا تا نەمکا ڕسوا
تەمەننام کرد تا ئەوینت بۆم بێتە شەفا
فرمێسکی چاوانم دیارە وەگیانم دێنێ
لە دووری دیداری تۆ یار گیان دەسووتێنێ
ئەی هاوار چم لێ بەسەرهات
تۆ بۆچی وەڵامت نەهات
دونیا تەواو بوو عەزیزم زەمان بەسەرچوو
بەداماوی بەکەساسی ژیان بەسەرچوو
بەیادی نیگای پڕتینت من بۆیە ماوم
گەر بێ وەفابێ دەسووتێ جەرگ و هەناوم
ئەی هاوار چم لێ بەسەرهات
تۆ بۆچی وڵامت نەهات
ئەگەر دەتزانی چاوانم پڕ گریان دەبێ
ئەگەر دەتزانی ئەوینی من ڕسوا دەبێ
بۆچی دڵی بێچارەی منت کرد بێ چارە
کێ فێری کردی بەسەرم بێنی ئەو کارە
ئەی هاوار چم لێ بەسەرهات
تۆ بۆچی وڵامت نەهات
چەندم تەمەنناکرد لە خودا تا نەمکا ڕسوا
تەمەنام کرد کە ئەوینت بۆم بێتە شەفا
فرمێسکی چاوانم دیارە وەگیانم دێنێ
لە دووری دیداری تۆ یار گیان دەسووتێنێ
ئەی هاوار چم لێ بەسەرهات
تۆ بۆچی وڵامت نەهات

## تۆ دەریامی

شیعر: سوارە
ئاهەنگ: شاڕوخ
تەنزیم: سیاحی

تۆ دەریامی
بەڕوانینی دوو چاوی شینی بێ بنت
بەخاوێنیت... بەئارامیت
تۆ دەریامی،
بەشەپۆلی لەنجەولارت
بەتووڕەیی جار بەجارت
بەشەنگە ژنیت... بەسامیت
تۆ دەشتی ئەو پەڕی نادیاری،
بۆ چۆڵ بڕی لە پێ کەوتوو،
تاپۆی شاری
تۆ ڕوح سووکی وەک خەونی خۆش... وەک هەناسە
جێ ناگری لە توێی شیعرا... چەشنی تاسە
تۆ تراوکەی جارێ دیاری... گاهێ نادیاری
هیوای بەتینی ڕێبواری،
تۆ شۆڕەبی ناو شۆرەکاتێکی گەرمی
لەبەر نیگای تاسە باری ئەویندارە، خۆداپۆشیو
بەلک و پۆی کەزیی نەرمی



## پەپوولە

شیعر: گۆران
ئاهەنگ: عەلی مەردان

بالّـداری جــــوان و ڕەنگین
ئێسک سووک و باڵ نەخشین
بەڕۆژ لەو گــوڵ بۆ ئەو گــوڵ
لەم چڵــــــەوە بۆ ئەو چڵ
بـاڵـت هـەڵـدەپـڕووزێـنـی
جــــەرگت هەڵدەقـــرچێنی
ئەی بـاڵـداری ڕەنـگـاوڕەنـگ
دەم پـڕ هـاوار و بـێ دەنــگ
خـــۆزگـــە ئەمـــزانی تۆ بۆ
وا خـــۆت ئەکـــەی ڕەنجـــەڕۆ
ئەی بـاڵـداری ڕەنـگـاوڕەنـگ
دەم پـڕ هـاوار و بـێ دەنــگ
دەگـــــــەڕێـی تـا بـەیـانـی
هیـچ مـــــاندووبوون نـازانی
کـام جـێگا خــۆش و بەرزە
کـــــام لق ناسکۆڵە و تەرزە
بەڕۆژ جـــێت نـاو گـــــوڵانە
بەشـــــەو دەبیـــــە پـەروانە
لـە دوورەوە بـۆی دەفـــــــڕی
جــێگەی خــۆتی لێ دەگــری

# کەوی گەردن بەخاڵ

شیعر: ؟
ئاهەنگ: فۆلکلۆر

ڕاستەی خەیابان باغی میللەتە
کراسی بەرت چیتی شیرکەتە
نازەک تەدارەک فەسڵی بەهارە
زەریف ئارایش هەردوو کۆسارە
گوڵ شێوەی ئازیز خۆ دەنوێنی
بولبول بەڕوویا وەک من دەخوێنی
گوڵاڵە شەونم سەرمەستی دەکا
دڵم ڕووی یارم سەرمەستی دەکا
فرمێسکی چاو شەتاو ئەدا جۆش
وەنەوشە لەتاو دەردی من نەخۆش



# چاوەڕوانی لەیلام

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: فۆلکلۆر – بادینانی

چاوەنواڕی چاوی لەیلام
من بۆ گوڵێک شێت و شەیدام
ئەو بالا بەرز و جوانە
خونجیلە و نەو نەمامە
چاومەستە گوتی بەهارە
وەک دیمەنی سەرچنارە
گولانی سوور و ئاڵی کێو
لە وێنەی گۆنا و خاڵی لێو
ڕازاوەتر لە پۆلی گوڵ
جوانترە لە غونچەی سەرچڵ
ئەی شۆخی بالا بەرز و جوان
بەئاوات بووم بۆم بێیە ژوان

## مەقام

شیعر: ئیبراهیم ئەحمەد

بەهار هاتەوە خۆشی لە یاران
خۆشی لە گوڵشەن، خۆشی لە ماڵان
خۆشی لە کۆڕی بادە گوساران
خۆشی لە بولبول، خۆشی لە داران
پرچی لول و زولفی پەشێو
سوێسنە و هەڵاڵەی سەرکی کێو



## فاتمە

شیعر: ئەحمەد هەردی
ئاهەنگ: هەوەڵ کەس خەلیل
سدیقی وتوویەتی

فاتمە دووچاوی مەستت پڕ تەلیسم و جوانییە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانییە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە
لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم ست فاتمە
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە
گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە
گیانەکەم ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە
هەر بەتەنیا خۆشەویستی شک ئەبەم ست فاتمە
سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاواتمە
خۆشەویستی وا کە نامەی خوایە بۆ پێغەمبەران
بەرز و ناسک وەک هەناسەی پڕ گوڵاوی دولبەران
نەک وەکو حەزکردنی دینار و گەوهەر پەروەران
ئەو کەسانەی بۆ قڕانێ چەندە دڵیان هەڵوەران
خەڵقی تر بادە پەرەستی بابکەن ست فاتمە
من بەتەنیا تۆ پەرستی ئەوپەڕی ئاواتمە
زۆر کەرەت هانم ئەدا داخی دەروونی پڕ گڕم
بۆتی هەڵڕێژم سکاڵای ناسکی گەرم و گوڕم
داخەکەم کاتێ کە دێمە بەردەمت واقی وڕم
وام دەشێوێنی بەجارێ نایەڵی هیچ دەربڕم
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتمە
گوێیە بۆ ئەو ڕازە شل کەی ئەوپەڕی ئاواتمە

## قیبلەم، گیانەکەم

شیعر: ؟

ئاهەنگ و تەنزیم: فەیزی نەژاد

گشتی ژیانم بەدەست تۆ بایە
دەستی بێ سلت دەنایە کایە
ئەگەر ژیانم بەدەستی تۆ بایە
دەبانی تیژت دەخستە کایە
سەد جار نەشتەرت لە جەرگم ئەنا
ڕیشەی جەرگمت لەبن دەردێنا
خۆ نەبوو جارێ لە خوا بترسی
لە جەستە خەستەی ئەمن بپرسی
بینایی دیدەم شای سۆسەن خاڵان
ئەو چەپکەگوڵەی مەستی گوڵاڵان
وەرگرە لە دەستم بەختەکەم ڕەشە
بیکە بەهاودەم ئەو خاڵە ڕەشە
ڕووناکم یارم، ڕووناکم یارم
ژینم، زیندەگیم، بینایی چاوم
قیبلەم، گیانەکەم، بینایی چاوان
یادت نەکردین وەک جاری جاران



## ساقی بەهارە

شیعر: ؟

ئاهەنگ: شاڕوخ

تەنزیم: فەیزی نەژاد

ساقی بەهارە، ساقی بەهارە
بولبول لە چیمەن، گوڵ لە گوڵزارە
کژەی گوڵ گەشتە گرمەی بەهارە
سەوزایی چر و شکۆفەی دارە
چراکەم تۆمە، چراکەم تۆمە
ئەوەندە تاسەی دیداری تۆمە
نەخەوی شەوان نەڕۆژان ڕۆمە
شەوان هەر ئاخ و ڕۆژان ڕۆڕۆمە
گەردوو چاو سەد ساڵ هەر تەماشات کا
کەی دەتوانێ تێر تەماشات کا
دەترسم لە دەس دووبارەی جاران
لە جێی دڵخۆشی گریانی یاران
ساقی بەهارە، ساقی بەهارە
بولبول لە چیمەن، گوڵ لە گوڵزارە
کژەی گوڵ گەشتە گرمەی بەهارە
سەوزایی چڕ و شکۆفەی دارە
شیرین خاڵت بام شیرین خاڵت بام
فیدای یەک دانەی شیرین خاڵت بام

## پاییزی دڵتەنگ

شیعر: پیرەمێرد
ئاهەنگ: فۆلکلۆر

پاییز دڵ تەنگە، پاییز دڵ تەنگە
هەوری نوێی پاییز زیز و دڵ تەنگە
ڕەشەبا لێمان بەژار و ژەنگە
گەڵاڕێزانە گوڵ ئاڵتون ڕەنگە
وا گوڵ بەسەرچوو بولبول شەیدابوو
گڕێک لە ناڵەی دڵی پەیدابوو
ئەو گڕ و تاوە دڵ دەجۆشێنێ
بەیادی یاران تێرم دەگرێنێ
چەند خۆشە یادی هیجرانی یاران
فرمێسک بەچاوما بەوێنەی باران



## هەرچەند ئەڕوانم لە ئاسۆگی ژین

شیعر: ؟
ئاهەنگ: تۆمارکراوە

بەژیانم، بەئێسقانم
بەئەستێرە لە ئاسمانم
بەجوولەی خوێن بەئایندەم
بەتریفەی ئاسۆی پڕ تەم
هەرچەند دەڕوانم لە ئاسۆگی ژین
زەردەخەنەی یار بەدڵی پڕ ئەوین
تۆ ئاوازی ژیانم بووی
تۆ فریشتەی بەیانم بووی
تۆم دانابوو بۆ ژیانم
بەدەنگەکەی دڵ لێدانم
هەرچەند ئەڕوانم لە ئاسۆگی ژین
زەردەخەنەی یار دڵی پڕ ئەوین
تۆ لابەری غەمان بووی
تۆ پەیکەری جوانم بووی
بڵێی ئەی شۆخ ئەی بێ ئەمەک
ئەی بێ پەیمان، زاوا لەتەک
هەرچەند دەڕوانم لە ئاسۆگی ژین
زەردەخەنەی یار دڵی پڕ ئەوین
بەدیت دەکەم بەداخەوە
بەدڵی پڕ لە ئاخەوە
بڵێی ئەی شۆخ ئەی بێ ئەمەک
ئەی بێ پەیمان زاوا لەتەک
هەرچەند دەڕوانم لە ئاسۆگی ژین
زەردەخەنەی یار دڵی پڕ ئەوین

ئەی ئافەرین، ئەی ئافەرین
بۆ تریفەی کولمەی بەفرین
بۆ دوان و بۆ زەردەخەنەت
بۆ ئەو شێوەی ئیجگار ڕەندەت
هەرچەند ئەڕوانم لە ئاسۆگی ژین
زەردەخەنەی یار دڵی پڕ ئەوین



## ئاسمانی شین

شیعر: ؟
ئاهەنگ: شاڕوخ
تەنزیم: جەعفەر مینائی

گیانەکەم بەئاسمانی شین
بەگزنگی خۆری زێڕین
بەدووچاوی پڕ لە ئەسرین
بەدەمی پڕ لە پێکەنین
لە هۆشمایە لە دڵمایە
لە دوا دڵۆپەی خوێنمایە
ئەوینی تۆم لە دڵدایە
واز ناهێنم بەو خودایە
هەتا بژیم لە دونیایە

***

بەشنەی شەماڵی بەیان
بەئەستێرەی گەشی ئاسمان
بەپاکی و ڕاستی دڵداران
بەخۆشەویستی نازداران
لە هۆشمایە لە دڵمایە
ئەوینی تۆم لە دڵدایە

***

بە گوڵاڵەی سووری دەشتی
بەپەری جوانی بەهەشتی
بەخولیای شیرینی مەستی
بەکیژۆڵەی جوانی هەستی
لە دڵمایە لە هۆشمایە
ئەوینی تۆم لە دڵدایە

واز ناهێنم بەو خوودایە
هەتا بژیم لە دونیایە

***

بەشەوانی مات و خامۆش
بەو هەستەی کاردەکاتە هۆش
بەو هێزەی دڵ دێنێتە جۆش
خۆشەویستی تۆ بەخرۆش
لە دڵمایە لە هۆشمایە
ئەوینی تۆم لە دڵ دایە



## ئارەزووی بینینی تۆم کرد بەدڵ

شیعر: ؟
ئاهەنگ: شاڕوخ

ئارەزووی بینینی تۆم کرد، دڵ لە پڕڕا کەوتە حاڵ
هەستی کرد جوانی بەهار و هاتە گوێم نەغمەی شەماڵ
بوو بەکڵپەی تۆ دەروون و یادگاری ساڵ بەساڵ
هاتەوە بەرچاوم نیگاری پرچی کاڵ و لێوی ئاڵ
ئەی فریشتەی سیحری جوانی، وێنە شیرین، شێوەزاڵ
گیانەکەم دیسان بەتۆوە کەوتمە گێژاوی خەیاڵ
بەژن و باڵات کرتی ئەندامت لە ڤینۆس ئەستاندووە
ڕەوت و پیاسەت، ڕەوت و لەنجەی ئاسکە یاکوکەوە
پێکەنینت سیحری ڕووتە، هۆش و دڵمی بردووە
خوایەکە ئەو جووتە لێوەی بۆ مژین ئاڵ کردووە
ناوت ناهێنم پەری ناسک لە ترسانا ئەوا
پێم بڵێی دڵدارەکەم بێ شەرمە چەند بێ ئابڕووە

# ئەڵڵاوەیسی

شیعر: قانع

ئاخەرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە
گەرچی دوژمن وادەزانێ من بەدیلی لاڵ دەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە
بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر دەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بەبەندیخانەیە
گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادییە
تۆپ و شەستیر و کەلەبچە لام وەکو ئەفسانەیە
چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەم مەبەستە کردەوەی شێرانەیە
گەر بەئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەردانەواندن کاری نامەردانەیە



# خۆشەویستم

شیعر: عەبدوڵڵا پەشێو
ئاهەنگ: شاڕوخ

خۆشەویستم:
ڕۆژێ دادێ
گڕ بەربێتە شار و لادێ
ڕۆژێ دادێ
کورد بپرسێ:
کەی ڕەوایە لێک بپچڕێن
گەردانەکەی کەژ و کێوم
بەپێ دزە، لەمیانەوە، بۆ ئەوی تر پێ ببزێوم
ڕۆژێ دادێ
کورد بپرسێ:
کەی ڕەوایە
خۆم برسی بم
کەچی لەولاش بێگانەیێ
گەنم بکاتە قورگی ئاش
کەی ڕەوایە
مناڵی من
سەرما پەنجەی بتەزێنێ
دزی ڕۆژیش
زێڕی ڕەشی بسووتێنێ
خۆشەویستم
کە ڕۆژێ هات
وەڵامی خۆمان دایەوە
خوێنی تووڕەی ئاگرینمان

له دەمارا جوولایەوە
ئەو ڕۆژە خۆت مەشارەوە
تاکو پێکڕا،
یەک دەنگ و یەک ڕا
لەناو شریخەی تفەنگا
لەژێر چەتری شەوەزەنگا
کوردستانی
میلیۆنەها لە ناحەزان بکەین بەکێڵگەی کارەبا
بیکەین بەگۆڕستانێکی هەرزان
لە پاڵ تاوێرە بەردێکا... سەنگەر بگرین
یا بێینەوە... دەست لە گەردن
یا دەست لەسەر تفەنگ بمرین



## دەردی هیجران

سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی

دڵ نەخۆشی دەردی هیجرە گیانی گیانانم وەرە
لەت لەتە جەرگ و هەناوم ماهی تابانم وەرە
عیللەتی دەرد و شەفاکەم وا بەلێوی شەککەرت
مایەیی ژین و حەیاتم، دەرد و دەرمانم وەرە
سەد شوکور دووبارە جێژنە، وەختی عەیش و شادییە
بۆ بەڵاگەردانی باڵات قوۆچی قوربانم وەرە
سەد حەکیم هات و عیلاجی ئەم برینەی بۆم نەکرد
تۆ عیلاجی زەخمەکەم کە سا بەهاوارم وەرە
گەر دەزانی چەند پەشێوە حاڵەکەم بۆ دیتنت
سەد ئەوەندەی زولفەکانت دڵ پەرێشانم وەرە

## موخالیفی سێ گا

شیعر: مەولەوی تاوەگۆزی
ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەر

سەدای زیر و بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادی شەن خەم دەماخ بەرزەن
ئیمشەو دیارەن ...... بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتور کەللەم وەگەرمەن
جەلای هەر گەردێ وەسەر دایەوەن
دەوای هەر دەردێ وەنەوایەوەن



## دەگەڵ تۆدا کەسێکی دەم دەمانە

شیعر: هەژار
ئاهەنگ: شاڕوخ
تەنزیم: مینائی

دەگەڵ تۆدا کەسێکی دەم دەمانە
چ کارێکی بەخۆشی پاش نەمانە
مەی و کەوسەر لە گۆشەی لێوی ئاڵە
بەهەشتی خۆش لە شێوی نێو مەمانە

*

چ خۆشە پاشی ئەو تۆرانە سازان
چ شیرینە وتەی ڕاز و نیازان
بەسم بێ جەزرەبەی شەوگاری دووری
ئیتر مەیئەنجنە جەرگم بەنازان

*

وەرە تاوێکە گوڵزارت نەدیوە
لە تاوت خونچە سینەی دادڕیوە
وەنەوشە دوور لە باڵات خۆی لە هەش نا
هەڵاڵە زەردە نەرگز ڕەنگ پەڕیوە

*

دەگەڵ تۆدا کەسێکی دەم دەمانە
چ کارێکی بەخۆشی پاش نەمانە
مەی و کەوسەر لە گۆشەی لێوی ئاڵە
بەهەشتی خۆش لە شێوی نێو مەمانە

## لەرزانە

شیعر: فۆلکلۆر
تەنزیم: جەعفەر مینائی

تایەک لە زولفت هات بەدەسمەوە
بەندی دڵ دەپسێ پێی دەبەسمەوە
ئەی وەی لەرزانە دیدەم لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەسیە بەجارێ ڕیشەم دەربێنێ
لە وڵاتی غەریب، غەریب، دیارن
جێگەی غەریبان گۆشە و کەنارن
ئەی وەی لەرزانە، دیدەم لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
قەسیە بەجارێ ڕیشەم دەربێنێ

«مەقام»

«من برۆی پەیوەستی ئەو نازدارە شیر وتیرمە
پرچی لوول و زولفی ئاڵۆز کۆتە و زنجیرمە
گوژبنی مەیخانە دایم گۆشەیی تەگبیرمە
شێخی ئەم پیر و موسینەم من جوانی پیرمە»
لە وڵاتی خۆمان کێوێ دیارە
بەقەد ئەو کێوەی غەم لەدڵم بارە
ئەی وەی لەرزانە، دیدەم لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
وەختە بەجارێ ڕیشەم دەربێنێ
لە دەستم نایە وەک کەو بخوێنم
ئەو کیژە جوانە لەخەو هەستێنم
ئەی وەی لەرزانە دیدەم لەرزانە
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
وەختە بەجارێ ڕیشەم دەربێنێ



## لە شۆڕ ئامانێ

تەنزیم: مینائی
«فۆلکلۆر»

ئەی لە شۆڕ ئامانێ
تەسکێ بەر هەیوانێ
تاقانەکەی دایک و بابی
بۆ لێم دەگری مانێ
ئەی لە شەدەلاری
لە چاوی بەخوماری
لەسەر کوڵمانی نیشتووە
تۆزی ڕێگەی شاری

«مەقام»

«زەردی ئەو سەردی های پاییزان
گیانە زەردی من سەردی مەیلی ئازیزان
لەدەستم نایە وەک کەو بخوێنم
ئەو کیژە جوانە لەخەو هەستێنم
کفنەکەم ببڕن بەمەودای مەقەس
شەرتە مەیلی تۆ من نادەم بەکەس»

# همایون

«سەید عەلی ئەسغەر وتوویەتی»

دەر جیهان سەقەم وەردەن
سەختی گۆڕەوشار ماجەرای مەردن
سوال و جەواب نەکیر و مونکەر
نیشان دای وەمن مەحبووبی دلبەر
پرسای خێر و شەڕ تەرازو و میزان
بەدیدەی ویم دیم مردن لە جیهان



# دارێنە

شیعر:
ئاهەنگ: شاڕوخ

دارێنە چۆمێکە و شوێنێکی پڕ بەردە
کەلێن و قوژبنی کش و مات و بێ دەنگە
لەسەر ئاسۆ گەوەداران، بەبەژنی لار و لەوین و بەکزی
ڕوویان کردۆتە ئاسمانی ساف و شینی بەهاری
بەگەڵای تازە و جوان مانگی گوڵانە
دەستیان بەرەو ئاسمانی شینە
دەڵێی نیازێکیان هەیە، ئاواتێکیان لە دڵی خەمینە
بەپەرۆشەوە بەدەم شنەوە دەنگیان لێ دێ
دەڵێی دوعای چاک و پیرێکی ودم زێڕینە
گاشە بەردان بێ دەنگ و کڕن
گەوهەریان دەشارێوە، دڵیان بەبرینە
چۆمە بێ دەنگە، لەبەر گوێ نامەحرەمی بەقینە
لەبن چوار بەردەوە چوار تفەنگ ملیان کێشاوە
چاوی ڕەشیان لە ئاسۆگی سەرەنجی داوە
تا بشکێنێ باڵی هەر پەلەوەرێکی خەیاڵی خاوە
جاشێک دەردەکەوێ
تەقە لەتفەنگێ دێ، جاش دەگەوزی و دەکەوێ
خەنجەری مسری بێ قەرارە ئەگەر لە کالانی بخەوی ئەوە هەر ڕەوی ئەمینیەیە و
ڕەوەکی جاشە، ڕوویان کردۆتە ئەو شوێنە
تەقە دامەزراوە
ئەوان تۆپ و دەبابەیان پێنە
ئەوە هەر ڕەوەی ئەمینیەیە و

ڕەوەکی جاشە کەرینە
لەسەد، دووسەد و سێ سەد سەرکەوتن
چاویان گیراوە لە نێوان بەردان
ئەوسا گوللەی تۆپ و دەبابە داباری بۆ دڵی دارینە و
خەم بۆ دڵی فەقیر و هەژاری
دارینە ئاورینە،
دارەکان بەشنەبایەکی بەسام هاتوونە سەمایەکی توند و
دوژمن تارین
چەکی نێو بەردان
بەهەموو فیشەکێ
دەتلێنی لاشەی نامەردان
دەیان گەوزێنن لەناو تەلان و بەردان
خوێنیان دەڕژێنن
دەیان گلێننە ناو دەردان
هەر تۆپ و دەبابەیە بەتاوە
لە باتی سەد تۆپی ئەوان تاقە فیشەکێ لەولاوە
بەڵام هەی داد،
فیشەکدان، فیشەکێ تێدا نەماوە
جوامێرەکەی من، جەخاری بەجەرگم فیشەکی لێ بڕاوە
هۆ خانە:
هۆ خانەی ئەوێ سەر جاشە
مەردی ئازایی؟
فەرموو باشە
دەبڕۆ خەبەرێک بێنە،
لەنێو بەرد و تەلانی
بەتۆپ لەت لەت کراوی دارێنە



خانە، دەڕواتە سەر سەنگەران
کلکی کەلافەیە، گوێ قوتە، هەر بەچەشنی جاشەکەران
دەڵێی قایمە بۆ نۆکەری، زۆردار و داگیرکەران
سمکۆ ئەوەتا بەبرینە
گوایە ماوە
ئەرێ...... زەردەخەنەی هێشتا لەچاوە
سەری لەسەر بەردی سەنگەرێ،
هەروەک چاوی دڵدارێ لە دلبەرێ
بیری لە مەرگی ......... هەرە جوانە مەرگی خەبات کەرێ
مەرگ ئەگەر هات ........ دڵە بەخێری بێنە
مەرگی خۆشتر لە سەنگەرە،
نەک لەنێو نوێنە
بەو مەرجەی هەبێ دۆستێ،
هەڵگرێ چەکی داکەوتووم لە سەنگەری دارێنە
خانە هەڵدەکێشیە دەمانچەی دەستە زێڕینێ
دەڵێ: ......... ئەوەیە دوژمنی زۆردار و خوێن مژینێ؟
پێی دەڵێ:
ئەگەر شادە و ئیمان دێنی بێنە
دەتبەمە بەهەشتی بەر بەرینێ
دێنە زمان چاو و دەمی سمکۆ
دەڵێ: شادە و ئیمانم ئەوەیە
باوەڕم بەهێزی خەڵکە کە بەحرێکی بەربەرینە
باوەڕم بەهیوای خەڵکە کە هیوایەکی زۆر شیرینە
هەتا هەتایە،
خۆشەویستی خەڵکی دەردمەندم ئەوینە
ناڵە لە دەمانچەی دەستە زێڕینێ

ڕووبارێکی خوێن دەڕژێنێ لە برینێ
سمکۆ لەنێو بەردی دارێنەوە
هەڵدەفڕێتە نێو کۆشی خەڵکی دڵ خەمینێ
بۆ نێو خەڵکی
چاو بەئەسرینێ،
چەکی دەداتە دەست خەڵکی و
ئەسرینیان دەسڕێ بە دەسماڵی تووڕەیی و قینێ
هەموو ناڵەیان دەکاتە خرۆشینێ
دەچێتە مێژوو
دەچێتە ئەبەدیەتی بەر بەرینێ
ئەوتا، ئەوە مەیتە یا شۆڕەسوارە؟
کە دەڕوا لەوبەری ڕووبارە



## ئەژدەهاک

شیعر:
ئاهەنگ: ساڵح دیلان

ئەژدەهاک زیندانت قەڵا قەڵایە
دیواری کۆنکرێت دەرگای پۆڵایە
ئەژدەهاک کون بڕە سەختە زیندانت
ناڕووشێ بەبڕبەند بەندی گرانت
چەن چەشنە سەربڕن زیندانەوانت
ڕەنگ سوورن بەخوێن بەندییەکانت
دڵ ڕەقییت هەردەم چەشنە سزایە
بۆ بەندی خاوەن هۆش دێنێتە کایە
ئەژدەهاک ئەی دێوی لەبیر زراوچوو
ئەی ناشناسی مارانت بەمێشک کردوو
ئەو مێشک تازانانەی زەنجیرت کردوون
لە لێوی پێچاڵی مەرگا ڕاتگرتوون
چاوەڕێی فەرمانن بەربی نەهاتە
بدرێنە بەرتەناف لە نۆرە و کاتە
مێشکیان، ئامانجیان هیوا و تاسەیان
لە پەتا بتاسێ وەک هەناسەیان
بەڵام ئەژدەهاک تۆ لە هەڵپەی خۆراک
ناتوانی بکەوی بۆ ماری ناپاک
هەردەگری، دەکوژی، دەدەی لە گەردن
مێشک دەرخوارد دەدەی بەماری نەوسن
تا ڕۆژێ ئەو خوێنەی بەناحەق ڕشتت
ئەو بیرەی وات زانی ئێجگاری کوشتت
تاو ئەدەن تەنووری دەماری کاوە
ئەو چەکوش وەشێنەی ڕۆڵەی کوژراوە

هەر ئەجۆشێ و دەخرۆشێ و کۆمەڵ ڕێک دەخا
هەر ئەوبینی هەستا زیندانت ڕووخا
ئەو حەلەی هەر لاوێ لە زیندانا مرد
دەبێتە مایەی بەخت بۆ نەتەوەی کورد
لە بنکەی پەیکەریا ئەنووسرێ ناوی
لەگەڵ گشت کردەوەی پەسندکراوی



## شەو و شەیتان

شیعر: هێمن
ئاواز: شاڕوخ

ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین
ڕەش هەڵگەڕا ئاسمانی شین
هەورێک شۆرابەی بەرداوە
دەڵێی لە قیرپیان وەرداوە
تاریک ........ شەوەزەنگە
وڵات بێ هەست و بێ دەنگە
گۆڕستانی خامۆشە شار
تێیدا نەماوە زیندەوار
نە ڕادەژێ گەڵای دارێک
نە دێ هەستی پێی ڕێبوارێک
هەرچی کۆڵان و شەقامە
دەڵێی کاولاشی بەسامە
دونیا دەریای بێ شەپۆلە
لاو داماوە جێژوان چۆڵە
پەردەی کۆشکان دادراوە
ڕۆچنەی کۆختانیش گیراوە
لە تالار و سەرسەرایان
بڕا ترووسکەی چرایان
شەمی سەر چاکیان لابردن
مردووش هێندەی دیکەش مردن
دامرکابوو بە ژیلەمۆ
لەناو ئاورگاندا پشکۆ
ژیان ڕوو گرژە مرچ و مۆڕ
دێ بۆنی کفن و تات و گۆڕ

شەو زرینگاوە ڕاشکا
شەیتان سامی لە خوا شکا
کەڵپی خوێناوی گرکردن
فریشتەی پشووبڕ کردن
خەم و خەفەت دادەبێژێ
شادی و ئازادی دەنێژێ
داسی مەرگ و نەمان دەسوێ
هەوەڵ گورزی داوێتە کوێ
دێن و دەچن بەئەسپایی
لە چوارچرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن
بێچووە شەیتانی بەدفەڕن
ئاخ دیسان سێدارە چەقی
کوردی چۆ بن لەسەر حەقی
لەپڕ دەنگێکی نێرانە
نرکەی کوردانە و شێرانە
پەردەی بێ دەنگی دادڕاند
خەواڵووی لەخەو ڕاپەڕاند
خەڵک هەمووی ئەو دەنگەی بیست
دەیگوت پێشەوای خۆشەویست:
کە من مردم کورد نامرێ
دەس لە خەبات هەڵناگرێ
هاوروژا وەکو پۆورەی هەنگ
مەهاباد گۆڕخانەی بێ دەنگ
لە دەوروبەری چوارچرا
هەزاران سەر لە قوڕ نرا



کام نازداری شۆخ و جوانە
دای لەخم لکی کۆڵوانە
لە چاوی کیژی مل بەکوێن
بەخوڕ دەهات فرمێسکی خوێن
شۆڕەلاو هاتە کۆڕی شین
ئەویش سۆرانی کردن شین
پیرە پیاو بانگ دەکا ڕۆڵە
لە بیر نەکەی تۆڵە، تۆڵە
تێکرا دەڵێن درشت و ورد
کورد نەمرد پێشەواش نەمرد
باتەرمیشی بخرێتە گڵ
چۆن یادی دەردەچێ لەدڵ
شاد بە ئەی پێشەوای نەمر
هەتن ڕۆڵەی ئازا و خوێنگر
بۆ فیداکاری ئامادەن
ڕێگای ڕاستی تۆ بەرنادەن
پەڕ کوڕی ڕق ئەستوورە کورد
لەسەر تۆڵەی تۆ سوورە کورد
کچ و کوڕ و ژن و پیاوی
دەکا خەباتی خوێناوی
تا مافی ڕەوای دەستێنێ
ئاواتی تۆ وەدی دێنێ

## ترۆپکی ڕزگاری

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: شاڕوخ

ڕێبوارێکم ئازا و بەزیپک و زاکوون
دەبڕم چۆڵ و چیا و پێ دەشت و بێروون
بەرهەڵستم دەکەم هەپروون بەهەپروون
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***

کەند و کۆسپ هەنگاوم پێ ناکا شل
بێتە سەر ڕێم هەزاران گا بەردی زل
بەهێزی شان و باهۆ پێی دەدەم تل
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***

پێم گرتەوە دەرچووم لە دارەدارە
ڕێم گرتەوە، ڕێگای «قازی» و «ئاوارە»
نامترسێنێ، گوللە، پەتک، سێدارە
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***

بەو خوێنانەی لەو ڕێبازە ڕژاوە
گوڵی ئاڵی سەربەستی کورد ڕواوە
منیش بەدڵی پڕ لە هیوا و بڕواوە
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم، تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***



ڕۆڵەی کوردم فێری هەوراز و لێژم
تا زۆر بڕۆم زیاتر ئارەق دەڕێژم
کورتتر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***

نارەومەوە لە داوەڵ و تارمایی
زۆرم دیوە بوولێڵ و تاریکایی
دێنم بەو شەوگارە ڕەشە دوایی
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***

من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم
گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

## نالەی جودایی

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: شاڕوخ

ساقییا وا بادەوە، وا بادەوە
ڕوو لە لای من کە بەجامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانەی کەمن
زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن
مەی حەرامە بۆ سەهەند و بێ خەمان
مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخەمان
ئەم شەڕابە ئاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئەم شەڕابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە
بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوەنێ
بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوەنێ؟!
بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کارییە
بێ خەمێک بیخواتەوە، زۆردارییە
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕ بێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ؟
ئەو کەسەی بێ کەس نییە و خانە خەراب
دەک بەژاری ماری بێ بادە و شەراب
ئەو کەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیان
ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برک و ژان
ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم
شانی دانەخزا لەبن باری ستەم
ئەو کەسەی هەستی بەزۆرداری نەکرد



تیخی زۆرداری برینداری نەکرد
ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکێ بەردرا
ئەو کەسەی دوژمن لە ماڵی دەرکرا
ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی
نیری یەخسیری لە ئەستۆ دارِنی
ئەو کەسەی هێندە نەبوو زویر و زگار
وا نەکەوتە بەرچەپۆکی ڕۆژگار
ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان
ئەو کەسەی «زیرِەی نەگەییە ئاسمان»
ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی
تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی
تۆزی بەدبەختی لەسەر شانی نەنیشت
لێی نەگیرا دەوروپشت و چوار تەنیشت
بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ
ئەو کوڕەی هێشتا لە ژوانێ ڕێی هەیە
سەیرە، زۆر سەیرە کە ئالوودەی مەیە
ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرە و لەوێ
ئەو کوڕەی ماچی کچانی دەس کەوێ
ئەو کوڕەی دۆی داوەتێ دەستی دەنێ
بێتە ئێرە، چۆنە هەی دێی ناکەنێ؟
ئەو کەسەی «دەستی لەمەمکان گیر ببێ»
ئەو کەسەی «تفلی دڵی بۆ ژێر ببێ»
ئەو کەسەی پەنجۆڵە بگوشێ جاروبار
ئەو کەسەی دەستی بگاتە گەردنی یار
ئەو کەسەی ڕامووسێ کوڵمەی تاس و لووس

ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس
ئەو کەسەی بمژێ خوناوەی گەردەنێ
کوفرە یەک قەترە شەرابی گەر دەنێ
ئەو کەسەی ئاسوودە و خۆش ڕایبوارد
قەت خەمی یەخسیر و کۆیلانی نەخوارد
یەک لە ماڵێ چاوەڕێی بوو بێتەوە
دەرکی نێو ماڵێکی لێ بکرێتەوە
خەم ڕەوێنێک گوێ بداتە ڕازی ئەو
نازەنینێک بێ بکێشێ نازی ئەو
بگری پەنجەی نەرم و نۆڵی ناسکێ
بۆی کرابێتە سەرینێ، باسکێ
هەیبێ هێز و تین و تاو و گوڕ
ڕۆژگاری ڕەش نەبێ بەختی مکوڕ
ئەو کەسە جێگای لەمەیخانێ نییە
ئەو کەسە بادە و شەرابی بۆ چییە



## دوا شیعری «ناڵەی جودایی»

بەئاهەنگی «ئەڵڵاوەیسی»

ساقیا، وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ
ڕوو لەلای من کە مەچۆ بۆ سەرپەڕێ
لەنگەرێ بگرە مەبە وا بەرزەفڕ
بێنە بۆ من، بێنە بۆ من جامی پڕ
مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ
بۆ منی سەرگەشتەو و ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی بابردەڵەی گەردەنشین
بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین
بۆ منی ئاوارە و دوورە وەتەن
بولبولی بێ بەش لە گوڵزار و چەمەن
پەڕ وەریوی، باڵ شکاوی دەنگ بڕاو
بێ بژیوی، بەش خوراوی دەرکراو
پیری زورهانی، کەنفتی دەربەدەر
دیدە سووری دڵ مەکۆی دەرد و کەسەر
داتەپیوی، بێ پەسیوی، بێ قەرار
بێ کەسی، دەستە شکاوی، کۆڵەوار
لێو بەباری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ
شاعیری جوانی پەرستی دڵ بەسۆ
ساقیا بۆ کوێ دەچی بۆ کوێ دەچی
تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە مل کەچی؟
تۆش بەڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو
چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕ و زیو؟
تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر؟

زێڕ بەڵایە، بێ وەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەرمەندە، هونەروەر مەرد و ڕەند
«چڵکی دەستە ماڵی دنیا» وەک دەڵێن
ماڵ پەرست پەیمان شکێن و بێ بەڵێن
قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵ پەرست؟
جوان پەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست
نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ
تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ
ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین
هەر دەزانن گوڵ چنین و بەی ڕنین
وا وەرە، دەی وا وەرە، نیزیک بە لێم
بمدەیە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم
«مست مستم ساقیا، دەستم بگیر
تا نە افتادم زپا دەستم بگیر»
جا کە سەرخۆش بووم بەدەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی «مەولەوی»
«بشنوازنی چون حکایەت می کند
از جدائیها شکایت می کند»
گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز
تا بناڵێنم وەکو بلوێر بەسۆز
نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا، چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون



شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گڕوی یەکسانییە
شیوەنی من شیوەنی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە
با لەزارم بێتەدەر پشکۆی شیعر
با فراوانتر بکەم ئاسۆی شیعر
پارچە گۆشتێکە دڵی من، ڕوو نییە
ناڵە ناڵی من درەنگە، زوو نییە
دەردی دووری، دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
یادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو
لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو
خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟
نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
ڕوو لە هەر لایە دەکەم نامۆیە بۆم
نابینم جێژوان و کەونە لانی خۆم
شەو دەکێشم شەونخوونی و بێ خەوی
ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی
چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟
چۆن لە ئەژنۆ بنەوە دوو دەستی من؟
چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە؟
بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە
ژانی ناسۆری جودایيم چێشتووە
هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە

هەڵبڕاوم من لەیاری نازەنین
دەرکراوم من لە خاکی دڵ نشین
بوومە ئاوارە و پەڕیوەی دوور وڵات
کەوتمە نێو وردە داوی ڕێی نەجات
بەکرە شۆفارە ئەوی مووخەی چنیم
زیی مەم و زینان وڵاتی لێ تەنیم
کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک «مەم»ێ
«یایەزین» لە کوێیە هاواری کەمێ
کوا «قەرەتاژدین» «چەکۆ» و «عرفۆ» لە کوێن
بێنە هانام وەک پڵینگی چەنگ بەخوێن
(لاس)ە شۆڕێک بووم غەنیمی دوژمنان
ئێستە ئەنگواوم بەتیری چڵکنان
وام بەتەنیایی لەنێو خوێنا شەلاڵ
کوانێ عێل و، کوانێ (خانزاد) و (خەزاڵ)؟
زۆر لە مێژە نارە ناری منی نەبیست
هەروەکو(شەمزین)،(شەمیلە)ی خۆش ئەویست
وەک (سیامەند)ی لە چۆڵ و بەندەنێ
جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ
شەتڵی جواناوم منی ساردە برین
کوا (خەج)م تا بۆم بگێڕێ گەرمەشین؟
مانگی «کانوونێ بەچلوان دەرکرام»
وەک (برایم) لەو وڵاتەی ڕاونرام
کوا (پەری خان) بەند و باوم بۆ بلێ؟
بۆ نەسووتێم نەمە پۆلووی سەرکلێ؟
ئەو لە زۆزان، من لە ئارانێ دەژیم
کێ دەڵێ ئەمنیش (وەلی دێوانە) نیم؟



کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم
ڕۆڵەکم خێزانەکەم باوانەکەم
ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟
ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد
هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد
بوومە گەپچاڕ و دەکا گاڵتەی بەمن
ئەو ڕمووزنەی زەندەقی چووبوو لەمن
ئەی ڕەفیقان ئەی عەزیزانی وڵات
ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات
گەر دەناڵێنم ئەمن پەککەوتە نیم
تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکو دەژیم
کۆششی من زۆر بەجێیە و زۆر ڕەوا
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە، وا
«هرکسی کو دور مانداز اصل خویش
باز جوید ڕوزگاری وصل خویش»
ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە
ڕاستە بێ هێزم، دەکەم ئەمما ملە
هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت
دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت
دێم بەرەو زیخ و چەو و کانیاوی خۆم
چۆن لەوانە وەردەگێڕم چاوی خۆم
دێم بەرەو ئەو داروبەرد و بەندەنە
دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە
دێم بەرەو زوورک و تەلان و کەند و لەند
دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند

دێم بەرەو پاناوک و هەوراز و نشێو
دێم بەرەو ئەشکەوت و ڕەندۆڵ و پەشێو
دێم بەرەو بەفر و چلوورە و بەستەڵەک
دێم بەرەو شێخاڵ و ڕێچکە و ڕەشبەڵەک
دێم بەرەو لێڕ و چڕ و بەستێن و چۆم
دێم بەرەو هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم
دێم بەرەو هۆبە و هەواری باسەفا
دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانگای وەفا
دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم
دێم ببینم خزم و کاک و دیدەکەم
دێم و دەگرم بازی بێری شۆخ و شەنگ
دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ
دێم گراویی خۆم لە باوەش وەرگرم
دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم
دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد
دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد
دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب
ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی
هەرپەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش
گەر گلاشم، کوردەواری ئێوە خۆش



# خاسەکەو

شیعر: سەید کامیل ئیمامی
ئاهەنگ: شاڕوخ

خاسەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە
خاڵی ڕەش و سووری بەجووت ڕشتووە
ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتووە
بۆجی؟ دزە؟ جەردەیە؟ کێی کوشتووە
کێهە کەسی ئەو لە ژیان خستووە
ماڵ و مەڕ و زیوەری کێی بردووە
داوی چەقاند تاوەکو کەو پێوەبێ
چاڵ کەنە خۆی پێوە دەبێ هەر لەوێ
بۆچی کەویش مافی ژیانی نییە
حەقی کەژ و کێوی جوانی نییە
بۆچی کەویش بۆتە برا کوردەکان
نابێ بکێشێ نەفەسێکی ژیان
بێتەوە بەردەست و بەبێ باڵ و پەڕ
پێ بکەنێ بیبەنە قەسری قەجەر؟
دەک نەفەسو بگرێ ئەجەل جێبەجێ
وا کە نەتان بێ قەوەتی دەست و پێ
خاوەنی ئەو کێو و کەژە هەر کەوە
نەزم و نیزامی کەژ و کێو هەربەوە
لێی گەڕێ با باڵ و پەڕی دەربکا
لەو کەلە با بانگی ڕەفیقان بکا
لێی گەڕێ دوندووکی بە بەرد تیژ بکا
گوردە بکا ، بانگی کوڕ و کیژ بکا
بێنەوە کانیاوێ بخۆن ئاوی ساف
بۆ گوڕەیی سەر بنە بێنە مەساف

کوڕ بەگوڕە گوڕە وەکو شێر و پڵینگ
کچ بەشنە شنە بەخرنگە خرینگ
بێن و بڵێن خاوەنی کێوان ئەمەین
سوورە دەنووکمان بەدەنووک شەڕ دەکەین
هونەری ئەو خاسە کەوەش هەر دەڵێ:
ڕاوچی دەبێ لەو کەژ و کێوە هەڵێ



## خۆزیا میوانی یار باما

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: تۆمارکراوە
تەنزیم: فەیزی نەژاد

خۆزیا ئەمشەو من میوانی یار باما
وەکو سیامەند خۆشەویستی خەج باما
بە منالّی من ئاوالّی یار باما
وەک کاکە مەم شێت و شەیدای زین باما
وێنەی بولبول شێت و شەیدای گوڵ باما
لە دووری لەیل من ئاوارەی کێو باما
لە باغچەی ژین دلّداران گوڵ باما
هەتا مردن من گیرۆدەی دڵ باما
گوڵی عومرم بەبای زەمان پەڕپەڕبوو
بەهاری تەمەنم چ زوو بەسەرچوو
ئاواتی دڵ و گیانی من لە دەس چوو
لە سوێی یارم جەرگم هەموو لەت لەت بوو

شیعر: هێمن
ئاواز: ئەبوو عەتا

تاک و تەنیام و عەزیزانم کوان
بۆنی گۆڕخانەی لێ دێ جێ ژوان
نامەوێ پاشی نەمان بۆم بگری
ئێستە ماچم بدەیە کیژی جوان

# گەلێکم پشکنی دونیا

شیعر: ئەحمەد هەردی
ئاهەنگ: لە تورکی وەرگیراوە
تەنزیم: فەیزی نەژاد

گەلێکم پشکنی دونیا لە دوی ئەو جووتە لێوەی ئەو
هەزار ئەفسوس، نە ئەورۆژەم بەدی کرد و نەشێوەی ئەو
نەپرشەنگی لە غونچەی دا، نەپەنجەی دا لە تاری دڵ
نەبەژنی شۆخ و شەنگی بوو بەمیوانی تەلاری دڵ
تەلاری دڵ کە دیواری وەها مەستی ئەوینی بوو
لە باوەش گرتنی باڵای هەموو ئاواتی ژینی بوو
گوڵ و گوڵزاری دڵ وابوو خەیاڵی ڕۆژ و هی شەویان
کەوا پرشەنگی دوو چاوت بڕێژی چاوی بێ خەویان
هەموو پەیکێلی مەی نۆشی، بەیادی ئەو، کە پڕ مەی بوو
لە مەیخانەی دڵا کەیلی بزەی ئەو جووتە لێوەی بوو
هەموو پاڕانەوەی وابوو بەشێوان و سبەینانێ
کە ڕۆژی لێوی پڕ تاسەی لەسەر دوو لێوی ئەو دانێ
کەچی ئەو کۆشکەی چەند ساڵەی دڵم بنچینەکەی دانا
بەتەنیا گەردەلوولێکی (نەهاتی) چوو بەئاسمانا
هەموو ئەو نیاز و ئاواتەی لەناو ناخی دەروونا بوو
لە داخی بێ بەڵێنی ئەو بەجارێ تەفر و توونا بوو



# مەقام بەشێوەی بادینانی

شیعر: هێمن

ساقیا وا بادەوە وا بادەوە
ڕوو لەلای من کە بەجامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانە کەمن
زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن

## زەمانە

شیعر: شارۆخ
تەنزیم: فەیزی نەژاد

زەمانە، زەمانە، پیری کردم
ئاوارەی کەژ و کۆساری کردم
کاروانی خەم لە دڵم بارگەی لێ خست
پەیمانی دڵداری لەگەڵ دڵ بەست
بێ پەسیو و بێ قەرار دڵ بەژانم
ڕەنج خەسار و پەسار لێو بەبارم
وەکو شوانی هەژار حەق نەدیارم
وەک ڕێبواری غەریب دوور لە دیارم
ئاخ بۆ دڵسۆزێ جارێ لە جاران
سەری کاسم بنێمە سەر خاڵان
تێکەڵاوی هەناسەم و ژینم بێ
گوڵی باغی ئەویینداری دڵ بێ
بنۆشم شەرابی عیشقی چاوی
ببژێرم چڵ بەچڵ زولفی خاوی
دەم بەدەم پەنجەکانم لە گوڵ دەم
شەونمی کوڵمەکانی لە دەم دەم



## بەیانی بەهار

شیعر: شەریف
ئاهەنگ: شارۆخ

لە خاکی لاشەم بەیانی بەهار
گوڵاڵە سوورێکی ئاورین ڕوخسار
بەجوانی گۆنات سەر دەردەهێنێ
لەسەر مەزارم دێ خۆی بنوێنێ
ئەتۆش کە هاتووی لە بۆ گوڵ چنین
جوان ڕادەووری دەم بەپێکەنین
ئەو گوڵە خاکی دڵداری خۆتە
ئێستاش بە هیوای ڕوخساری خۆتە
بۆیە بەو چەشنە گەشە و خۆشڕەنگە
بۆیە ئەوەندە مات و بێ دەنگە
بۆیە وەستاوە دڵتەنگ و لەسەر ڕێت
دڵی داخورپێ دیسان لەبەر پێت
گیانە لەو گوڵەی چیت دێتە بەرچاو
لەو گوڵە سوورە، گوڵی دڵ سووتاو
جوانی هەڵگرە، هەرچەند خۆت گوڵی
خۆش بۆتر لە بۆن یاس و سونبولی

## مەقام

شیعر: هێمن
ئاواز: شاڕوخ

وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەوشۆ خەمی دڵ کەم کەم
لوزەوم بەردە سەرێ نامەوێ جورعەی کەم کەم
تەشەنە بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنە و بەمەی کۆنی دەبێ مەرهەم کەم
مشت و ماڵی دەوێ ئاوێنەی ژەنگاوی خەیاڵ
مەست و گێژم کە هەتا ، گاڵتە بەجامی جەم کەم



## ناڵە ناڵێک

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: لە تورکی وەرگیراوە

ناڵە ناڵێک بەربۆتە جەرگ و هەناوم
کیژۆڵەی جوان و ناسک من بۆت نەماوم
جوانێ گیان من گیرۆدەی ئەگریجەی خاوم

***

خرمە خرمی بازنە و پاوانەی یار دێ
گۆزەی لە کانی دانا ، بەرەو ژوان دێ
جوانی وەک تۆم نەدیوە نە لە شار و لادێ

***

شل شل پەشمینەی بەستووە لەسەر کەمەری
قۆڵی هەڵکرد و ، بێری دەڕوا بۆ مەڕی
بەو باسکی خڕ و گۆشتن سپی و مەڕمەڕی

***

شەرمن شەرمن ڕادەبرن پۆلی نازداران
گۆزە لەشان و دەلەرزێن هەناران
کوڵمیان دیار نییە لەبەر سێبەری گواران

***

دیمەنی یار شیرینە دەبزوێنێ ئەوین
بێ ڕووناکییە ئازیز تۆم نەبێ لەژین
دەبەخشی بەهەستی من هێز و گوڕ و تین

## هاكا ئەم چەرخە

شیعر: شەریف

ئاهەنگ: لە بادینانی وەرگیراوە

هاكا ئەم چەرخەش هەڵگەڕایەوە
ئیدی نەگەڕا و نەسووڕایەوە
كیژێ خاوەنی ژینی دونیایە
ڕیزێ مرواری لە گەردندایە
كیژێ كەتینی ئەوینی وایە
ژیان و مردن لە دەستیدایە
مرواری لەسەر سینگی ڕازاون
بەهێزی جەزبەی عیشقی وەستاون
ئەویش وەک هەموو پیر دەبێ
بەتیری مردن داوێنگیر دەبێ
نۆ مرواری جوان یەک لە شوێن یەک
ژینی ئەوانیش دەگاتە ئاخر
شینی مردنی ئەو كیژە وایە
كە بەشوێنیدا ئاخر دونیایە
بناغەی گەردوون وا دەشكێتەوە
ئیتر ناگەڕێ و ناسووڕێتەوە



## ڕێبەندان

شیعر: هێمن

ئاهەنگ: شاڕوخ

گیانی شاعیرت دەكەم بەقوربان
وا هاتووی ئەمساڵ مانگی ڕێبەندان
دەک بەخێرهاتی ئەو دەمەت پیرۆز
بە قوربانت بێ جێژنەكەی نەورۆز
ڕۆژی تۆ جەژنی گەورەی كوردانە
ناوت دەرمانی ژان و دەردانە
ئیمساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستان
بمری دوژمنی كورد و كوردستان

## ڕۆژی خۆشی

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: شاڕوخ

ڕۆژی جێژن و خۆشییە، تێپەڕیوو ڕۆژی دەرد و خەم
هات شنەی ڕەحمەت بەجارێک ڕایڕفاند و بردی تەم
گەرچی زستانە بەفر دایپۆشی ئەوڕۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەمڵیوە وەکو باخی ئیرەم



## بابڕۆینە سەیران

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: شاڕوخ

یاران بابڕۆینە سەیران، لێ لێ سەیران
با بکەین سەیری گوڵزاران، لێ لێ گوڵزاران
وەنەوشەی جوان و بۆن خۆش
شین بوون لە بناری داران، لێ لێ داران
ئاوی گوڵان دەدێرم گوڵی جوان هەڵدەبژێرم
دەیکەمە چەپکە گوڵێک بەدیاری بۆی دەنێرم

***

ئەگەر دونیا وەفای بێ، ئەستێرەم پڕشەنگداربێ
دڵ ئەویندار دڵ بێ، هەرگیز دڵم پیر نابێ

***

وەرن یاران کارێ بکەن دەردی دڵم چارێ بکەن
لەناو تەمی خەمباری، وا دەمرم بەهەژاری

***

ئاوارەم کەوتمە شاران، دوورم لە کەسوکاران
کەوتمە دیلی و ئەسیری بەبێ سووچ و بێ تاوان

# گوڵاڵەی بۆن خۆش

شیعر: شاڕوخ

ئاهەنگ: شاڕوخ

ئەی گوڵاڵە بۆن خۆشەکەی سەر ئاسۆگی بڵیندی ژین
ڕەنگی جوانت دەبەخشی بەدڵی من هێز و گوڕ و تین
لەناو گوڵان سەربەرزی هەم ناسک و شلک و تەرزی
لەناو گوڵان سەربەرزی هەم ناسک و شلک و تەرزی

***

ئەی یاران هاوار یاران بەزمێ بگرن وەک جاران
کوڕی دڵداری خۆشە لە گۆشە و لە کەناران
نەوەک غەریب و بێ کەس ئاوارە بێ لە شاران
نەوەک غەریب و بێ کەس ئاوارە بێ لە شاران



# ئاواز

شیعر: کاک سوارە

ئاهەنگ: شاڕوخ

من دەڵێم پەپوولەیەک فڕی بەباڵی سەوز و سوورەوە
من دەڵێم گوڵێک بەدەم شەماڵەوە بزەی بزووت
تۆ دەڵێی چ پەپوولەیەک فڕی یا زەردە کەوتە لێوی ناسکی
من دەڵێم هەتا هەتایە دەوری جوانییە ئەوڕۆ ئەگەر
هەتاوە کەسیرەیە نەماوە گڕی
خۆشەویستەکەم لە پەنجەرەی نیو تاکی بوومەڵێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە
لە حەنجەرەی زەمانەوە گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی
وردە خیزەکانی کانییە

هەی جوانان، ئامان جوانان وەرن وەکساڵی ساڵان
لە دەشت و چیا و ڕازان دەستان بگرین بەهاران
جا با هەوری بەرەحمەت برژێنی ڕێژنەی باران
جا با هەوری بەرەحمەت برژێنی ڕێژنەی باران

***

ئەی دونیا هاوار دونیا ، چەندە بێ بونیادی دونیا
لە دڵێک شادی دەگێڕی لە دڵێکی دیکە شینا
خەمگین و دڵ پەشێوم و سەرگەردانم لە ژینا
خەمگین و دڵ پەشێوم و سەرگەردانم لە ژینا

## ئاواز

**شیعر: ئەحمەد هەردی**

**ئاهەنگ: شاڕوخ**

بناغە و چینی دیواری تەلاری بەرزی دڵداری
بەسەر لانەی دڵا ڕووخا تەپوتۆزی خەمی هێنا
بەدووی باڵداری ئاواتی فڕی و بێ سەر و شوێنا
دەسا ئەی پاییزی ماتەم ئەوەندەم تاسە پێ ماوە
هەموو ئەو یادگارەی لەو ژیانی عەشقە جێ ماوە
بەجارێک وەک گەڵا سروەی خەزانت گشتی ڕامالێ
بەوردی هەر گەڵایەکی ببا بۆ قوژبن و چالێ



## ئاهەنگی گوڵی لاولاو

شیعر: شەریف

ئاهەنگ: شاڕوخ

شەوی تاریکە لێم شێوارە ڕێگا
بەیانی هات و زۆری ماوە ڕێگا
ژیانی من وەکو ئەو شەو وەهایە
بەهەر لادا دەچم بەسراوە ڕێگا

***

گوڵی سەربەرزی لاولاو کورتە ژینی
دەمێکە سەیری باغ و پێکەنینی
بەناکامی سەری دانا کە بمرێ
هەتاکو ڕەنگی ئەم دنیا نەبینی

***

گەڵا ڕێزان گوڵی باخانی دا با
بەهاری دیکە دێ ئەم داخە لابا
هەناسەی باغەوانی پیرە دەیگوت
هەزاران خۆزگە ژینی من وەها با

***

چلەی زستانی کوێستانە کچی کێو
دەپۆشێ بەژن و باڵاکەت بەچارشێو
دەزانم من چ سیحرێکە ئەگەربێ و
لە درزی پەردەوە دەرخا بزەی لێو

***

زیانی لاوی من وێنەی گوڵێ بوو
کە هاتە باغی ژین و هەڵوەری زوو
وەکو لاولاوی ناکامی بەهاران
خەمێکی نایە داوێنی دڵ و، چوو

## های لە بەیاندا

شیعر: پیرەمێرد
ئاهەنگ: شاڕوخ

های لە بەیاندا، های لە بەیاندا
های ئەو بەیانەی دیم لە بەیاندا
خاڵێک لە مابەین جووتەی بەیاندا
ئەستێرەی بەیان لە توی بەیاندا
کێ توانی ئەمە شەرح و بەیان دا
ڕەشە ئێوارە لە دەم بەیاندا
دوو مار بەحەڵقە دەوری بەیان دا
تا ڕێی بەی نەبێ دز لە بەیاندا
ماری لای بەیان بۆیە نیهان دا
هەرکەس دەس بەری ماری لێ هان دا



## بارانە

شیعر:
ئاهەنگ: شاڕوخ

بارانە و هەی بارانە و هەی بارانە و بارانە
وا دەی گەڵآ ڕێزانە و هەی ڕێزانە و ڕێزانە
بارانە و بارانە، بارانەی پاییزی
ڕێژنە بەڕەحمەت تێر دەکا پەرێزی

***

بارانە و هەی بارانە و هەی بارانە و بارانە
عاشق وێڵی شارانە و هەی شارانە و شارانە
بارانە و بارانە، بارانەی بەهارێ
لەسەر پەلکی گوڵاڵان شەونم دێنە خوارێ

***

بارانە و هەی بارانە و هەی بارانە و بارانە
خەم پیشەی دڵدارانە و دڵدارانە و جوانانە
بارانە و بارانە، بارانەی هاوینێ
ڕێژنە تەڕ دەکا، دەشت و چیاو دامێنێ

***

بارانە و هەی بارانە و هەی بارانە و بارانە
فرمێسکە و بۆ یارانە و بۆ یارانە و یارانە
بارانە و بارانە، نم نم دەبارێنێ
بۆ سەرچاوەی وشکا، دەگری و دەبارێنێ

## هێلانەی بەتاڵ

شیعر: هێمن

نییە باکم ئەگەر زاڵم شکاندوویەتی باڵی من
ئەوە سەختە، کەوا ناگاتە گوێی کەس ناڵەناڵی من
بەهار هات و، تەبیعەت حوکمی ئازادی مەلانی دا
لەناو کونجی قەفەزدا، دیارە چۆنە، ئێستە حاڵی من

***

لە گوڵزاری ورینگەی بولبولی سەرمەست و شەیدابێ
بەڵام نایە جریوێکیش، لە هێلانەی بەتاڵی من
لە سەر ناچێتە دەر، ساتێ خەیاڵی بسکی خاوی تۆ
ئەگەرچی تێگەیشتم، چاوەکەم خاوە خەیاڵی من

***

ئەرێ ئەی ئاسکی ناسک، هەتا کەی دەستەمۆ نابی
ئەرێ پیرۆزەکەی خۆشفەڕ، هەتاکەی نایە ماڵی من
گوتت بۆت دێمە جێ ژوانێ،هەزار سوێندت بەشاڵم خوارد
لە ئاهی ئاشقانەی من بترسێ، نەک لە شاڵی من

***

کە ماڵت بێ کەماڵت بۆ چییە لەم شارە وێرانە
کە ماڵی دەوڵەمەندی دی گوڵم نەیویست کەماڵی من
ئەگەر دەیزانی مانای خۆشەویستی ئەم کچە کوردە
بەسەد یاقووت و گەوهەر نەیدەدا فرمێسکی ئاڵی من

***

ئەگەر دەیزانی مانای خۆشەویستی ئەم کچە کوردە
بەسەت یاقووت و گەوهەر نەیدەدا فرمێسکی ئاڵی من
ڕەش و تار و درێژ و پڕ لە ئازارە و خەم و دەردە
بەڵێ شەوگاری دووری بوو سەراسەر ژینی تاڵی من



## شیرین

شیعر: ساڵح دیلان
ئاهەنگ: شاڕوخ

شیرین بەستەی گوڵاڵەی سوور
تریفەی مانگم
شیرین گەشەی ئەستێرەی دوور
گفتوگۆ و بانگم
شیرین تیشکی ڕۆژی دەم کەل
بۆ وێرانەی دڵ
شیرین هاژە و جریوەی مەل
بۆ وەنەوشە و گوڵ

***

شیرین ئەوپەڕ جوانی شێوەی
نیگاری سروشت
شیرین تۆ ئەو تاقە سێوەی
کە فەرهادی کوشت
شیرین تۆ بووی یەکەم بینین
کارەبای نازت
چاو هەڵبڕین زەردەخەنەت
سروەکەی ڕازت

***

لێی شێواندم تەلی تاری
هەڵبەست و خەیاڵ
بووم بەو مەلەی بێ لانەیە
زامدارە و بێ باڵ
ئیتر نەمانگ، نە ئەستێرە
نەگزنگی زەرد

نەفووی شمشاڵ نەقاسپەی کەو
لەم بەرد و لەو بەرد

***

نەتریفـــەی شـــەونمی ســـەر
چیمەنی قەراغ
نەخـەندەکـەی تازە غـونچـەی
درەختانی باغ
نە کـەروێشکەی دەغـڵی بنار
نەهاژەی ئاوە
نە ئەو بۆنە سـەر مـەسـتـەکـەی
ئەگریجەی خاوە



## «ئاواز» شوشتەری

شیعر: مەولەوی تاوەگۆزی
ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەر

شـادی گـەرد غـەم چۆن نەدون وەباد
غەم چون وەیاگەی شادی نەبوون شاد

***

ئازیزەم وەمـەیل من تەلەب کـەردەن
مـن دەردی دووری تـەوا نـام بـەردەن

***

دڵ چون وە شنە بووە، گیان چون نەتاو
لەیل ئینتـزاربوو، مـەجنون نەیاو

# ڕەنجی هەژاری

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: شاڕوخ

هەی دەردەداران، ڕەنج بەخەساران
دەرد و مەینەتە، پیشەی ڕێبواران
ڕێگەم تاریکە لێڵ و عاستەمە
ئاکامی ژینم، جەستەی خەستەمە
کێ وا وەکو من دەردی دیتووە
ڕەنجی هەژاری بەدڵ چێشتووە
کوا؟ کێ دەزانێ دەردی هەژاران
ژان و ئێش و ئۆف لە دڵەی زامداران
کێ بەناکامی وەک من ژیاوە
گوڵی ئاواتی عومری ژاکاوە



# بیری خەرابات

شیعر: حەمدی
ئاهەنگ: بادینی

من و پیری خەرابات و دەردی مەیخانە تا مردن
من و ساقی و مەیی و جام، قسەی ڕەندانە تا مردن
بریندارم، بریندارم، برینداری ئەویندارم
نەهاتمە لات بەمیوانی، لە تۆ چەند شەرمەزارم
بڕۆ زاهید موبارەک هەر بەتۆبێ مەسجید و میحراب
من و ئەبرۆی بوتان و، گۆشەیی مەیخانە تا مردن
لە شەوقی عەشقەوە من مەشخەڵی بەزمی حەریفانم
وەرە بڕوانە پەروانە، ئەوە سووتانە تا مردن
بەناز، نازت دەکێشن عاشقان، ئەشڵێن گرانجانە
بەڕوح نازت دەکێشم من لەلام هەرزانە تا مردن

# وەرە ساقی

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: شاڕوخ

وەرە، وەرە ساقی وەرە، جامی شەرابێ بێنە
سەرخۆشم کە لە بادەی ئاڵ دەفر و کاسەم بۆ بێنە
شەماڵ وەرە، توخوا وەرە، بەشێنەیی و لەسەرخۆ
مژدەی شادی بۆ دڵم بێنە دایمرکێنە کوڵوکۆ
لەو دونیایە نەمدی شادی جارێکی میوانم بێ
ڕۆچنەی هیوام تەنیا جارێ تیشکی ڕووناکی بۆ بێ
ڕێگام دوورە، ژیان سەختە، دژوار و پڕ مەینەتە
بێ بەش نییە لەم ژینە تاڵە، ئەوەی پیشەی حەسرەتە
زەردە تاوی ئێوارانی سەر بەفری ئاسۆی بەرزم
وردە، وردە دەتوێمەوە بۆ ناخی ئاسمان دەفڕم



# بۆسەی ڕۆژگار

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: بادینی

نیمە ئاواڵێ لە گۆشەی بێکەسیدا، غەم نەبێ
چاکە ئەو لێرەش وەفای هەر ماوە سایەی کەن نەبێ
لاپەڕەی ژینم هەموو هەڵدەیتەوە تێیدا نییە
باسی فرمێسک و هەناسە و شیوەن و ماتەم نەبێ

***

ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسەیەکی نایەوە
نەمدی هەر تیرێکی دەیهاوێ بەرەو سینەم نەبێ
ڕەنجی دووری دولبەرم بۆ کوشتنی من کافییە
گەر لە دونیادا ئەمن هیچ مەینەتی دیکەم نەبێ

***

کوا دەزانێ چەند پەرێشان و پەشێوە حاڵی من
ئەو کەسەی گیرۆدەیی ئەگریجە و پەرچەم نەبێ
ڕەمزی دڵداری لە زینێ فێر دەبوو یارم، دەنا
کوا ئەویندار و وەفاداری وەکو من مەم نەبێ

***

شادی جارێکی بەمیوانی نەهاتۆتە دڵم
ڕەنگە خەڵوەتخانەیی خەم شوێنی نامەحرەم نەبێ
خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕەوشەن بکەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ

## وەرە ئەسمەرم

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: بادینانی

وەرە وەرە ئەسمەرم
من بۆ تۆ سەوداسەرم
عاشقی بەژنی تۆمە
عیشقی تۆ کەوتە سەرم، دینێ
وەرە وەرە، وەرە وەرە،
یالا ئەسمەرم، دینێ
ئەشکی حەسرەت دەڕێژم
دەرد و مەینەت دەچێژم
پەروانە باڵ سووتاوم
تەرمی ئەوین دەنێژم، دێنێ
وەرە ئەی مایەی ژینم
تاوێ دڵەی بێ تینم
سارێژ بکە برینم
شادکە دڵەی غەمینم دینێ
گوڵ بەشنە دەپشکوێ
هەستی بولبول دەبزوێ
گوڵاڵەی گەشی هیوا
لە دڵی عاشقاندا دەڕوێ



## دەروێش عەبدوڵڵا

شیعر: گۆران
ئاهەنگ: سالح دیلان

بەڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ،
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش،
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بلبلی خەم بێ!
بەڵێ، دیارە، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا،
بەڵام تەختی ڕوفاه و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار
بەئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا
بەڵام چی بکەین لەناو چاوی ڕەشی بەعضێ ذەکای گەورە،
وەکوو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن
ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە
نەکردایە، خوا عالم، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن
نەحەرفی مەکتەبێکت خوێند، نەئوستادێ پەلی گرتی
صیرف بەرزیی ذەکا ئەک صنعەتەی فێرکرد بەشمشاڵت،
هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە تووڵانی هەتا کورتی،
بەسەر پەنجەی هونەر کردت بەدیلی کۆششی زاڵت!
ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا
دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی ذەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!
لە بیتەهۆڤن گەلێ زیاتر بەڕۆحم ئاشنای، وەڵڵا
دە، ئەی دەروێش، سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کڵۆڵم کە!

## فەوزیە

شیعر: هێدی

ئاهەنگی: لە تورکی وەرگێراوە

وەرە بەردەرکە وەکو مانگ لە سوێ
گوڵەکەم تاوێ لەگەڵ من بدوێ
وا لە ڕێتە سەری سەرگەردانم
چاو بەگریانەوە لێت دەڕوانم

***

زەردە دەرکەوت و بەیان زوو ئەنگوت
بەهەناسەی شنە، گوڵ زۆر پشکووت
چاوی من هەرچی دەڕووی تۆ ڕاما
لێوەت پێ نەکەنی و، هەر وا ما

***

ڕۆژ درەنگانێ دەمەو ئێوارە
کیژ و کاڵ دێنە سەر ئەو ڕووبارە
گۆزە ئاو هەڵدەگرن بازنە لە قۆڵ
چەتری سەر کوڵمەیە برژانگ و مژۆڵ

***

دڵنیانین لە زمانی بەدرۆ
پێکەوە دێنە زمان چاو و برۆ
مانگەشەو هات و لە دەرک و بانان
کۆڕی دڵداری دەبەستن جوانان

***

ئەو دەمەم خۆشە کە تۆش لەولاوە
کەزیەکانت بدەیە دەم باوە
با پەرێشانی بکا وەک دڵی من
هەڵمژم لێرەوە بۆنی گوڵەکەم



هەر لە ڕۆژی هەوەڵی دەربەدەریم
عیشقی تۆش هۆیەکە بۆ کوێرەوەریم
بەهەوای تۆوەیە دێ خورپە لە دڵ
دڵ هەر ئی تۆیە، هەتا دەیخەنە گڵ

## گریانی نیوەشەو

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: شاڕوخ

شەوانە ئەو دەمانەی شەو دەگاتە کاتی نیوەی شەو
خەڵک نوستوو لە چاوی من کەسەر دیسان ڕەواندی خەو
سکوتێکی بەسام سەرتاسەری ئەو دێیە دادەگری
دەڵێی هەر زیندەوارێکی هەیە، لەو دێیەدا دەمری

***

لە هیچ لا خشپەیەک نایە چرایماڵێکی نایسێ
بەئەسپایی لە ماڵ دێمە دەرێ دەخوشم وەکو نیسێ
تەک و تەنیا بەئارامی دەچم بۆ گردەکەی بەر دێ
بەدڵتەنگی و کز و خەمناکی ڕادەکشێم لەسەر بەردێ

***

دەکەم جا سەیری ئەستێران و هەڵدەمژم شنەی شەوبا
شەو و بێ دەنگی چەند خۆشە، هەمیشە خۆزگە هەر شەو با
وەکو ئاواڵی چاک ئەستێرەکان گوێ ڕا دەدێرن بۆم
هەتا بۆیان بەیان کەم موو بەموو ڕازی دەروونی خۆم

***

کوڵم هەڵدەستێ ئەوجار و، لەبەر دەردم دەناڵێنم
هەتا ئاوری دڵم دەکوژێتەوە ئەسرین دەبارێنم
شەوانە گەر نەکەم ئەو شیوەن و ناڵین و گریانە
دەسووتێنێ وجودم ئاگری ئەم جەرگە بریانە



## ئەگەر سزایە هەر بەسە

شیعر و ئاهەنگ: خالید دلێر

ئەگەر سزایە هەر بەسە
ئەگەر جەفاشە هەر بەسە
ئەگەر ئازاری خەڵکی تر
لەلات ڕەوایە هەر بەسە
مردم ئەوەندەی بگریم بناڵم
جارێ بەزەیت نەهات بەحاڵم
چی شک نابەم بۆ عەرز و حاڵم
بۆ ئەوەندە بێ باکی زاڵم
بۆ بۆ بۆ بێ باکی زاڵم

***

ژیان و مەرگم لە دەستی تۆیە
دڵ بەستەی تۆمە ئەوەندە بۆیە
دوور لە جوانیت کە هەر بەهۆیە
ئەوەی ئازارە لەسەر من کۆیە
ئۆف، ئۆف، ئۆف لەسەر من کۆیە (٤) جار

***

چۆن دەبێ دڵدار گوێ بەچقڵدا
چۆن بۆ من دەردیی لە ناخی دڵدا
لە تۆیە هەرچی جوانی هەیە
کۆبوونەتەوە لە تاکێ گوڵدا
ئۆف، ئۆف، ئۆف، لە تاکێ گوڵدا

## مامە شوانی دەربەدەر

شیعر: شەریف

ئاهەنگ: بادینی

مامە شوانی دەربەدەر
کوردی فەرنجی لەبەر
خونچەی دڵم بێ ئاوە
هانام بۆ تۆ هێناوە
نەخوڕەی ئاوی کانی
نەباغ و نەغمەکانی
نەدیمەنی بەهاران
نەباڵندەی کۆساران
ماوێکە مەستم ناکەن
پاراوی هەستم ناکەن
دڵتەنگم زۆر غەمینم
پەشێوی کۆچی ژینم

***

منداڵی بەخەمباری
لاوی بەچاوەنواڕی
مانگ و ساڵی ژیانم
کەی هات و چوو نازانم
خونچەی دڵم بێ ئاوە
هانام بۆ تۆ هێناوە
ساتێ لەبەر شاڵەکەت
دەربێنە شمشاڵەکەت
لە سێبەری ئەو دارە
بڕوانە ئەو جۆبارە

***



بەسۆزی جەرگی بریان
بلوێرت بێنە گریان
باخی ئەو دڵەم تەنگە
پاراو کە بەو ئاهەنگە
ئاهەنگی بەجێ هێشتن
نەغمەی کۆچ و ڕۆیشتن
بەڵکو بە نەزمی حەیران
فرمێسکم بێنە گریان

## مژده یاران

شیعر: شاڕوخ

ئاهەنگ: فەیزی نەژاد

هیچ کەس ناتوانێ وەک من بناڵێ
داخوا، کەی بکا ڕوحمی بەحاڵێ
بەحاڵی منی دەروون زووخاڵێ
مژدە بەهارە و گوڵ و گوڵزار
سوێسنە و شەوبۆ لەدەم جۆبار

***

ڕێگاکەم دوورە و دژوارە و سەختە
چی بکەم ناسرەوێ ئەو دڵە بەدبەختە
بەشی من بۆچی داخ و حەسرەتە

***

هیچ کەس ناتوانێ وەک من بخوێنێ
دەردی هەژاران بەدڵ بنوێنێ
بۆ دەردەداران بە کوڵ بخوێنێ

***



## مەقام

شیعر: هەردی

ئاهەنگ: شاڕوخ

بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵیندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم
شریتی چی؟ سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە
فلیمی پڕ لە ناسۆری، هەرەس هێناوی لاویمە

***

ڕێگاکەم دوورە و پێچ و پەنایە
ئەی هاوار شنەی شەماڵ بۆ نایە
هەواڵم بەرێ بۆ لای لەیلایە

## وەرە ئەی باوانم

شیعر: گۆران

ئاهەنگ: قادر خەلیلی

رۆڵەی تاقانەم، ئازیزم هیوای ژیانم
ئەستێرەی گەشی ئازیزم، بەری بەیانم
رۆژی نەورۆزی پرشەنگ زێرینم
تریفەی سپی مانگی هاوینم

***

شنەی شەماڵی ئازیزم کەلی بەهارم
لەرەی ئاونگی، مێرگی ئاودارم
جیرە و جووکە، شادی هێلانە
شەوبۆی پەخشانی ئەمان، ئەم گشت هەردانەم

***

غونچەی پشکووتوو، باغی جوانیم
رۆڵەی شیرینم ئەی هاوار، ئەی گیانی گیانم
توخوا بەو جووتە، چاوە شینانە
ئاخر نیگاتە، ئازیز، تێر بۆم بروانە

***



## قەتار

کە دولبەر بادەنۆشی کا، دەبێ من خزمەتی مێوکەم
بەشەو ئاودێری باغات و بەرۆژ دەفعی چلۆ و چێوکەم
ئەوەندە یەئسو بێزارم لە چەرخ و ئەهلی ئەو چەرخە
دەبێ تەقلیدی مەجنوون و، خەیاڵی ژینی سەر کێوکەم
هەی هاوار هەی داد (ئازیزم) هیمای شیرینم
گیان دەدەی دەمری (ئازیزم) ئیتر ناتبینم
ئیتر ئاخ ئیتر، ناتبینم هەرگیز
لە خەوا نەبێ، ئامان شەو شەوی پاییز

## غەمزە و ئیما مەفەرموو

شیعر: وەفایی

*ئاهەنگ: ئاهەنگێکی قەدیمیە و هونەرمەند مشکۆش گوتوویەتی.*

*دیارە بەئاهەنگی وەفایی، کاک محەمەدی ماملێش گوتوویەتی.*

بەچاوان غەمزە و ئیما مەفەرموو
بەقەتڵی عاشقی شەیدا مەفەرموو
ئەمن کوشتەی جەماڵی تۆم عەزیزم
لە باغی جەننەتولمەئوا مەفەرموو

***

دەڵێن فەرمووتە بمکوژی بەناحەق
کە تۆ سوڵتانی حوسنی وا مەفەرموو
دووچاوم دوور لە تۆ تۆفانی خوێنە
لەمەوجی جۆششی دەریا مەفەرموو

***

دەمت وابێنە قیبلەم، تۆی ئەبینم
بەتەشریفی دەمی عیسا مەفەرموو
من و یەک لەحزە شەو ئارام و تاقەت
لە دەوری ماهی شەو ئارا مەفەرموو

***

بۆ خۆت بمکوژە، نەک بەو چاوە مەستە
بەجەلادانی بێ پەروا مەفەرموو
وەفایی عاشقی ئەندامی تۆیە
شەهیدی قامەتی تووبا مەفەرموو

*(مەقام) شیعری پیرەمێرد و ئاهەنگی مامۆستا تاهیر تۆفیق*



## ئەستێرە بەرزەکان

شیعر: پیرەمێرد
ئاهەنگ: تاهیر تۆفیق

«مەقام»

ئەستێرە بەرزەکان دەدرەوشێنەوە بەشەو
وەک من بەداخەوەن نە سرەوتیان هەیە و نەخەو
چەند ساڵە ئاشنای، شەوی بێداری یەکترین
وەک سەر سەرین، شەوێک سەر ناکەینە سەرین
من خوار و ژوور، لەدەس چووەکەی بێ وڵات ئەوان
وەک خێڵی خوار و ژوورکەری کورد وێڵی ئاسمان
شەو شەونەمی ئەوانە، چیمەن ئاو دەخواتەوە
ڕۆژ هەڵمی ئاوی چاوی منە، سەریەخاتەوە
دوێ شەو بەری بەیان بوو، دەگریان بەسەرمنا
منیان کەساس ئەبینی لەناو دۆست و دوژمنا

***

دەمت وا بێنە قیبلەم تۆی تەبیبم
بەتەشریفی دەمی عیسا مەفەرموو
من و یەک لەحزە شەو ئارام و تاقەت
لە دووری ماهی شەو ئارا مەفەرموو

**از دست عشق**

شیعر: حەزرەتی غەوث
ئاهەنگ: جەلیل عەندەلیبی

ازخان و مان آوارەام
ازدست عشق ازدست عشق
سرگشته و بیچارەام
از دست عشق ازدست عشق
ایکاشکی بودی عدم
تا باز رِستی از عدم

***

می سوزم ازسر تاقدم
ازدست عشق، از دست عشق
ایکاشکی بودی عدم
تاباز رستی ازعدم

***

پرورده کردم خان و مان
سرگشتەام دورجهان
ایکاشکی بودی عدم
تاباز رستی از عدم

***

گشتم ضعیف و ناتوان
ازدست عشق ازدست عشق
ایکاشکی بودی عدم
تاباز رستی ازعدم

***

هر روزوشب دیوانەای
درگوشه ء ویرانەای



ایکاشکی بودی عدم
تاباز رستی ازعدم

***

گویم بەخود افسانەای
از دست عشق ازدست عشق
ایکاشکی بودی عدم
تا باز رستی از عدم

# هەی نایە نایە

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: بادینی

بریندارم دەناڵم پڕ بەدیدەی خەیاڵم
بۆچی ناپرسی حاڵم، پەرێشان و عەبداڵم
هەی نایە نایە ......... چاری من و تۆ نایە، ئەرێ بۆ نایە ٢

***

بەهارە غەم ڕەوێنە، دونیا شیرین شیرینە
کەژ و کێوان ببینە، بڕوانە چەند ڕەنگینە
هەی نایە نایە ...... چاری من و تۆ نایە، ئەرێ بۆ نایە ٢

***

دەردی من چەند گرانە، دەردێکی بێ دەرمانە
دەروونم پڕ لە ژانە، دڵم مەکۆی غەمانە
هەی نایە نایە ......... چاری من و تۆ نایە، ئەرێ بۆ نایە

***

بڕۆ ببینە یارێ، ئەو یاری گوڵعوزارێ
خوێن لە چاوم دەبارێ، لەدووری دیدەی یارێ
هەی نایە نایە ....... چاری من و تۆ نایە، ئەرێ بۆ نایە



# سووک بن دەی دەی

شیعر و ئاهەنگ: باکوری

سووک بن دەی دەی، ڕێک بن دەی دەی، تێ هەڵکەن لە گۆرانی
ڕێک خەن پێتان، گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی

***

چاوڕەش وەرە دەستم بگرە شەرمی ناوێ لە شایی
لە سەیران و زەماوەند و لە دۆڵ و کێو و چیایی
دە وەرە چاو جوان بگرین دەستان بۆ شایی بن دارانی
ڕێک خەن پێتان گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی

***

لەنێو گوڵ و گوڵزاری دەشت چەند خۆشە بەزم و سەیران
دەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و لە نەغمەی بەستە و حەیران
دە وەرە چاوڕەش بگرن دەستان بۆ شایی بن دارانی
ڕێک خەن پێتان گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی

# هێدی هێدی

شیعر: پەشێو
ئاهەنگ: بادینانی

له دوورەوه ناوت بیستووم، ناشارەزا خۆشت ویستووم
گوایه لەگەڵ شیعرەکانما زۆر ژیاوی، ژیاوی
وەرە شەماڵ وەرە، وەرە شەماڵ وەرە
مایەی ژیانم، ئاواتی گیانم (٢)
هێدی، هێدی وەرە، وەرە دەستم وەرە، دڵ شکەستم وەرە
مایەی ژیانم ئاواتی ژیانم

***

ئەوەی ڕووگەی دڵ و چاوە، تەنیا بوتێکی شکاوە
دووربە لە من، لە ژینی من لە چاوانی بەدبینی من
هێدی هێدی، وەرە دەستم وەرە، دڵ شکەستم وەرە
مایەی ژیانم، ئاواتی گیانم
وەرە شەماڵ وەرە، وەرە شەماڵ وەرە
مایەی ژیانم، ئاواتی گیانم

***

نەتناسیوم بڕۆ مەکە، نەتناسیوم، ناسیوم
ئەو جیهانەی تۆ دەتەوێ، لای من هەرگیز دەس ناکەوێ
وەرە شەماڵ وەرە، وەرە شەماڵ وەرە
مایەی ژیانم، ئاواتی گیانم
هێدی، هێدی هێدی، وەرە دەستم وەرە، دڵ شکەستم وەرە
مایەی ژیانم، ئاواتی گیانم

***

جیهانی من هەمووی غەمە زەردەخەنەی ئێجگار کەمە
تەلاری من وێرانەیە، جێ پەرتووک و هۆنراوەیە



وەرە شەماڵ، وەرە، وەرە شەماڵ وەرە
مایەی ژیانم، ئاواتی گیانم
هێدی، هێدی، وەرە دەستم وەرە، دڵ شکەستم وەرە
مایەی ژیانم، ئاواتی گیانم

## شنەی بەربەیان

شیعر: شەریف
ئاهەنگ شاڕوخ

شنەی بەربەیان دیمەن بەدیمەن
باوەشێن دەکا ئەگریجەی چیمەن
کیژی خۆرەتاو چاوی هەڵدێنێ
دێت و گوڵی شەو وەخەبەردێنێ

***

دەوەستێ لەسەر دیواری ئاسۆ
بۆ سەیری دەشت و سەوزەی کەژوکۆ
شنەی بەربەیان، دیمەن بەدیمەن
باوەشێن دەکا ئەگریجەی چیمەن

***

چیمەنی سەوزی ژێر پێی مراوی
فرمێسکی شەونم دەتکێ لەچاوی
لاوی ڕەنگینی دەس لە ملانی دار
پێ دەکەنێ بۆ گوڵی بێ دڵدار

***

ئەستێرەکانیش وەک ماسی نێو ئاو
لە دەریای شینا، ون دەبن لەچاو
بەفراو بەوێنەی فرمێسکی دڵدار
گورگور بەگۆنای کێوا دێتە خوار



## سازی ئاوارە

شیعر: شەریف
ئاهەنگ: بادینی

وەرە ئەی سازی ئاوارە، بەهانای سۆزی گریانم
دڵم بەستەی دەوێ ئەمڕۆ، بەجێ دێڵم موکریانم

*

وەکو هەنگاوەکانیشم دەلەرزێ وا دڵ و دەنگم
دەبا وێنەی منی کۆچەر بناڵێ سازی دڵتەنگم

*

گەلێ شەونم لەسەر گۆنای گەڵای زەردی دەمی چۆمە
وەکو فرمێسکی ڕووی زەردم کە تووشە کوچی ئەم ڕۆمە

*

بناڵە سازی ئاوارە من و ئەو چۆمە دڵ خوێنین
دەڕۆین ئەوڕۆ بەخەمباری، کە هەردوو بێ سەر و شوێنین

# لەبیرت کەم

شیعر: پەشێو
ئاهەنگ: لە ئاهەنگی شلەو خانان وەرگیراوە

چۆن بۆم دەکرێ لە بیرت کەم
چۆن بۆم دەکرێ دڵگیرت کەم؟
چۆن لاپەڕەی پاکی سپی
هی ڕابردووی شادی و کپی

***

هەر دوێنێ بوو لێرانەدا
هەر لەم شوێنە وێرانەدا
بۆ ڕابواردن بەهەڵمژین
خەندەمان نا سەرلێوی ژین

***

بێ ئازار و بێ پەرۆشی
دەکەوتینە خەوی خۆشی
لەبەر ترسی هەناسەمان
جۆشی دڵی پڕ تاسەمان

***

دەست و پەنجەی خوای دڵداری
دەیدایێ بادەی بەختیاری
ساچۆن دەبێ لەبیرت کەم
چۆن بۆم دەکرێ دڵگیرت کەم



# مەقامی پاییزە

شیعر و ئاهەنگ: فۆلکلۆر

ئای وای وەی وای لەمن وای
ئەوە سەدایەکی پیرە پاییزم دەگەینێ، لە عالەمێ چەندە درەنگە لەکاکی خۆت تازە و سەر لە هەوەڵێ.
ئەرێ ئەوە سوێسن دەڵێ بەهەڵاڵێ، هەڵاڵ دەڵێ بەبەیبوونێ، بەیبوون دەڵێ بەگیا خاوێ، گیاخاو دەڵێ بەڕەشە ڕیحانێ، ڕەشە ڕیحان دەڵێ بە سوورە گوڵێ: وەرن ئەمە سەرێ خۆ دەرهێنینەوە لە خارێ، لە خۆڵێ،
خۆ ڕاوەشێنینەوە لە خزمەت بایەکی شەماڵ و بارانی دەپیرەچەلێ.
سەرگەردان و دەست بەدامانی ئەوان خەزێم شۆڕانم، ئەزت مرم پاییزێ

***

ئای وای... لەمن وای
ئەوە مەمکی نازدارەکەی ماڵان بەقەت هەنارێکی بوون، ئێستە لەمن بوونەتەوە پڕ بەخاڵێ، پار ئەوان دەمان، ئەوان مەجالان سینگ و بەرۆکی زاڵمێ زاڵم بابێ دەبەر ئیجارەی من دابوون، ئێستاکە گوڵێکی دەگوڵە مێردان پێی دەکەنەوە گەنگەلێ...
ئەرێ ئەوە دەستی من ناگاتە بەرۆکی مەحبوبێ کەڵەگەتێ، مەگەر نێردیوانێکی بۆ دروست کەمەوە، لادانی بەداری عەنابێ،
نێوداری لەدار سەندەڵێ سەرگەردان و... دەس بەدامانی ئەوان خەزێم شۆڕانم... سەرگەردان و دەست بەدامانی ئەوان خەزێم شۆڕانم.

## گوڵی ژاکاو

شیعر: شاڕوخ

ئاهەنگ: بادینی

ئای لە گوڵی ژاکاوم، وای لە گوڵی ژاکاوم
لەدەس مەینەتی دەوران، بێ کەس، بێ بەش ماڵ وێران
ئەی ئاواتی ژیانم، ئەی غونچەکەی ژاکاوم
تینی ئەوینی تۆیە، هۆی ژیانە و هەر ماوم

***

ئای دەردم گرانە، وای دەردم گرانە
ئەی ئاواتی خەیاڵم - مەلی بێ ماڵ و حاڵم
ئەی باڵداری ڕەنگا و ڕەنگ، دەم پڕ هاواری بێ دەنگ
بابکەین سەیرانی کێوان - بابدەین باڵان لە شێوان

***

بەهارە کێو ڕەنگاون، چەم و ڕووبار پڕ ئاون
دەشت و چیمەن ڕازاون، بەگوڵاڵان داپۆشراون
دەبا بڕۆینە سەیرانێ، بۆ شەڵماش و بێورانێ
سەیرانی ئاو هەڵدێران، لەنێو گوڵاڵە سووران

***



## مەقام

شیعر: صالح دیلان

ئەو گوڵانەی دەشت و کێوانە بەرەو سامانی دڵ
ڕەنگی ئاڵی هەڵمژیوە سەر هەتا دامانی دڵ
ئەرخەوان سوورە، شەرابی ئاڵی کۆنی چێشتووە
بۆیە یاقووتە، هەموو بەردێکی سامانی دڵ

## ئەی گوڵم

شیعر: شاڕوخ

ئاهەنگ: بادینی

ئەی گوڵم گیان گوڵم ئەی هەناسەی جەرگ و دڵم
دەتپەرستم پڕ بەدڵم، ئەمان ئەمان یار، یار گوڵم
دەخیل ئەمان چاوڕەش گوڵم (٢) عاشقی چاوی بەکلم
ئەمان، ئەمان یاریار گوڵم، دەخیل ئەمان چاوڕەش گوڵم
ئەز غەریبی عیشق و دڵم

***

گەر نەتبینم جاروبار گەر نەتبینم جاروبار
نەبینم ئەو چاوی بەخومار، ڕەنگ زەردم و لێو بەبار
ڕەنگ زەردم و لێوبەبار ئەمان، ئەمان یاریار گوڵم
دەخیل ئەمان چاو جوان گوڵم،من غەریبی عیشق و دڵم
ئەمان ئەمان یار، یار گوڵم
دەخیل ئەمان یاریار گوڵم، ئەز غەریبی عیشق و دڵم
لەبەختی خۆم ڕادەمێنم کزومات سەرسام دەمێنم
ئاخ لەبەر بەختی ڕەشم، هەموو دەرد و ڕەنجە بەشم
هەموو دەرد و ڕەنجە بەشم، ئەمان ئەمان یاریار گوڵم
دەخیل ئەمان چاو جوان گوڵم (٢)
ئەز غەریبی عیشق و دڵم
ئەمان ئەمان یاریار گوڵم
دەخیل ئەمان یاریارگوڵم، عاشقی چاوی بەکلم



## ئەی بولبولی غەمگین

شیعر و ئاهەنگ: شاڕوخ

وەرە ئەی بولبولی دەنگ خۆش (٢)
زەمانە ناهێڵێ ئەتۆش (٢)
بەستە بڵێ بەخرۆش
بەدەنگی پڕ سۆز و جۆش (٢)
بەدڵی پڕ لە پەرۆش (٢)

***

بەیان کە دەردی ناخی دڵ (٢)
لەم گوڵە بفڕە بۆ ئەو گوڵ (٢)
پڕ بەدڵت بچریکێنە
دەردی دەروون بدرکێنە
بۆ دڵم غەم بخوێنە (٢)

***

گریانی گوڵان شەونەمە (٢)
کە ئاکامی دەرد و غەمە (٢)
تێکەڵ بەشنەی بەربەیان
لەکاتی کازیوەیی بەیان (٢)
بۆ بولبول دەگریان (٢)

## مۆژده لە گەلی یاران

شیعر و ئاهەنگ: باکوری

مۆژده لە گەلی یاران وا جێژنەیە و هاتەوە
دادەخا دەرگای کەسەر، ڕێی شادی دەکاتەوە
بەهۆی بەزم و ئاهەنگی زەمین دەنگ دەداتەوە
مۆژده لە گەلی یاران وا جێژنەیە و هاتەوە

***

جێژنە بۆ ژین بووکێکە لە تاریکی دێتەدەر
تامی غەمباری لەسەر، بەرگی دڵداری لەسەر
بەناز ڕوو لە هەر لا کا ، زەمین دەنگ دەداتەوە
مۆژده لە گەلی یاران، وا جێژنەیە و هاتەوە

***

وڵات دەڕازێتەوە، تێکەڵ دەبێ کەسک و سوور
چێشت لێنان و بەرگی نوێ،گۆرانی و ساز و سەمتوور
لە گرمەی شایی و سەیران زەمین دەنگ دەداتەوە
پرسیم گەردوون بۆ گۆڕا؟ گوتیان: جێژنە هاتەوە



## تابلۆی ژیان

شیعر: پەشێو
ئاهەنگ: شاڕوخ

منم ژیانی پڕ لە ناسۆری، لە نیشتمانا نیزیک و دووری
کاری کردە سەر ناخی گیانەوە، پەنجەی بردم بۆ خامەی جەسووری

***

منم لای لایەی هەژاری و ڕۆژگار، ناڵەی دەوروپشت هەناسەی ئازار
گوێچکەی تەمەنیان زرینگاندمەوە، خستیانمە کار، بەهیوای بەهار

***

منم شەپۆلی ئازاری و تاڵیم، خەندەی کوشت لەسەر لێوی مناڵیم
بەڵام زۆر بیری بەرزی ژیانی، بەرەو دەماخی ساوا ڕایماڵیم

***

منم گەردانەی گەردەنی خەیاڵ، ساتێ فریشتەی جوانیم دێتە پاڵ
تابلۆی هونەرم بۆ ساز ئەکاتن، بۆی دێمەبزە، خرپە و گرِوگاڵ

***

منم سروشت و هونەر و جوانی، ئاواز و هەڵبەست نووزەی گۆرانی
یەکە بەیەکە لێویان ماچ کردم، منیش بۆم وتن هەرچەندم توانی

## دەڕۆم دەچمە سەفەرێ

شیعر و ئاهەنگ: شاڕوخ

دەڕۆم، دەڕۆم، دەڕۆم دەچمە سەفەرێ
جووتێ گوارەت بۆ دێنم دەگەڵ تۆق و کەمبەرێ
دەردی دووری چەند گرانە لەبەر غەم و کەسەرێ

***

دەڕۆم، دەڕۆم ئاخ دەڕۆم، دەچمە وڵاتی گەرمێنێ
بەڵام چ بکەم ئەو دڵەی من، لای تۆ بەجێ دەمێنێ
تەشەندارە هەناوم، لەبەر تازە برینێ

***

شەوە، شەوە، شەو درەنگە، وڵات مات و بێ دەنگە
دڵ بێ قەرار و تەنگە، عاشقی چاوی قەشەنگە
سروەی شەماڵی نایە، کشومات و بێ دەنگە

***

سەرگەردانم، شێواوم، سەرگەردانم شێواوم
لەم دونیا بێ وەفایە زۆر بێ هوودە ژیاوم
بەرهەمی ژینم لە دەس چوو، وەکو گوڵی ژاکاوم



## ئاخ و داخ

ئاهەنگ: شاڕوخ

ئاخ و داخ و دەرد، لەدەستی تەنیایی
پەشێوی بێ حەد لە دەردی بێ دەوایی
ئەم سەرسامییە، بێ ئارامییە، دڵ ناکامییە، کەی دێ کۆتایی

***

بۆ هەر کوێ دەچم پێی خەرابترم
ناسرەوێ ئەو دڵەی پڕ لە ئاگرم
نە لەناو گوڵزار، نەلای خزم و یار، نەلەدەشت و شار ئۆقرە ناگرم

***

لەدەس شار هەڵدێم دەچمە ناو گوڵزار
لەوێش هەڵناکەم دێمەوە ناوشار
وەک ئارام نەماوە، دڵ و پێی سووتاو، خانەی خەو ڕووخاو، لەدنیا بێزار

## بێریوان

شیعر و ئاهەنگ: شاڕوخ

ئەی بێری، بێری بێری، ئەی بێری وانی
ئەو ساڵ سازبە بابڕۆین بۆ بەحری وانی

***

بەحری وان سەیرانگایە بۆ دڵداران
بۆ هەڵپەڕکێ و بۆ دیلانی ئێواران

***

بەحری وان بەحرێکی خۆش و دڵگیرە
وەبیر هێنەرەوەی گشت هۆش و بیرە

***

یادگاری بەدرخانە و مەم و زینە
جێ هەوارگەی شادییە و جێگەی ژینە

***

بڕۆین بۆ دیلانێ لە دەوری وانێ
دەستان بگرین بیکەین بەجێگەی ژوانێ



## نەخۆش و بیمارم

شیعر و ئاهەنگ: شاڕوخ

نەخۆش و خەستە و بیمارم
دەردەداری باری ژیانم
باڵ شکاو و دڵ بریندارم
تاکو هەم هەر ئەویندارم

***

خەفەتبار و پەریشانم
لەخۆم و لەژین بێزارم
دوورە پەرێز و کەنارم
دوور لە ئاوات بێ قەرارم

***

دڵ کوژراوی عیشقی پاکم
وەکو مەجنوونی بێ باکم
هەتا دوا هەناسەی ژیانم
هەر بێ بەشم هەر غەمناکم

***

ڕووناک کە، ڕێگای ژیانم
ئازاد کە ئەو ڕوح و گیانم
دوور لە تۆ وێرانە ماڵم
دڵ بەغەم چاو پڕ گریانم

# شەودرەنگە

شیعر: پەشێو

ئاهەنگ: شاڕوخ

گیانە وا شەو درەنگە (٢)
زەمین کپ و بێ دەنگە
بەرپەنجەرەی ڕووناکت
بەرنادەم شەوەزەنگە

***

تاکو نەتگرمە باوەش
ئەی گوڵی ئاواتی گەش
زۆر بەئازارم ئەم شەو
لە چاوانم، دوورە خەو

***

وەرە دڵ پڕ نەوا بین
لە ژێر پەردەی شەوابین
لە چۆڵی غەم هەڵفڕین
دوور لەتامی خەوابین

***

شەوقی نزمی ئەستێرە
سەما دەکات بۆ ئێرە
بەخەندەی پڕ لە بزەیی
چاو هەڵناگرێ لێرە



# پەپوولەی خەیاڵ

شیعر: شەریف

ئاهەنگ: بادینی

پەپوولەی خەیاڵ سەرمەست و هێمن
دەپێوێ سینگی ئاسمانی بێ بن

***

دەفتەری ژینم پەڕ ئەداتەوە
لاپەڕەی لاویم بیر دەخاتەوە

***

پەپوولەی خەیاڵ دەڕوا بەسەرخۆ
لە شوێن بیری تر، ئاسۆ بەئاسۆ

***

هەتاکو خەودێ، بیرم دەمرێنێ
پەپوولە خەیاڵ هەڵدەوەرێنێ

# جان بی جمال جانان

شیعر: حافزی شیرازی
ئاهەنگ: سەرملودی کوردی
لەلایەن فەرەج پووری

جان بی جمال جانان میل جمان ندارد
هرکس که این ندارد حقی که آن ندارد

***

با هیچ کس نشانی زان دلستان ندیدم
یا من خبرندارم یا او نشان ندارد

***

هرشبنمی درین ره صد بحر آتشین است
دردا که این معما شرح و بیان نداد

***

جان بی جمال جانان میل جمان ندارد
هر کس که این ندارد حقّی که آن ندارد



# قلندرانه

شیعر: سالّح ماهی دەشتی
ئاهەنگ: خوجەندی

ساقی بیا ، ساقی بیا قلندرانه
پر کن قدح پر کن قدح می موغانه
هم مست شوم، هم مست شوم قلندروار (۲)
سربنهم، سربنهم برآ ستانه (۲)

***

امشت دوباره ازمی عشق تومستم
تنها ترازهمیشه بایاد تو مستم
جز عهد و پیمانی که باچشم تو بستم
بشکستنیها را همەیکجا شکستم

***

ساقی بیا ، ساقی بیا قلندرانه
پرکن قدح پرکن قدح می موغانه
هم مست شوم، هم مست شوم قلندروار
سربنهم، سربنهم برآستانه

## گۆشەی نادیاری

شیعر: گۆران

ئاهەنگ: شارۆخ

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم هەڵسا زرەی زەنگی فگاری
بەئەسپایی، بەبێ هێزی، بەعاستەم
هەوای ڕوحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم
بەئەسپایی، بەلەرزۆکی و هەژاری
ئەناڵێنێ لە شوێنی نادیاری

***

زمانێک دێتە گوێم هەرچەند زرەی دێ
کە تێر نابم لە گوێگرتن بەدوو گوێ
زمانێک، بەستەیەک، دەنگێک نەوایەک
سکاڵایەک، هەناسە و ئاخ و ئایەک
کە تێ ناگەم، کە نازانم ئەڵێ چی
بەڵام خوڕ، خوڕ لەگەڵیا، ڕوحم دەگری

***

کەچی ئەی ڕوحی بێ لێوار و بێ پەی
لەتۆ ناشارەزایی من هەتاکەی
چییە ئەم دەنگە، ئەم ئاوازە دوورە
کەیێ هەڵهێنەری چاوی شعوورە
کە دێ پەستم، کە نایا، ئارەزووی دڵ
بەدوویا وێڵ دەبێ مەنزڵ بەمەنزڵ
چییە ئەم زەنگە دەنگی دێ بەماتی
کە ژێر تەم کەوتووە شوێنی وڵاتی



## گلێنەی شاعیر

ئاهەنگ: حەسەن زیرەک

شیعر: هێمن

ئەگەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی با بیبا
بەمەرگی تۆ موچڕکیشم بەدڵدا نایە با بیبا
هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەیدا
بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشی و خانە خەرابی با
لە کوێ حاڵی من و تۆ وا دەبوو ئەی خۆپەرست ئێستا
ئەگەر دونیا ئوسوڵ و قاعیدە و نەرم و حیسابی با
بەجامێ بادە تێر نابم، ئەگەر مەیلت هەیە ساقی
گلێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت بۆم تێکە تا بیبا
هەموو عومرم ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی
خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو، فێری شەرابی با

## سەبری

شیعر: شەریف
ئاهەنگ: قەدیمی

لەداخی مەینەتی دەوران دڵم پڕ ئاورە ساقی
لە ژاری تاڵی ژین دیسان پیاڵەی دڵ پڕە ساقی
***
وەرە ئەمشەو، وەکو هەر شەو، وەرە ساقی دڵم خوێنە
هەتاکو دێتە چاوم خەو، حەرامە شەربەتان بێنە
***
دڵم زووخاوی لێ دەڕژێ دەسا هەستە بکە مەستم
شەرابی کۆن لە جامی نوێ بەخوڕ تێکە بدە دەستم
***
کەوا کون کون بووە جەرگم، لەجەوری مەینەتی دونیا
هەتاکو سەردەمی مەرگم وەرە هەرتۆم دەوێ تەنیا



## لادە لادە

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: قەدیمی

غەریب و بێکەس من لێرە ماوم، من لێرە ماوم ئەی هاوار، من لێرە ماوم
لە دووری تۆبە خوێن دێ لە چاوم، خوێن دێ لە چاوم ئەی هاوار خوێن دێ لە چاوم
ئەرێ لادە، گیانە لادە، توخوا لادە، وەرە لادە
ئەرێ لادە لادە لادە، ڕووبەند پەشمینە، خوێنت شیرینە
خوێنت شیرینە، ئەی هاوار، خوێنت شیرینە
هەم نارنجە و، هەم بێیە، کەمەرە شلێم لەکوێیە
پێی بڵێن بەیاری چاو جوان، مونتەزیرم لەڕێیە
ئەرێ مونتەزیرم لەڕێیە، لەڕێیە.
***
کوڵی دەروونم دامرکێنە، دامرکێنە ئەی هاوار دامرکێنە
بەزەیەکت بێ تاوێ بمدوێنە، تاوێ بمدوێنە
تاوێ بمدوێنە ئەی هاوار تاوێ بمدوێنە
ئەرێ لادە، گیانە لادە، توخوا لادە، وەرە لادە
ئەی لادە لادە لادە، ڕووبەند پەشمینە خوێنت شیرینە
خوێنت شیرینە، ئەی هاوار خوێنت شیرینە
هەم نارنجە و هەم بێیە، کەمەرە شلێم لەکوێیە
پێی بڵێن بەیاری چاو جوان مونتەزیرم لەڕێیە
***
شەرتە تا مردن من ڕەنجبەرت، من ڕەنجبەرت بم
ئەی هاوار، من ڕەنجبەرت بم
لە ڕێی تۆ بمرم، فیدای سەرت بم
فیدای سەرت بم، ئەی هاوار فیدای سەرت بم
ئەرێ لادە، گیانە لادە، توخوا لادە، وەرە لادە

ئەرێ لادە، لادە، لادە، ڕووبەند پەشمینە، خوێنت شیرینە
خوێنت شیرینە ئەی هاوار، خوێنت شیرینە
هەم نارنجە و هەم بێیە، کەمەرە شلێم لە کوێیە
پێی بلێن بەیاری چاو جوان مونتەزیرم لەڕێیە
ئەرێ مونتەزیرم لەڕێیە.



## فریشتەی پەڕیوە

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: تورکی

سەرنجم گەر دەبڕمە بەژن و باڵات
کچی جوان بۆچی ڕووگرژی، چ قەیدی؟
منم ئەو شاعیرە جوانی پەرستە
کە چاوی من جگە لەجوانی نەیدی

***

بەمنداڵی کە پەروەردەی چیا بووم
کەوم دی پۆڕ و سوێسکە و ئاسکم دی
بەلاوچاکی لەشاری کوردەواری
کچم دی، نازەنین و ناسکم دی

***

بەڕۆژی سارد و ساو، دیومە بەزستان
تروسکەی بەفری بەرتیشکی هەتاوێ
شەوی هاوین لەناو ئەستێرەکاندا
گەلاوێژم دەدی پرشەنگی داوێ

***

لەسەر دوندی چیای سەربەرزی هەڵگورد
ڕەوەی هەورم لەژێر پێمدا بەدی کرد
تەماشای دیمەنی سەوزی وڵاتم
منی سەرسام و شاگەشکە و خەنی کرد

## یادگاری شیرین

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: لەتورکی وەرگیراوە

چاوەکەم چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە
گیانەکەم برژانگی تیژت نووکە ڕمبی دوژمنە
شیری دەستی شێری ئالآیە برۆ ڕاکشاوەکەت
جەرگی لاوێکی هەژاری کوردی ورد پێ بنجنە

***

دیدەیی بەخوماری تۆ، تورکانە بەدمەستی دەکا
بۆیە مەیلی وا بەکێشە و فیتنە و خوێن ڕشتنە
بەژنەکەت سێدارەیە، کەزیەت تەنافە، زووبە دەی
بیخە ئەستۆی من کە کوردم، کورد بەشی خنکاندنە

***

زامی جەرگی من بەفەرموودەی گراوی سواری کورد
مەلهەمی هەر ژەنگی گوارە و ئارەقی بەرگەردنە
ئارەزوومە هیچ نەبێ جارێکی ماچ کەم زاری تۆ
ئارەزووی من چووکە، ئەمما تا بفەرمووی شیرنە



## گوڵی ژاکاو

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: ناوچەی کرماشان

گوڵێ بووم لەباغی ژینا، گوڵی ئاوات و غەم بووم
گوڵی ناکامی سەرگۆڕی ژیانی بێ سەمەر بووم
گوڵی ژاکاوی دەردەداران بووم
لەسەر لووتکەی ژینی بێ باران بووم
وەرە ئەی مایەی ژینم
وەرە هەست و ئەوینم
توخوا پێم بڵێن بۆچی وا لە دونیا هەر مەینەتم دی؟
بۆچی ساتێکی نەسرەوت و، نەئارامی و نەشادیم دی؟
وەرە تۆش ئەی بولبولی غەمگین دەردی دڵت بەیان کە
پڕ بەگەرووت بچریکێنە، غەمی دەروون ڕەهاکە

***

دەمێکی دەردی خۆم دەڵێم، دەمێ دەردی هەژاران
دەکەم ئاوپرژێنی دڵی سووتاوی چووم بەتالآن
لەسەر بستووی ژین بەتەنیا ماوم-بەداوی عەشقێ گیرۆدە ماوم
وەرە ئەی هێز و تینم
سارێژ بکە برینم
وەک ئەستێرێکی بێ نوورم لە ئاسمانی ژیانمدا
ترووسکەی لێ بەدی ناکرێ مەگەر شەوقی بێ هانم دا
بدات هێز بەشاباڵانم، بۆ تەشقی ئاسمان بفڕم
ئاواتی خۆم وەدەست بێنم، ئەوسا دەمرم بابمرم
شەمی سەرگۆڕی ئاواتی هەموو دەردەدارێکم
لەشەوە زەنگی پڕ ماتەم تەنیا خۆم ڕێبوارێکم
لە چۆڵی ژینا بەسەرسام ماوم
بەتاسەی هیوام مات و مەنگ ماوم

وەرە ئاواتی ژینم
وەرە هەست و ئەوینم
تروسکەی پرشەنگی ئاوات لەشەوگاری ژیانمدا
ئەدا لە ڕێگەی ژیانی، پڕ لە تاسە و ناکامیمدا
وەرە تۆش ئەی دڵدارەکەم، هاندەری ژیانم بە
بۆ کەند و کۆسپی ئەم ڕێیە، هاودەم و هاوڕازم بە



## باغەوان

شیعر: شەریف
ئاهەنگ: بادینی

باخەوان کز و تەنیا
لەسەر ئاوی کانیا
جارێ سەری دادەخا
سەرنجی کانی دەدا
*
ئاوێنەی ڕووناکی ئاو
وێنەی دێنێتە بەرچاو
بیری پیری و زەردی غەم
پڕ چین و خەتی ماتەم
*
وێنێکی پەژارە دیو
وێنەی گوڵی هەڵوەریو
فرمێسکی ژینی تاڵی
دێنێتەوە خەیاڵی
*
کەم کەم فرمێسکی دەتکێ
تا وێنەی کانی دەشکێ
لە چۆلی باخا جارجار
گەڵای زەردی دێتە خوار
*
باخەوان سەر دادەخا
سەرنجی کانی بدا
ئاوی کانیاو شێواوە
وێنەی تێدا نەماوە

## مەقام – لاوک

شیعر و ئاهەنگ: کاوێس ئاغا

دەلێ لێ وەرە لێ ........... وەرە لێ لێ نەمایم
ئەزی قایش پشت کەم کورِ مامێ خۆ لە خەوەکا شیرین ڕاکەم،
قایش پشتاکەم کورِمامێ خۆ لە خەوەکا شیرین ڕاکەم، ئەزی ڕاکەم
چەکمەکا بەعام دەپاکەم شلوارێکی ژ دەلنگی لینگا کەم
عەبایەکی دەندەلی دەملاکەم، خەنجەرەکا سالح بەگێ دەبەڕاکەم
جوانەکا دلّی نازی شونی شامێ نەمایم بینم سەرداکەم
ئەزی گەنج خەلیل کورِمامێ خۆ بەمە جوان باژاری مەیدانی شامێ
شانێ ڕاکرم ڕۆژەکا میرپاخلیمن عوسمانی یا ، ب ڕۆژی دل
نادەم، کورِمامێ خۆ لە چ دەوارا سوارکەم
ئەزێ بینم خۆ کەمە ماهینەکا ، سەکلاوی بینم خۆ لەبن
گەنج خەلیل کورِمامێ خۆ کەم سەرێ بابۆ براکۆ، دەروجیران و
گوندی خۆ، ئەزێ بینم خۆ خولای سەرێ کورِمامێ خۆکەم،
نەمایی، نەمایی، نەمایی..............................
دێ پاش گەنج خەلیل کورِمامێ خۆ ئەز نەمینم لە دونیایە
دەلێ لێ، وەرە لێ لێ، وەرە لێ لێ
وەزێ ڕابم نڤینەکێ بۆ کورِمامێ خۆ دروست بکەم، نڤینەکێ بۆ
کورِ مامێ خۆ دروست بکەم، کارێ نڤینێ چێ بکەم ژ مەرجانێ
ڕکێبا بۆ بێنم لەشارێ ئەرزینگانێ، قایشا وە نۆبەرا بۆ بینم لە
قایشا هەمەدانێ، ڕەمەکا ڕۆتیی بۆ چێ بکەم ژ دارێ
حەیزەرانی، سەرفینەکێ بۆ دروست بکەم ژ پەرتووکێ
پەرێ نعامێ
ئەزی کیفگا و لیفکان لێ بدەم شەوکەتی گولیکا ، چاردەی
نیسانی، گەنج خەلیل کورِمامی خۆ، دلونەمایە ئەزی بەمە
جوان باژارێ مەیدانا شامێ بەلی خەمێت کورِمامی



من زۆر گەلەکن داخەمێت خۆ پێ برەڤێنێ، دەمدەما
سەری کەتێ پا خەلەمی، زێدە باری
نەمایم نەمایم نەمایم ........
دەلێ لێ ............. وەرە لێ لێ
حەفسەد دەبێ یارەبی خودێ دلێ من گەلەکی وانە
حەفسەد دەبێ یارەبی خودێ دلێ من گەلەکی وانە
گەنج خەلیل کورِمامێ ولاتی غەریب و غوربەتانە ، گەلێکی نەخۆشە ،
وەزی ڕابم نڤینا ژ بۆ ڕایەخەم قەت قەتی بکەفێتە پا لە ئەزی دی ڕابم
کەمەرا ل پشت خۆ بشکینم. وەزدێ بۆ گەنج خەلیل کەمەناله بازنیت
خۆ بشکێنم کەمە وردە بزمارە، بسکیت خۆ ببڕم کەمە سەر ڕەشمانە
ئەوجار بکەم تۆق و تەلەسمانە، گەنج خەلیل بینم سوارکەم لە
کمینەتێکی تالە.
بەلی بابشاری مە عوسمانلی دا بێتە خارێ دا کەس لۆمەی کورِمامێ
من نەکەت، بەلی نەبێژن سوارەکی کوردە چەندی بێ کاروبارە،
نەمایم، نەمایم ..............
ئەزی پاش تۆ گەنج خەلیل کورِمامێ خۆ نەمینم لە دونیایە
دەلێ لێ وەرە لێ لێ .........
گەنج خەلیل مە چاڤی خۆ بلیند کر و بەغەریبی دەگریە ، نەفەسەکا
قەلینێ خوازییە.
حەفسەد ، دەبێ یارەب خودی ڕابم قەلینەکی بۆ کورِمامێ خۆ تێ بکەم،
قەلینیک بنشانی باسکی ستەمبولی، مودینە کارەبانە
بەلێ ئەزی دارێ دار بەلوفینێ بەمە شارێ تەورێزێ شارێ مەفرەقی
قەرەدانێ بینم سەر قەلونا گەنج خەلیل کورِمامی خۆ دانێم.
بەلی بیم کورِمامی من عەبدالێکە کەفتیە سەر دەستووری ڕومیایە
تورکی بورن ئەفەندم قەلوزی تیدا – نەمایەم، نەمایەم، نەمایەم
نەمایم .............. دی پاش گەنج خەلیل کورِمامێ خۆ ئەز نەمینم لە دونیایە.

## یارخەزاڵ

شیعر: مەولەوی
ئاهەنگ: سەیید عەلی ئەسغەر

هەوای سەر سوبحەن گیانەکەم
دڵ تازە خاوەن (٢ جار)

*

خەزالیم شنوی پای کاوەن
دیدەکەم گۆشەی سەراوەن

*

کێ تۆی توراندۆ کەسم گیان
پیشەم ئای ڕەنجەگیانم پیشەم ئای ڕەنجە

*

خەزالیم چاو جوان دەم قەند
گیانەکەم سەر پەنجەت ڕەنجاند

*

قوربان ئەو وەختە گیانە، دیدەکەم منت ئەسیر کرد (٢ جار)
کردەوەی خۆت بوو گیانەکەم، کەی تۆم مەجبور کرد



## نابێ نابێ

شیعر: ؟
ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەر

های لەبیرت مەیۆ، ئەرێ شەوەکەی سەرجۆ
ئەزیەت کردن و کەسم وەی مەکە و لاوەی تۆ ئاخ

*

ئەی نابێ، نابێ، هاوار چاو جوان وا نابێ
بەو دەمودەستە یار پەیدا نابێ ئاخ، ئاخ

*

بینایی دیدەم، ئەرێ تۆ بەسەلامەت
بینینی دیدار، ئەرێ کەوتە قیامەت

# مەقام سێ گا

شیعر: مەولەوی

ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەر

سەدای زیل و بەم، زەنگ دڵ مەکا مات
ماچی زەوارەن بارکردەی بیسات
هەروەک پێشاهەنگ سەر قافڵەی عەجەم
سەحەر لە سەهرای نەجەف ببوون جەم



# غەمگین و دڵ پەشێوم

شیعر: ؟

ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەر

غەمگین و دڵ پەشێوم بڕوانە باری لێوم
حەیرانی خاڵی لێوم، ئۆف، جەرگم سووتا وەک قاوە

*

هەردوو ئەبرۆی خوێن ڕێژت بوون بەجەلادی گیانم
بەفتوای چاوی مەستت ئۆف، قەتڵم واجب کراوە

*

پاییزی سەردی گیان، هەر سەری کردە سەری من
زستانی فیراقت، تێکی دا بازاڕی من

*

بۆ تۆ شێت و شەیدا بووم، بۆ تۆ دیری و ڕیسوا بووم
بۆ تۆ زەنگی زریا بووم،ئاخ بۆچی تۆ ڕوحمت نەماوە

*

لەسەر تاقی دوو ئەبرۆت مەیلی زولفان دەمکێشێ
بۆچ دەمکوژی خۆ قوربان پردی قیامەت نەپساوە

## همایون

شیعر: مەولەوی

ئاهەنگ: سەید عەلی ئەسغەر

سزای جەهەنەم سەقەرم وەردەن
سەختی گۆڕ ئەو شار ماجەرای مەردەن
سوئال و جەواب نەکیر و مونکەر
نیشان دای بەمن مەحبووبی دلبەر
بەقەگۆنای ویم سۆزیەم بەناز
جەغوسەی دەوران تەلخی ڕۆژگار
پرسیاری خێر و شەڕ تەرازو و میزان
بەدیدەی وێم دیم مردن لە جیهان



## مەمکوژە تۆ گەردنی خۆت

شیعر و ئاهەنگ: وەفایی

مەمکوژە تۆ گەردنی خۆت ڕووت لە زولفان دەرخەوە
ئەی ستارەی سوبحی دەم ئیمشۆکە زووتر دەرکەوە

***

تاقەتم چوو ئارەقی گەردن بەزولفان ون مەکە
ئەی سەبای سالـحان ئەتۆ بکەی ئیمشۆ زوو ڕۆژ بێتەوە

***

با بەهەویای پای بۆسیت عومری من کۆتا نەبێت
مەیخە پشت گوێ مەرگی من بێ، زولفەکانت بەردەوە

***

هاتە سەر خەندە کە من سوڵتانی حوسن و دولبەرم
غایەتی سووڕەت نما، ڕۆژی جەماڵی من شەوە

## «خەمبار» مەقام

شیعر: عەلی حەسەنیانی
ئاهەنگ: شاڕوخ

دڵم دیلی خەیاڵی خاوە ئەمشۆ
هەموو دنیا لە من گۆڕاوە ئەوشۆ
لە دوندی عەستەمی بوون و نەبوونا
پەشۆکاوم سەرم سوڕماوە ئەوشۆ
لە هاتیما نەهاتی هاتە تووشم
گوڵی کوێستانی دڵ شەمزاوە ئەوشۆ
پەژارە و خەم وەکو لاولاوێکی ڕەش
لە دەوری گیان و لەش هاڵاوە ئەوشۆ
لەبەرچاوم وەنەوشەی سیسی هیوا
ملی کەچ کرد و ژاکاوە ئەوشۆ
ئەجەل بۆ گرتنی کۆتری ژیانم
خەریکی دان و تەپکە و داوە ئەوشۆ
لەبەختی ڕەش بەداماوی و کڵۆڵی
هەموو دەرکێ لەمن بەستراوە ئەوشۆ
کزم سۆرانی شینم مل بەکوێنم
پەری بەختم لەمن تۆراوە ئەوشۆ
لەمن هاوارە کۆرپەی جوانی شادی
لە گێژاوی خەما خنکاوە ئەوشۆ
بەمستی دێوی زاڵی بێ وەفایی
دەڵێن کۆشکی وەفا ڕووخاوە ئەوشۆ
فریشتەی ژیکەڵەی ئاواتی دوورم
لە زیندانی شەوا داماوە ئەوشۆ
شنە دیلی شەوەی شەوگارە هاوار
نە ئەستێرێ نە شەو با ماوە ئەوشۆ



## وەرە یارم

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: تورکی

وەرە، وەرە یارم، ئەی تازە یارم
وەرە ئەستێرەکەی شەوگاری تارم
وەرە، وەرە ئەی نازەنین نازدارم
وەرە وەرە ئەی گوڵعوزارم
وەرە ئەی گوڵی گوڵزارم
***
وەرە ئەی شاپەڕی باڵی خەیاڵم
وەرە ئەی شەوچرای ڕووناکی ماڵم
وەرە وەرە ئەی نازەنین نازدارم
وەرە وەرە ئەی گوڵعوزارم
وەرە ئەی گوڵی گوڵزارم
***
وەرە ئەی ڕێژنە بارانی بەهاری
وەرە شیعری تەڕی پەروەردگاری
وەرە وەرە ئەی نازەنین نازدارم
وەرە وەرە گوڵعوزارم
وەرە ئەی گوڵی گوڵزارم
***
وەرە ئەی نەو نەمامی باغی ژینم
وەرە ئەی شاگوڵی مێرگی ئەوینم
وەرە وەرە ئەی نازەنین نازدارم
وەرە وەرە ئەی گوڵعوزارم
وەرە ئەی گوڵی گوڵزارم

## بابردەڵە

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: شاڕوخ

لەبەر ئازاری ژینی ناڵەباری
دەناڵێ بولبولی شەیدا بەزاری
بەسۆز و داخەوە دەیگوت فەقیرم
پەڕ و پۆم هەڵوەری بێ وادە پیرم
مەلێکی فێری دارستان و لێڕ بێ
قەفەز پیری دەکا با شووی لە زێڕ بێ
تەلار و سەرسەرا و کۆشک چ دێنێ
کە کۆیلە وەرهەمی تێدا هەڵێنێ
لەگەڵ کازیوە بۆی نەفڕم چلاو چڵ
نەبینم گوڵ، چلۆن ئارام دەبێ دڵ
چ خۆشە عیشق و سەرمەستی، چ خۆشە
چ خۆشە ژین بەسەربەستی، چ خۆشە
چ تاڵە کۆیلەتی و دیلی، چ تاڵە
بەکەم بێ ژینی وا پڕ ئاه و ناڵە
من و کونجی قەفەز هەی داد و بێداد
ئەمن دیلم، قەلیش سەربەست و ئازاد
لەسوێ هێلانەکەم لەت لەت بوو جەرگم
لەتای گوڵ نەمام، نێزیکە مەرگم
دەبێ چەند بەرد لە هێلانەم گرابێ
گوڵی سوورم چلۆن پەرپەر کرابێ
دەبێ چۆن فێرکرابێ باڵ بکا کل
لەبەر پللاری دوژمن بێچووە بلبل
دەسا ئەو ڕاوکەرە کوێربێ لە چاوان
منی خستە قەفەز بێ سووچ و تاوان



چ ئینسافە ئەمن بەو دەنگی خۆشم
ئەسیر و دیل و زیندانی و خەمۆشم
بەڵام ئێستا قەلی ڕووڕەش لە گوڵزار
بەقارە قاڕ دەدا گوێی خەڵکی ئازار
گوتم ئەی بلبلی خەمگینی دڵمەند
مەناڵێنە لەدەس داو و لەدەس بەند
بزانە تۆ ئەوی ئەهلی هونەر بێ
دەبێ یا دەسبەسەر یا دەربەدەر بێ
هونەرمەند و ژیانی خۆش محاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە، ژینی تاڵە
ورینگە خۆشەکەت بۆ تۆ بەڵایە
ئەتۆ خۆش خوێنی حاڵت بۆیە وایە
ئەگەر نەتبا ورینگە و دەنگی وا خۆش
بەرەڵڵا بووی وەکو ئەو ڕووڕەشە تۆش
منیش ئەی بولبولی بەندی وەکو تۆم
وەها دوورم لە هێلانە و گوڵی خۆم
منیش وەک تۆ لەکیسم چوو گوڵی سوور
منیش هێلانەکەم لێ کراوە خاپوور
منیش بابردەڵەی بەرگێژەڵووکەم
دەمێک لەو قوڵکە، تاوێک لەو چڵووکەم
منیش زۆرداری پرزەی لێ بڕیوم
منیش بەدکاری بواری لێ تەنیوم
منیش چونکە بڕێک خاوەن هونەر بووم
هەمیشە ڕەنجەڕۆ بووم، دەربەدەر بووم
ژیانم پڕ لە ڕەنج و دەرد و داخە
ئەوە گیرساومەوە لەو کێو و شاخە

بەشەو ژان و پەژارەم دێنە پاڵێ
بەڕۆژ ئۆقرەم نییە ساتێک لەماڵێ
بەڵام هاودەردی ئازیزم هەتا هەم
وەکوو تۆ دەردی دڵ ناکەم لەدەس خەم
ئەمن پێم خۆش نییە ئاوەدنگی قەل بم
ئەمن پێم خۆش نییە بێزراوی گەل بم



## یار ئەمان

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: قەدیمی

یارئەمان و یارئەمان چاوی ڕەش و لێوی ئاڵ
بۆن خۆش و خوێن شیرین زولفەکانی ......... ئاڵ

**

گوڵاڵەی هیوای ئاسۆی ژیانم
تیشکی هومێدی بەری بەیانم

**

وەکو تارای سوور داپۆشە کۆسار
شەونمی بەیان بتکێ لەڕوخسار

**

بولبول دەناڵێ لەبەر دووری گوڵ
عەشقی بەیان کا بەسۆز و بەکوڵ

# کوڕە کاروانی

شیعر: هەژار
ئاهەنگ: قەدیمی

نەشمیل کچە کورد، ئەی باوەفا یار
چاوکاڵ خوێن شیرین نازک و نازدار
**
پەروەردەی ئاو و هەوای کوردستان
گوڵی سەرچڵ و شەمامەی بێستان
**
جوانیت وێنەبوو لەناو هاوالآن
خەندەت سەد دڵی دەبرد بەتالآن
**
کولمی سوورت بوون بەگەڵای پاییز
ژاکاو و شێواو، لە دووری ئازیز
**
منیش وەکو تۆ هەناسەم سەردە
ژینم هەمیشە، هەمرازی دەردە



# شینم بۆ بگێڕن

شیعر: شەریف
ئاهەنگ: کرمانشاهی

شینم بۆ بگێڕن شیوەنم خەیلی
ئەمان شیوەنم خەیلی
شل شل بپێچن بەزولفی لەیلی
ئەمان بەزولفی لەیلی
بنووسن وەبان سەنگی مەزارم
شەهیدی عیشقم مەدەن ئازارم
**
لەنێو ماڵێکی سەرد و دڵ تەنگا
ئەمان سەرد و دڵ تەنگا
لەوێرانێکی، چۆل و بێدەنگا
ئەمان چۆل و بێدەنگا
خەوتووە خەمێن کچێکی هەتیو
هەتیوی خۆشی لەدونیا نەدیو
**
بەڵام خەوی چی، هەتاکو بەیان
وتوویژ دەکا لەگەڵ ئەستێران
لەوان دەپرسی، دایکی وا لەکوێ
بۆچی بەتەنیا، هێشتوویەتە جێ
**
ئەی مانگی جوان، ئەی ئەستێرەکان
ئێوە دەبینن لەنێو ئاسمان
باخی بەهەشتی خودا، لە کوێدا
ئەڵێن دایکی من وا لە ئەوێدا

## مەقام ئەڵڵاوەیسی

شیعر: عەباس کەمەندی

پێم دەڵێن فەرمووتە شێتم ئەی بەقوربان ئەو دەمە
باسی شێتیم تا قیامەت گەر بکەی هێشتا کەمە

**

نەک ئەتۆ عالەم بزانی شێت و سەرگەردانی تۆم
شێتە گیان عاشق چ ترسێکی لە لۆمەی عالەمە

**

یان ئەوە بیستوومە هەر حاشا لە ناسینم دەکەی
ئەو کەلامە دڵتەزێنە ئەوپەڕی دەرد و غەمە
وا مەفەرموو شێتە گیانم کەس نییە ئاگا نەبێ
قابیزی ڕوحی پەپوولە، نوری لەرزانی شەمە



## ڕیحانم دێراوە

شیعر: شاڕوخ
ئاهەنگ: فۆلکلۆر

ڕیحانم دێراو، دێراوە
شەتڵی دەستی هەی شۆڕەلاوە
بەقاچاغی ئاوم داوە

**

کەس نازانێ هەی دەردم چییە
گریان و ڕۆڕۆم لە چییە
لێو ئاڵ زیزە و هەی کەیفی نییە
وەک بارانی هەی بەهارانم
وەک هەوری پڕ لە گریانم
دەبارێنم هەی بۆ یارانم

**

شەو لەکاتی نیوەشەودا
لە خرپە و شیرینی خەودا
دێتە خەونم، ئەو گەردەن زەردە

## یادم بکەن

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: تورکی

لەو دەمەیدا پیالّە دەدرێن لە پیالّە
لەو دەمەیدا، لێوتان بەبادە ئالّە
یادم بکەن یادی منی دوور وڵات
یادی منی ڕێبواری، ڕێگای خەبات
یادی منی بێ بەش لە خۆشی و شادی
یادی منی سەوداسەری ئازادی

**

لەو دەمەیدا کۆڕی شادی دەبەستن
لەو دەمەیدا سەرخۆش و مەستی مەستن
لەو دەمەیدا گەڕی ڕەشبەڵەک گەرمە
لەو دەمەیدا دەکوشن کام پەنجە نەرمە

**

لەو دەمەیدا گوێ هەڵدەخەن بۆ تارێ
لەو دەمەیدا «ماملێ» دەڵێ قەتارێ



## کچی جوان

شیعر: هێمن
ئاهەنگ: تورکی

سەرنجم گەر دەبڕمە بەژن و باڵات
کچی جوان بۆچی ڕووگرژی چ قەیدی

*

منم ئەو شاعیرە جوانی پەرستە
کە چاوی من جگە لە جوانی نەیدی

*

بەمنداڵی کە پەروەردەی چیا بووم
کەوم دی، پۆڕ و سوێسکە و ئاسکم دی
بەلاوچاکی لەشاری کوردەواری
کچم دی، نازەنین و ناسکم دی

*

بەڕۆژی سارد و ساو دیومە بەزستان
ترووسکەی بەفری بەرتیشکی هەتاوێ
شەوی هاوین لەناو ئەستێرەکاندا
گەلاوێژم دەدی پرشنگی داوێ

*

لەسەر دوندی چیای سەربەرزی هەڵگورد
ڕەوەی هەورم لەژێر پێمدا بەدی کرد
تەماشای دیمەنی سەوزی وڵاتم
منی سەرسام و شاگەشکە و خەنی کرد

# نۆتەی هەندێ لە گۆرانییەکان

## جا چۆن دەکرێ لە بیرت کەم

وتنی: عەزیز شاڕوخ

ئاواز: فۆلکلۆر

Alleqvo




## بارانە

وتنی: عەزیز شاڕوخ

Moderato







## باغەوان

وتنی: عەزیز شاڕوخ

Moderato




## هەی لە شورەمان

وتنی: عەزیز شاڕوخ

ئاواز: فۆلکلۆر

Moderato



## شەوانە ئەو شەوانەی شەو

وتنی: عەزیز شاڕوخ

Moderato




## هێدی هێدی

وتنی: عەزیز شاڕوخ

ئاواز: فۆلكلۆر

Moderato







## دەمەكەت بێنە

وتنی: عەزیز شاڕوخ

Moderato



# ئەلبومی وێنەکان




عەزیز شاڕۆخ و کوبرا غەوسیە خانمی خێزانی
ساڵی ١٩٦٦ – مەهاباد







محەمەد شاڕوخ برای عەزیز شاڕوخ



وەستاوەکان: ڕەزازی و بیهروزی کوردە ئەحمەدی
دانیشتووەکان: عەزیز شاڕوخ و جەلالی مەلەکشا




فەتاح باریکی



عەزیز شاڕوخ لە تۆمارگای شاهرۆخ مەهاباد





عەزیز شاڕوخی لەسەر مەزاری
سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی




عەزیز شاڕوخی – ئاوایی شینوێ سەردەشت






عەزیز شاڕوخ و محەمەدی ماملێ




محەمەدی ماملێ و عەزیز شاڕوخ


محەمەدی ماملێ و عەزیز شاڕوخ




له ڕاستەوە: محەمەدی ماملێ، حوسێنی شەریف پەناهی (ملوانکەی شین)
عەزیز شاڕوخ، کام بەخش شاتری




یادی هێمنی شاعیر – مەهاباد







عەزیز شاڕوخ



عەزیز شاڕوخ و عەبدولڕەحمان بێلاف



عەزیز شاڕوخ و عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی



کرمانج عەبدوڵڵا و عەزیز شاڕوخ و عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی






عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی و سادق هەریری و عەزیز شاڕوخ



عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی و عەزیز شاڕوخ و مامۆستا هێدی شاعیر




عەزیز شارۆخ و تەنیا عارەب عوسمان



عەزیز شارۆخ و لەگەڵ منداڵەکانی
عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی (بروسک و
داستان)





عەزیز شارۆخ لە کۆنسێرتی ئەڵمانیا



عەزیز شارۆخ – لەندەن



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: سادقی تەعریف دەڤژەن، خانمێک و پیاوێک میواندارن
نەناسراون) شاڕوخ و بەهرامی سەعید تارژەن



عەزیز شاڕوخ لە کۆنسێرتی سوید





عەزیز شاڕوخ – سوید



سەعیدی فەرەج پوری و عەزیز شاڕوخ – ئەڵمانیا

## پێرست


پێشەکی ..... 5
سەرقەڵەمێک لەمەڕ یادەوەرییەکانم ..... 13
(شاروخ)ی هونەرمەند و چەند پەیڤێک بۆ مێژوو، زمان، ستران، ئاواز و دەنگ ..... 17
چەند وشەیێک بۆ هونەری عەزیز شاروخ ..... 22
سەربوردەم ..... 23
وەسیەت ..... 37
سوبح پێ ناکەنێ ..... 38
چارۆکێ ..... 39
سەوزە هەی لیمۆ ..... 40
ئاگر بارانە ..... 42
مەقام ..... 43
کەویار ..... 44
مەقامی ئەڵڵاوەیسی ..... 45
گوڵ نیشان ..... 46
وەنەوشە ..... 48
ساقی دەروێشان ..... 49
ڕازی تەنیایی ..... 50
من بڕۆی پەیوەستی ..... 51
هەی ناهومێدی ..... 52
هەتا مەیلت بمێنێ ..... 53
کۆمەڵە شاخ ..... 55
دەمەکەت بێنە ..... 56
سروەی بەیانی گوڵزار ..... 57
ئازیز دڵەکەم ..... 58
وەرە قوربان ..... 59
ئەی مانگ ..... 61
شەوەزەنگ ..... 63
پاییزی جاران ..... 65
سڵاو ..... 66
بەجۆش و بەستە ..... 68
دەتپەرستم ..... 69
تکا ..... 70





کچۆڵەی بەناز ..... 71
مەرگ هەرگیز ڕەگی داربەڕوو ماچ ناکا ..... 72
پەری بەهەشتی ..... 73
پیرەهەڵۆ ..... 75
بەهاری کوردەواری ..... 76
خۆرنشینی ئاسۆی بەهار ..... 78
بەهاری ڕوو زەرد ..... 79
نازدار ..... 80
کاڤوکێ ..... 81
زاڵم ..... 82
یادی بەزمەکەی جاران ..... 84
نا نەخێر هەرگیز ..... 85
هەڵۆ هەر بەرزە ..... 86
لەسەر بستووی ژیان ..... 90
مەقامی هومایون ..... 91
کەتان کەتانە ..... 92
مەقامی بەیاتی تورک ..... 93
تەرمی کۆرپەی گیان ..... 94
شەماڵ ..... 95
تۆ و دڵ ..... 96
گۆزەی تازە ..... 97
چەندم تەمەنناکرد ..... 98
تۆ دەریامی ..... 99
پەپوولە ..... 100
کەوی گەردن بەخاڵ ..... 101
چاوەڕوانی لەیلام ..... 102
مەقام ..... 103
فاتە ..... 104
قیبلەم، گیانەکەم ..... 105
ساقی بەهارە ..... 106
پاییزی دڵتەنگ ..... 107
هەرچەند ئەڕوانم لە ئاسۆگی ژین ..... 108
ئاسمانی شین ..... 110
ئارەزووی بینینی تۆم کرد بەدڵ ..... 112

ئەڵڵاوەیسی ..... 113
خۆشەویستم ..... 114
دەردی هیجران ..... 116
موخالیفی سێ گا ..... 117
دەگەڵ تۆدا کەسێکی دەم دەمانە ..... 118
لەرزانە ..... 119
لە شۆڕ ئامانێ ..... 120
همایون ..... 121
دارێنە ..... 122
ئەژدەهاک ..... 126
شەو و شەیتان ..... 128
ترۆپکی ڕزگاری ..... 131
ناڵەی جودایی ..... 133
دوا شیعری «ناڵەی جودایی» ..... 136
خاسەکەو ..... 142
خۆزیا میوانی یار باما ..... 144
گەلێکم پشکنی دونیا ..... 145
مەقام بەشێوەی بادینانی ..... 146
زەمانە ..... 147
بەیانی بەهار ..... 148
مەقام ..... 149
ناڵە ناڵێک ..... 150
هاکا ئەم چەرخە ..... 151
ڕێبەندان ..... 152
ڕۆژی خۆشی ..... 153
بابرۆینە سەیران ..... 154
گوڵاڵەی بۆن خۆش ..... 155
ئاواز ..... 156
ئاواز ..... 157
ئاهەنگی گوڵی لاولاو ..... 158
های لە بەیاندا ..... 159
بارانە ..... 160
هێلانەی بەتاڵ ..... 161
شیرین ..... 162



«ئاواز» شوشتەری ..... 164
ڕەنجی هەژاری ..... 165
بیری خەرابات ..... 166
وەرە ساقی ..... 167
بۆسەی ڕۆژگار ..... 168
وەرە ئەسمەرم ..... 169
دەروێش عەبدوڵڵا ..... 170
فەوزیە ..... 171
گریانی نیوەشەو ..... 173
ئەگەر سزایە هەر بەسە ..... 174
مامە شوانی دەربەدەر ..... 175
موژدە یاران ..... 177
مەقام ..... 178
وەرە ئەی باوانم ..... 179
قەتار ..... 180
غەمزە و ئیما مەفەرموو ..... 181
ئەستێرە بەرزەکان ..... 182
از دست عشق ..... 183
هەی نایە نایە ..... 185
سووک بن دەی دەی ..... 186
هێدی هێدی ..... 187
شنەی بەربەیان ..... 189
سازی ئاوارە ..... 190
لەبیرت کەم ..... 191
مەقامی پاییزە ..... 192
گوڵی ژاکاو ..... 193
مەقام ..... 194
ئەی گوڵم ..... 195
ئەی بولبولی غەمگین ..... 196
موژدە لە گەڵی یاران ..... 197
تابلۆی ژیان ..... 198
دەڕۆم دەچمە سەفەرێ ..... 199
ئاخ و داخ ..... 200
بێریوان ..... 201

نەخۆش و بیمارم ........ 202
شەودرەنگە ........ 203
پەپوولەی خەیاڵ ........ 204
جان بی جمال جانان ........ 205
قلندرانە ........ 206
گۆشەی نادیاری ........ 207
گلێنەی شاعیر ........ 208
سەبر ........ 209
لادە لادە ........ 210
فریشتەی پەڕیوە ........ 212
یادگاری شیرین ........ 213
گوڵی ژاکاو ........ 214
باغەوان ........ 216
مەقام – لاوک ........ 217
یارخەزاڵ ........ 219
نابێ نابێ ........ 220
مەقام سێ گا ........ 221
غەمگین و دڵ پەشێوم ........ 222
همایون ........ 223
مەمکوژە تۆ گەردنی خۆت ........ 224
خەمبار مەقام ........ 225
وەرە یارم ........ 226
بابردەڵە ........ 227
یار ئەمان ........ 230
کوڕە کاروانی ........ 231
شینم بۆ بگێڕن ........ 232
مەقام ئەڵڵاوەیسی ........ 233
ڕیحانم دێراوە ........ 234
یادم بکەن ........ 235
کچی جوان ........ 236